## پێشەکی وەرگێڕ

وەرگێڕانی لە فارسییەوە/ ڕەووف بێگەرد

لە دێر زەمانەوە، هەر کاتێك سیمای گەردون لە دیدی مرۆڤەوە پێویستی بە ئارایشت کردبێتو وایشدەرکەوتبێت کە چیدی ناتوانرێ ڕێگە چارەسەری دی بۆ کارەکان بدۆزرێتەوە، ئیدی نەوەی ئادەم یان ڕێگای شەڕ یان ڕاپەڕینیان گرتۆتەبەر، ڕەنگە هەرلەبەر ئەمەش بێت بتوانین جەنگو شۆڕش لەرووبەڕووبوونەوەی مەسەلە واقیعییەکانی دونیا کە لەگەڵ دەسپێکی مێژووی مرۆڤدا سەریانهەڵداوە، بەئەزمونە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دابنێین، ئەمەش نەك بەتەنها لە هەمو سەردەمێکدا بەسەرهاتەکانی ئەوی سەلماندوە، بەڵکو چارەنوسیشی دیاری کردوە، هەر کاتێك مرۆڤ لە ژیانو توانا داهێنەرانەکەی نائۆمید بوبێت، پەنای بۆ مەرگ بردوە، یان ویستویەتی بەخۆبەخت کردن هەناسەیەکی تازە لە ڕاستیو دادپەروەری بکات بە پەیکەری دنیای خۆیداو بمرێت بۆ



ئەوەی ئەوانی دی بژین، یان گیانی دوژمن بکێشێتو لەناویبەرێت تا خۆی بەزیندوێتی بمێنێتەوە. بەمجۆرە ئەو سۆزدۆستیو ژیاندۆستیەی لەسەر لۆژیکی دوژمنایەتیو مەرگ بنیات نراوەو ئەو بڕوا ڕەهایەی بە پەیوەندی نێوان هاورەگەزەکان کە دەبێ دڵڕەنجاندن بە دڵنەواییو مۆتەکەی تەنیایی بەخۆشیو هاویاریی بگۆڕێت، پەنای بۆ توندوتیژی بردوە، بۆ ئەوەی بەڵکو لەو ڕێگایەوە خەڵکی بەیەکتری، ڕۆیشتوەکان بە بەجێماوەکان، زیندوەکان بەنەهاتوەکان ببەستنەوەو بەسیحری توندوتیژیگەراش لە ڕق برایەتیو لە توڕەبوون خۆشەویستی بچێنن.

هەموو جەنگو شۆڕشێك لۆژیکی تایبەتی خۆی هەبوەو دەرئەنجامی بەریەککەوتنی ئەو هێزانە بوە کە لە ناوەوەو دەرەوەدا لەگەڵ یەکتریدا کارلێکیان هەبوە، لەبەر ئەوەی باری دنیا بەردەوام لە گۆڕاندایە، بۆیە بەدەگمەن دەتوانرێ شتێك بدۆزرێتەوە کە تاکوو ئێستا هۆکاری ململانێو شۆڕشی لە دواوە نەبێت، مەحاڵە بارودۆخێك بدۆزرێتەوە تیایدا هێزە ململانێکارەکان، چ لە رووی چەندایەتی، چ لە رووی چۆنایەتیو پێکهاتەی هێزەوە بەتەواوەتی لە بارودۆخێکی تر بچێت. هۆی شەڕو ڕاپەڕین لەلایەکەوە بەهەلومەرجی کاتو شوێنەوە بەستراوەتەوە، لەلایەکی ترەوە دەربەستە بەو چەمكو بیروباوەرانەوە کە لە هەر سەردەمێکدا دەست بەسەر زەیندا دەگرنو کاریگەری لەسەر پێشهاتو دەسکەوتی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمەو هەڵوێستیان لە ئاست ئەو بارودۆخە هەنوکەییەو

ئایندە دادەنێت. تەنانەت زۆرجار وارێکەوتوە، ئەو کارەی دوێنێ مەرجی ئاشتیو ئاسایش بو، ئەمرۆ بوە بەمەرجی ئاژاوەو پشێوی، ئەوەی لە رابووردوودا داکۆکی لە نەهێشتنی شەڕو دووبەرەکی دەکردو خەڵکی بەمەبەستی بەدەستهێنانی تا بەردەمی سیدارە دەرۆیشتن، ئێستا بوە بەمایەی پشێویو نائارامیو مرۆڤ هەوڵی لەناوبردنی دەدا. ئەم کارە، لەلایەکەوە، وەك پێشتر ئاماژەی پێکراوە، لە هەمو ئانو زەمانێکدا دەرئەنجامی لۆژێکێکی تایبەتە کە دەستی بەسەر کاروباری ناوەوەو دەرەوەی مرۆڤدا گرتوە، لەلایەکی ترەوە، دەرئەنجامی رووداوگەلێکی پێشبینی نەکراوە. بەهەر حاڵ، توندوتیژی لە هەموو شەڕو راپەرینەکاندا بوونی هەبوەو تا ئێستاش چارەیەك بۆ نەهێشتنی نەدۆزراوەتەوە، سەرباری ئەوەی جەنگو راپەرین بە دەرئەنجامی دژایەتی یان ناکۆکی ناوەوەی هەر سەردەمێك بزانین، یان زاڵبونی زەرورەتی مێژوو بەسەر کارو بیرکردنەوەدا وێنابکەین، یان بەپێچەوانەوە، رووداوەکان بەشانسو رێکەوت ببەستینەوە، نەك هەر رێکەوت، بەڵکوو تەگبیریش لە کاروباری مرۆڤدا بەبێ کاریگەر دابنێین، بەڵام هەر دەبێ باوەر بەوە بهێنین کە شەڕو ئاژاوە بەشێکی دانەبڕاوی چارەنوسی مرۆڤەو ئاژاوەگێری بەرەو توندوتیژگەرایی سەردەکێشێت.

کەواتە توندوتیژی لەلایەکەوە خاڵی هاوبەشی جەنگو شۆڕشە، بێئەوەی جیاوازی ئەوە بکات کە ئەو دوو لایەنە کامیان





لەسەر هەقن، بێ لایەنانە دەڕوانێتە ئەو بارەی ئۆپۆزسیۆنی تیایە. لەلایەکی ترەوە دیدی "واقیعبین"ەکان لەگەڵ بیری ئایدۆلۆژستە جۆراوجۆرەکان پێکەوە موتوربە دەکات. لەوانەیە کەسێك دیدوبۆچونی بەتەواوەتی لەگەڵ "باری واقیع"دا تەبا بێتو ئاشکرا کردنی حەقیقەت بەکاری بێسوود بزانێت، یان کارو کردەوەکان لە خودی خۆیاندا بەرووداوو شتگەلێکی بێمانا بزانێتو لەو بڕوایەدا بێت کە پێویستە بەیارمەتی چەمكو لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژییەکاندا رەوەندی حەقیقەتو یاسا زاڵەکانی بدۆزێتەوەو لەکارو بیرکردنەوەکانیدا رێنمایی بکات. بەهەر حاڵ پێویستە توندوتیژیو توندوتیژیگەرا لە جیهاندا وەك دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگر تەماشا بکرێتو لە هۆکارو گەوهەرو ئاسەوارەکانی بەسەر مرۆڤەوە لێی بڕوانرێت.

ئەم کتێبەی ئێستا لەبەردەستی خوێنەرانە بەهەمان ئاراستە نوسراوە. نووسەرەکەی خاتوو هانا ئارێنت، خەڵکی ئەڵمانیایەو ساڵی ١٩٠٦ لە شاری هانۆڤەر لە دایك بوە، دوای خوێندنی سەرەتایی لە زانکۆی ماربۆرگو فرایبۆرگ، فەلسەفەی خوێندوە. لە گەورە فەیلەسوفانی رۆژئاوای وەك مارتن هایدگەر، ئیدمۆند هۆسرەلو کارڵ یاسپیرس بەهرەمەند بوە. سەرئەنجام لە زانکۆی هایدڵبورگ دوکتۆرای لە فەلسەفە وەرگرتوە. دوای ئەوەی ساڵی ١٩٤٠ خاتوو ئارێنت بۆ ئەمەریکا کۆچی کردوە، لە زانکۆ بەناوبانگەکانی وەك پرینستنو کالیفۆرنیاو کۆلۆمبیاو شیکاگۆ وانەی وتۆتەوەو درێژەی

بە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانی داوە. زۆربەی بەرهەمەکانی لەبواری فەلسەفەی سیاسیدایە، لەگەڵ ئاوڕدانەوە لەنەریتی فەلسەفەی خۆرئاواو چەمکە تازەکانو کاریگەریو گۆڕانکارییە فیکریو کۆمەڵایەتییەکان، لێکۆڵینەوەی لەو مەسەلانە کردوە کە مرۆڤی ئەم سەدەیە لە بواری بیرکردنەوەو کاری سیاسیدا رووبەروویان دەبێتەوە. دوا بەرهەمی ئارێنت وتارێکی تێروتەسەلە لە بارەی شیکاری فەلسەفەی زەیندا. ناوەرۆکی ئەم بەرهەمە لەسەر داوای زانکۆی ئەبەردین لە ئەسکۆتلاندو بەیارمەتی دەزگای ئادام گیفۆرد، بەشێوەی دوو زنجیرە وتاربێژی لە بەهاری ١٩٧٣و بەهاری ١٩٧٤ لەلایەن ئەم خانمەوە وتراوەتەوە. بانگهێشتی ئارێنت بۆ خوێندنەوەی ئەم وتاربێژییە شانازییەکی ئاوارتە بوو، تەنها ئەوەندە بەسە ناوی چەند بیرمەندو فەیلەسووفێك بهێنین کە سالانی پێشتر هەمان بانگهێشت کراون بۆ ئەوەی گرنگی ئەو بانگهێشتە بزانرێ، لەوانە ویلیام جێمز، هێنری بێرگسۆن، ئەڵفرید نۆرس وایتهێد، جۆن دیوای، گابرێل مارسێڵو ئەتین جیلسۆن. بەشی یەکەمی وتارەکەی خاتوو ئارێنت لە دوای مردنی لە بەرگێکدا بەناوی "میر"و بەشی دوەمی لە کتێبێکدا بەناوی "ئیرادە" بڵاوبوەوە. هەر دوو بەرهەمەکە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵو روانینێکی نایابی فەلسەفیانەی نوسەر دەخاتەروو. بڕیار بوو سێیەمین زنجیرەی ئەو وتارانە ساڵی ١٩٧٦ لەژێر ناوی "داوەری" ئامادە بکرێتو پاشان لە بەرگێکی تردا بڵاوبکرێتەوە، بەڵام مەرگ





بواری پێنەداو لە ٤/ دیسەمبەری/ ١٩٧٥، لە شەوێکدا کە کۆمەڵێك هاورێ لە ماڵی خاتوو ئارێنت لە نیویۆرك کۆببونەوە، بەنەخۆشی دڵ ماڵئاوایی کرد.

لەبەرئەوەی دەڵێن باشترین پیاهەڵدان، پیاهەڵدانی هەڵکەوتوەکانە، بۆیە چاکتروایە باسێکی گەورەترین فەیلەسوفی ئەم سەدەیە "کارل یاسپریس" کە لە "ژیاننامەی فەلسەفی" خۆیدا لەبارەی خاتوو ئارێنت نوسیوێتی، بڵاوبکەینەوە، بۆ ئەوەی خوێنەرانی لێ ئاگادار بکەینەوەو زیاتر لە پێگەی مرۆڤایەتی ئەو خانمە تێبگەین. پێش ئەوەی وتەکەی یاسپرێس بگوێزینەوە، دەبێت ئاگامان لەوە بێت کە ئەم باسە بۆ ساڵی ١٩٤٥ دەگەرێتەوە، واتە یەکسەر لە رۆژانی یەکەمی دوای شکست خواردنی ئەڵمانیای هیتلەری، کاتێك سوپای ئەمەریکا دوای داگیرکردنی هایدڵبورگ مۆڵەتی بە یاسپریسو مامۆستا کۆنو دیارەکانی زانکۆی ئەو شارەدا، ئەوانەی نازییەکان وانەوتنەوەو نوسینی لێ قەدەغە کردبوون، دووبارە بەئازادی کارو چالاکییەکانیان دەست پێبکەنەوە. ئەمەش نووسینەکەی کارڵ یاسپریسە لەسەر خاتوو ئارێنت:

> لەرووبەرووبوونەوەی ئەم مەسەلە تازانەدا، هانا ئارێنت بلۆشەر، بەتێپەربوونی دەیان ساڵ هێشتا خۆشەویستییە دێرینەکەی گەرموگوڕ بو، هاوکارییەکی زۆری پێشکەش بە منو هاوسەرەکەم کرد. تەباییە فەلسەفیو مرۆڤایەتییەکەی یەکێکە لە جوانترین ئەزمونی ئەو ساڵانە. ئەوی نەوەی

گەنج پەیوەندی بەئێمەی پیرەوە هەبوو، هەر چییەکی ئەزمون کردبوو یان فێری ببوو بەدیاری بۆ ئێمەی دەهێنا. ئارێنت ساڵی ١٩٣٣ لە ئەڵمانیا کۆچی کردوەو دنیا گەرابوو، کەچی سەرباری دژوارییە بێکۆتاییەکان هێشتا دڵێکی زیندووی هەبوو. ئەو ترسە بنەرەتییەی سێبەری کردبوو بەسەر بوونێکی دابراو لە زێدو بێبەش لە هەموو مافێك‌و مەحکوم بە بارێکی نامرۆڤانە، زۆر باش ئاوارەیی دەناسی. تێکۆشابوو پێگەیەك بۆ خۆی پەیدا بکات‌و هەمیشەش ئەو پێگەیەی هەبوو، بەڵام بێجگە لەو خۆشەویستییە دێرینەو ئەو ئەرکەی بەردەوام لە ئەستۆی گرتبوو، هیچ مەسەلەیەکی تر بەوجۆرە شەیدایان نەکردبوو کە بەبێ سێ‌و دوو کردن‌و بەشێوەیەکی رەها لەلای پەسەند بێت. لەبەر ئەوەی دەرونێکی سەربەخۆی هەبوو، بۆیە هەموو دنیای بە نیشتمانی خۆی دەزانی، لەبەر ئەوەی ئیمانێکی بەهێزی بێهاوتای بەیاسای بنەرەتی ئەمەریکا هەبوو (ئەو ئەسڵە سیاسییەی بە بەراورد لەگەڵ ئەسڵەکانی تر هێشتا باڵاتر ماوەتەوە)، هاونیشتمانێتی ئەو وڵاتەی قبوڵ کردبوو. من لە رابووردوودا هەرگیز نەمتوانیبوو بەو بەرچاو روونییەی کە ئەو فێری کردبووم، لەم دنیایە بروانم کە گەورەترین تێکۆشان تێیدا بۆ بەدەست هێنانی ئازادی سیاسی بو، هەروەها نەمتوانیبوو بەو روونیەش بناغەی دەزگا تاکرەوەکانیش





ببینم. ئەگەر هەندێك جار گومانێکی کەمم کردبێت تەنیا لەبەر ئەوە بوە کە هێشتا وتەزای فیکری‌و شێوەی لێکۆڵینەوەو دیدی ماکس فیبەری بۆ خۆی هەڵنەبژارد بوو. ئارێنت لە ساڵی ١٩٤٨ بەدواوە زۆرجار سەردانی دەکردین، هەم بۆ ئەو باسە قووڵانەی هەمان بوو، هەم بۆ دڵنیابوون لەو هاورایی‌و هاودڵییەی لەگەڵ رەوشی عەقڵدا قابیلی پێناسەکردن نیە. لەگەڵ ئەودا دەمتوانی جارێکی دی بەوجۆرە گفتوگۆ بکەین کە لەگەڵ ئەوەی بە درێژایی هەمو تەمەنم ئارەزوویم کردوە، بەڵام لە رۆژانی لاوێتیدا بێجگە لەوانەی لەهەموو کەسێك زیاتر لێمەوە نزیکتر بوون‌و هاوبەشیان لە چارەنووسم دەکرد، تەنها لەگەڵ ژمارەیەکی کەمیاندا ئەوەم بۆ رێکەوتبو : ئەو باسانەی جێگای پارێزو خۆدزینەوەو ترسی چەنەبازی تیانابێتەوە، چونکە دووبارە بۆ سەر رێگەی راست دەتگێرنەوەو لەوانەیە تەنانەت لەم مەتەڵەشەوە (لوغز) بەخاڵێکی پر بەها بگەیت، ئەو باسانەی لە کێشمەکێشی رای جیاوازەوە دروست دەبن‌و وێرای دووری رەئییەکان لە یەکترییەوە، لە پانتایی جۆرێك لە میهرەبانیدا بوار دەدا، بێ ئەوەی خۆشەویستی کاڵ بێتەوە، جیاوازییەکان ئاشکرابن، ئەو گفتوگۆیەی هەر کەسە ئەوی دی بەتەواوەتی سەربەست دەکات‌و ویستە ئەبستراکتەکان کۆتاییان پێدێت، چونکە ئەوجۆرە ویستانە

لەبەرامبەر ڕوەفای راستەقینەدا رەنگو بۆی خۆیان لەدەست دەدەن.

هەروەکو وتمان ناوەرۆکی ئەم کتێبەی بەردەستمان لێکۆڵینەوەیە لەسەر چۆنێتیو چییەتیو دەرئەنجامەکانی توندوتیژی، بەڵام دەبێت ئەوەیشی بۆ زیاد بکەین کە مەبەست لەم باسە مەحکوم کردنی توندوتیژی نیە. لەگەڵ ئەوەی گومانی تێیدا نیە کە توندوتیژیگەرا ئایندەیەکی پڕ لە کارەساتی هەیە، بۆیە هیچ کەسێك ناتوانێت مەگەر بە بیانوی داکۆکی کردن لە هەندێك ڕێسای باڵا حوکم لەسەر دروستی توندوتیژی بدات، وەلێ بەلەبەرچاو گرتنی گرنگی غەریزەکان لە سروشتی مرۆڤداو رۆڵی مەترسیداری هەڵچونەکانی ژیان، لە واقیعبینییەوە دوور دەبێت، ئەگەر بمانەوێت بەیەکجارەکی توندوتیژی محکوم بکەینو لە قەڵەمڕەوی رەفتارەکانی مرۆڤ دەریکەین. لەسەروی ئەمەشەوە، لە ژیاندا دۆخێك دێتە پێشەوە کە بەقسەی نووسەر "توندوتیژی، واتا دەست پێشخەری کردن بۆ کارێك بەبێ لێکۆڵینەوەو ئاخاوتنو بەبێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکەی بکرێتەوە، تاقە ڕێگایە بۆ هاوسەنگ کردنەوەی تەرازووی دادپەروەری"، بەدەربڕینێکی دی، دەشێت توندوتیژی لە سۆزێکی گەورەوە سەرچاوە بگرێتو ئامانجێکی بەرزی هەبێت.

لیسینگ، گەورە نووسەری سەدەی هەژدەهەمی ئەڵمانیا، لەو بڕوایەدابو کە مرۆڤ بۆ کارکردن دروست بوە، نەك بۆ بەڵگە





هێنانەوە، بۆیە کە بیرێك هەڵدەبژێرێت لەبەر ئەوەیە وایدەبینێت بیرکردنەوەش شێوەیەکی ترە بۆ بزاوتێکی ئازادانە لە دنیادا. بەمجۆرە توندوتیژگەرایی وەك هەر کارێکی دی دەتوانرێ بەنیشاندەری پەرۆشیو نیازی مرۆڤ بۆ جووڵەو بزاوت، بەتایبەتی جووڵەیەکی ئازاد بناسرێتو ستایش بکرێ. بەڵام ئەزمونەکان ئەوە دەردەخەن، ئیدی چ بۆ بەدبەختی بێت یا خۆشبەختی، توندوتیژی لەگەڵ ئەوەی کاریگەرییەکی خێراو تەنانەت هەنووکەیشی بۆ دابینکردنی هەندێك لە دیدەکان هەیە، کەچی بۆ گەیشتن بەئامانجە دوور مەوداکان کاریگەری نیە. باشترین نمونەش لەسەر ئەم مەسەلەیە دەسەڵاتو رەوایەتی دەوڵەتە کە نووسەر باسێکی فراوانی بۆ تەرخان کردوەو گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە کردەوەی توندوتیژی لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە، نەك تەنیا کۆمەك بەپتەوکردنی بنیادی توانای دەوڵەت ناکات، بەڵکو دەبێتە هۆی بێ حورمەت کردنی یاساو سست کردنی پایەکانی دەوڵەت.

هەندێگ رایان وایە توندوتیژی شۆڕشگێڕانە پەیامی پیرۆزی هەیە. پەیامێك کە مرۆڤی ئاسایی دەگۆڕێت بۆ میرخاسو جوامێری راستەقینەو ڕێگای مرۆڤایەتی بەڕوودا بۆ ئاواڵە دەکات. رەنگە بتوانرێ بڕوا بە وتەکەی خاتوو ئارێنت بهێنرێ کە توندوتیژیگەرا هۆکاری سەرنەکەوتنی توانا کردەییەکانی دنیای ئێمەیەو شێرپەنجەی بیرۆکراسیو توانای بێ ناوی فەرمانگەو دەزگاکانی دەوڵەت، کەسانی سەرگەردانو ناکامی کۆمەڵگەی نوێ بەرەو

توندوتیژی دەباتو ئەگەر دەرفەتی کارو هاوبەشی کردن لە کاروباری گشتیدا بۆ خەڵکی دابین بکرێ، پایەی هێزو توانای دەوڵەت تەندروستتر دەبێتو ئەنگیزەی توندوتیژی روو لەکەمی دەکات. وەلێ بێجگە لە باوەری بێ چەنو چۆن بە هیگلو دیالەکتێکی مێژوویی‌و پێشوازی کردن لە بێ قەیدو مەرجی پەیامی منداڵان بەرامبەر بەباوکان لە ئاوەژوکردنەوەی سیستمی کۆنو هەنگاونان بەرەو ئایندەی خوێناوی نەوا خۆشو زۆرجاریش بەدئەنجام، دەبێ مل بدەین بەوەی کە رقو نەرمو نیانی دژ بەیەکنو ئەو کەسەی با بچێنێت، زریان درەو دەکاتو لە توندوتیژی رقو کینە دەروێتو لە خۆشەویستی دۆستایەتی دەچنرێتەوە.

عیزەتوڵڵا فولادوەند

۳۱/ شەهریوەر/ ۱۳۵۹

# بەشی یەکەم

ئەو روداوو كێشمەكێشانەی لە چەند ساڵی رابردودا لە باكگراوندی سەدەی بیستەمەوە رویاندا، ئەم روانینەی لەلا وروژاندم، ئەو سەدەیەی كە بەراستی هەروەكو لینین پێشبینی دەكرد، سەدەی جەنگو شۆڕشەكان بو، سەدەی ئەو توندوتیژییەی كە بەگشتی خاڵی هاوبەشی نێوان جەنگو شوڕشەكان بو. لە پاڵ ئەوەشدا فاكتەرێكی گرنگی دی لەم بارودۆخەی ئێستادا بەدیاردەكەوێت كە سەرباری ئەوەی كەس پێشبینی نەكردبو، بەڵام بەهیچ شێوەیەك كەم بایەختر نیە: ئامرازەكانی توندوتیژی بە رادەیەكی ئەوتۆ لەرووی تەكنیكییەوە پێشكەوتوە كە چیدی ناتوانرێ ئامانجی سیاسی لەگەڵ توانای وێرانكاری ئەو ئامرازانەدا هاوئاهەنگو گونجاو بێت، یا بەكارهێنانی لەئێستادا لە ململانێ چەكدارییەكاندا دەردەكەوێت. بۆیە دەبینین جەنگ كە لە دێر زەمانەوە لە ململانێ نێودەوڵەتییەكاندا دوا دادوەری بێبەزەیی بوە، زۆرێك لە كاریگەریو بەنزیكەیی هەمو شكۆمەندییە مەزنییەكەی لە دەستداوە. ئەمرۆ دەبینین گەمەی شەترەنجی "ماڵوێرانكەر"ی نێوان زلهێزەكان، واتە ئەوانەی لەسەر بەرزترین ئاستی شارستانێتیماندا پێگەیان



هەیە، بەپێی رێسایەك دەكرێ كە "هەر لایەنێكیان براوە بێت، كۆتایی بە هەر دوولایان دێت"[١]، لە راستیدا ئەوەش گەمەیەكە بە هیچ شێوەیەك لە گەمەی جەنگەكانی پێشوتر ناچێت. پێشبركێی خۆ پڕچەك كردن، خۆ ئامادەكردن نیە بۆ جەنگ، ئەمرۆ تەنها دەتوانرێ بەوە پاساوی بۆ بهێنرێتەوە كە باشترین زامنی ئاشتی، بریتیە لە رێگەلێگرتنی. ئەمرۆ هیچ كەس وەڵامی ئەو پرسیارەی پێ نیە كە چۆن بتوانین خۆمان لە پوچگەرایی ئەم بارودۆخە پاكبكەینەوە.

چۆن توندوتیژی بەجودایی لەگەڵ دەسەڵات یا هێز یا توانا، هەمیشە پێویستی بەئامرازگەلێك هەیە (هەروەكو ئنگلس زۆر دەمێكە ئاماژەی پێكردوە)[٢]، ئەوا شۆڕشی تەكنەلۆجیاش، وەك شۆڕشێك لە پیشەسازی ئامرازەكاندا، هەمیشە گرنگییەكی لە رادەبەدەری هەبوە، بەتایبەتی لەبواری سەربازیدا. بەهەر حاڵ جەوهەری كردەی خودی توندوتیژی وتەزای ئامانجو هۆ دەیجوڵێنێ. مەزنترین تایبەتمەندی ئەم وتەزایە لە بواری كاروباری مرۆڤایەتیدا هەمیشە ئەوە بوە كە هۆ بەسەر ئامانجدا سەركەوتو بوە، ئەمە لە حاڵێكدا هۆ تەنها بەخاتری گەیشتن بە ئامانج پێویستی پەیدا دەكاتو دەبێ لە سێبەریدا ئاراستە بكرێ. لەبەر ئەوەی ئامانجی هەر كردارێكی مرۆیی، وەك قەوارەیەكی سەربەخۆ لە ئامرازەكانی بەدیهێنانی، ئەستەمە بەشێوەیەكی دروست پێشبینی بكرێ، بۆیە ئەو هۆیانەی بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی بەكاردەهێنرێ،

زۆرجـار پێش خودی ئەو ئامانجانـە پەیوەندی بە ئایندەوە پەیدا دەکات.

ئـەو دەرئەنجامانـەی لـە کاری مـرۆڤ دەکەونەوە، هەمیشـە لـە رکێفی ئەو کەسـانە دەردەچن کە بەو کارە هەڵدەسـن، بۆیە لەپاڵ ئەوەشـدا توندوتیژی لە دوتوێدا توخمێکی دی زۆردارەکی‌و ستەمیش هەڵدەگرێت. لە راستیدا بەخت، چ بەختی باش، یا خراپ بێت، ناتوانێت سـەبارەت بە مـرۆڤ رۆڵی چارەنوسسـاز بگێڕێت، زیاتـر لەوەی لە بەرەی جەنگدا دەیگێڕێت، بەتەنها ئەوەندە بەس نیە ئەو روداوانە بە "بەکردەی رێکەوت" وەسفبکەین، یا لە رووی زانسـتییەوە گومان لە رەگەزەکانی بکەیـن، بۆ ئەوەی لە رودانی ئەم توخمە پێشـبینینەکراوە لە فۆرمە ریشەییەکەیدا بەدووربین. هەروەها لە توانادا نابێت لە رێگەی تیورەی گەمەبازی‌و سیناریۆو لێکچـون دوور بخرێتەوە. لەمجۆرە کاروبارانەدا نەك هەر شـتێکی یەقین نیە، بەڵکو تەنانەت یەقینێکی رەهاش بەرودانی وێرانکردنێکی ئاڵووێر لە سـایەی هەلومەرجێکی دیاریکراوی حیسـاب بۆ کراودا نیە. شـتێکی واقعییە ئەوانەی لە پێناوی پێشخستنی ئامرازەکانی وێرانکردنـدا هـەوڵ دەدەن، لەدواجاردا لە ئاسـتی پێشـکەوتنی تەکنیکیدا گەیشـتنە ئاسـتێك کە لەگەڵیدا خودی ئامانجەکەیان، واتە جەنگ[٣]، خەریکە بەهۆی خودی ئامرازە بەدەستهاتووەکانەوە بەرەو ناوبودی دەڕوات. ئەم واقیعە رەگەزێکی پێشـبینینەکراوی گشـتگیرمان بیردەخاتـەوە، ئـەو رەگـەزەی لە سـاتەوەختێکدا





وەریدەگرین کە لە مەیدانی توندوتیژیدا نزیك دەبینەوە. گەورەترین هـۆکاری ئەوەی هێشـتا جەنـگ بوونـی هەیە، نـە دەرئەنجامی ئـارەزوی شـاراوەی مەرگە لەناخی رەگەزی مرۆڤـدا، نە رەمەکی شـەرەنگیزی کە ناتوانرێ سەرکوت بکرێ، نە تەنانەت لە مەترسی ئابـوری‌و کۆمەڵایەتی جـدی کە لە چەك داماڵـین دەکەوێتەوە[٤]، هۆکاری ئەم واقیعە زۆر سادەیە ئەویش هێشتا لە شانۆی سیاسیدا ئەڵتەرناتیـڤ بۆ ئەم دادوەرییە یەکلاکەرەوەیـە لە کاروباری نێو دەوڵەتیـدا پەیدا نەبوە. کەواتە هۆبز لەسـەر هـەق نەبوە کاتێك وتویەتـی: "پەیماننامـەکان لە پێواری شمشـێردا، جگە لە وشـە شتێکی دی نین؟".

شتێکی چاوەڕوانکراوە کە ئەم ئەڵتەرناتیڤە توانای دەرکەوتنی نیە، مادامەکی لەتوانادا نیە سەربەخۆیی نیشتمانیی، واتە پێواری هەمـو کۆنترۆڵێکی بیانی، لە سـەروەری دەوڵـەت جیابکرێتەوە، واتە ئارەزوی پیادەکردنی دەسـەڵاتی بێسنورو بێلەمپەر لە بواری نێودەوڵەتیدا. (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا یەکێکە لەو وڵاتە بەژمـارە کەمانەی تا ئەو شـوێنەی بنەماکانـی کۆماری ئەمەریکا نەکەوێتە مەترسـییەوە، لانیکەم گەر لەڕووی تیورییشـەوە بێت، دەتوانـرێ جیاوازی لـە نێوان سـەروەری‌و ئازادی تێیـدا بکرێ. لێرەدا بەگوێرەی دەسـتور، ئـەو پەیماننامانەی لەگەڵ دەرەوەدا دەبەسترێ، بە بەشێکی جیانەکراوەی یاسایی نەتەوەیی دادەنرێ، هەروەکـو دادوەر جێمس وێلسـۆن سـاڵی ١٧٩٣ تێبینی کردوە:

"دەستوری ویلایەتە یەکگرتوەکان بەتەواوەتی چەمکی سەروەری پشتگوێ خستوە". بەڵام ئەم رەتکردنەوە بوێرو رۆشنبینە لە زمانی تەقلیدیو لە چوارچێوەی چەمکی پرەنسیپی دەوڵەت ـ نەتەوەی ئەوروپی، دەمێکە بەسەرچوە، چونکە میراتیی شۆڕشی ئەمەریکا لەبیرچۆتەوە.. حکومەتی ئەمەریکا، چ باش یا خراپ، میراتی ئەوروپای کرد بە میراتی خۆی، بێئاگا ـ بەداخەوە ـ لەو واقیعەی کە هێزی داوەشاوی ئەوروپا، دوابەدواو هاوڕێی شکستی سیاسی بو، ئەویش مایەپوچی پرەنسیپی نەتەوە ـ دەوڵەتو چەمکیی پەیوەست بە سەروەری بو). وڵاتە دواکەوتوەکان لە بواری پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، هێشتا جەنگ بەدوا پەناگە دەزانن، واتە هەروەکو جاران پێیانوایە جەنگ بەردەوامبونی سیاسەتە لە رێگەی توندوتیژییەوە، هەروەها ئەو واقیعەی کە وڵاتە بچوکەکان، ئەوانەی چەکی ئەتۆمی یا بایۆلۆجییان نیە بەتەنها پەنا بۆ چارەسەری سەربازی دەبەن، ناتوانن هیچ دڵنەواییەکمان لەدژی پوچی جەنگ پێببەخشن. لەلای کەس شاراوە نیە کە رەگەزی روداوی رێکەوت لەو بەشانەی جیهاندا بەدیار بکەوێت کە هێشتا دروشمی "بەدیلی سەرکەوتن نیە" لایەنگرێکی زۆری هەیە.

لەمجۆرە هەلومەرجەدا، ئەوەی گومانی تێیدا نیە ئەوەیە شتێك نیە لەو پێگە زیادەیە ترسناکتر بێت کە خاوەن هزرە زانستییە بەبەرنامەکان لەم چەند دەیەی دواییەدا لە بۆردە دەولییەکاندا





بەدەستیان هێناوە. گرفتەکە لەوەدا نیە کە ئەو کەسانە زۆر بە خوێنساردیو بێبەزەییانە "بیر لەو شتانە دەکەنەوە کە ناکرێ بیریان لێبکرێتەوە"، بەڵکو لەوەدایە کە هەر بیرناکەنەوە. ئەوانە لەبری ئەوەی تێکەڵ بەو چالاکییە کۆنەو ناباوەی وەك بیرکردنەوە بن، کە کۆمپیوتەر ناتوانێت ئەنجامی بدات، دەبینین خۆیان رادەستی ئەو هەڵگۆزینانە دەکەن کە بەشێوەیەکی گریمانەیی کۆمەڵێك مەرجی داڕێژراوی لێدەکەوێتەوە، بێئەوەی بتوانن لە رێگەی ئەزمونەوە جەخت لە دروستی گریمانەکانیان بکەنەوەو لێی دڵنیابن. بەهەر حاڵ خەوشی لۆجێکی ئەم بونیاتە گریمانەیە بۆ روداوەکانی ئایندە، هەمیشە لەوەدایە: ئەوەی سەرەتا بەشێوەی گریمانەیی دەردەکەوێت – بەپێی پلەی خودی دارشتنەکەی ئەگەری زۆر هەڵدەگرێت، یا هیچ ئەگەرێك لە دوتوێدا هەڵناگرێت – هەر زۆر خێراو بەگشتی دوای چەند پەرەگرافێکی کەم دەگۆڕێت بە واقیع، کە ئەویش لەلای خۆیەوە دەبێتە مایەی لەدایکبونی زنجیرەیەك "روداوی ناواقیعی"و لە ئەنجامی ئەوەشدا خەسڵەتی دیسپۆتیزمیی سەرلەبەری پرۆسەکە لە بیردەچێتەوە. زێدەڕەوی نیە گەر بڵێین ئێمە لێرەدا لەبەردەم زانستدا نین، ، بەڵکو لەبەردەم درۆزنە زانستێکداین، یا هەروەکو نعوم چۆمسکی دەڵێت: "لەبەردەم هەوڵێکی نەزۆکانەی کۆمەڵناسیو رەفتارناسیداین بۆ لاسایی کردنەوەی زانستە سروشتیەکان کە ناوەرۆکێکی زانستیانەی مانادای هەیە". یا هەروەکو ریچارد. ن. گوودوێن

لە دوا وتاریدا ئاماژەی پێدەدا "ئاشکراترینو قوڵترین نارەزایی لە روبەروبونەوەی ئەمجۆرە تیورە ستراتیجییە لە سودو قازانجە سنوردارەکەیدا نیە، بەڵکو لەو مەترسییەدایە کە هەڵیدەگرێت، لەبەر ئەوەی لەوانەیە بەرەو ئەو بڕوایەمان بەرێت کە تێگەیشتمان بۆ روداوەکان هەیەو دەتوانین کۆنترۆڵی ئاراستەکانی بکەین کە لە راستیدا ناتوانین بیکەین"[٥]. وتارەکەی گودوێن فەزیلەتی "میزاجێکی نا وشیارانە"بەرجەستە دەکات کە تێیدا زۆربەی ئەو تیورە بێناوەرۆکو درۆزنە زانستیانە ئاشکرا دەکات.

بەپێی پێناسە روداوەکان یارمەتی بارودۆخێك دەدەن کە دەبێتە مایەی دابڕان لە کارڕاییە رۆتینییەکاندا، لە رەوتی رۆتینی کاروبارەکانداو تەنها لە جیهانێکدا کە هیچ شتێکی گرنگ تێیدا روونەدا، دەشێت خەونی ئایندەناسان ببێت بە راستی. بەهەر حاڵ پێشبینییەکانی ئایندە جگە لە خستنی ئۆتۆماتیکیانەی کارڕاییەکان (الاجراءات)و رەوتی هەنوکە شتێکی دی نیە، واتە هەلومەرجێك رەنگە روبدات، ئەگەر مرۆڤ هیچ کارێك نەکاتو هیچ شتێکی پێشبینینەکراویش رونەدات، بەڵام هەر کارێك، ئیدی باش یا خراپو هەر روداوێکی ناکاو، بەزەرورەت گشت ئەو کۆمەڵەیە وێراندەکات کە پێشبینکردن لە چوارچێوەیدا دەخولێتەوەو لەناوەوەیشیدا بەڵگەنەویستی خۆی دەدۆزێتەوە (تێبینی رووکەشیانەی پرۆدۆن کە دەڵێت "پیتو بەرهەمی پێشبینینەکراو بەتەواوەتی وریایی دەوڵەتمەدار تێدەپەرێنێت" خۆشبەخانە تا هەنوکە راستو دروستە. هەروەها ئەم پیتو بەرهەمە بەشێوەیەکی زۆر روون هەمو حیساباتێکی شارەزایان تێدەپەرێنێت)، بەڵام ناونانی ئەمجۆرە روداوە پێشبینینەکراوو چاوەڕواننەکراوە بە "روداوە رێکەوتەکان" یا وەسفکردنیان بە"دوا دڵۆپەی رابردو" بۆ ئەوەی سوکایەتی پێبکرێ یا فرێ بدرێتە نێو " زبڵدانی بەناوبانگی مێژووەوە، فێڵو گزییەکی کۆنە، فێڵێك کە بێگومان یارمەتی رونکردنەوەی تیورەکە دەدا، بەڵام بەدورخستنەوەی زیاترو زیاتری تیورەکە لە واقیع کۆتایی دێت. مەترسییەکە لێرەدا بەتەنها لەوەدا نیە کە ئەو تیورانەی بەڵگەنەویستەکانی لەئاراستە هەستپێکراوەکانی هەلومەرجی هەنوکەوە وەردەگرێت، قابیلی باوەڕپێهێنانە، بەڵکو لەلایەکی دی لەوەدایە بەهۆی سازگاری دەرونییەوە، جۆرێك لە توانای خەواندنی موگناتیسی هەیە کە رێگەی پێدەدا توانای عەقڵی دروست سڕ بکات، ئەویش شتێك نیە جگە لە دەزگای زەین کە بواری وەرگرتنو تێگەیشتنو رەفتارمان لە روبەروبونەوەی واقیعو فاکتەکاندا بۆ دەرەخسێنێت.

هەر کەسێك فیکری خۆی بە کاروباری سیاسیو مێژووییەوە تەرخان کردبێت، ناکرێ لەو رۆڵە مەزنەی توندوتیژی بێئاگابێت کە هەمیشە لە کاروباری مرۆڤدا وازیکردوە. لە یەکەم نیگاو دەرفەتدا سەیر دەردەکەوێت کە توندوتیژی بەدەگمەن لێکۆڵینەوەو شیتەڵکاری تایبەتی لەسەر کراوە[٦]. (لە دوا چاپی ئینسکلۆپیدیای زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا تێبینی دەکەین،

تەنانەت وتارێکی تایبەتیان لەسەر گرنگیو بایەخی توندوتیژی نەنوسیوە). هەروەها لێرەدا ئەوەش بەدیدەکرێ کە تا چ ئاستێک توندوتیژیو ئەو ستەمەی پێوەی پەیوەستە، ئەوەندە بەکارێکی ئاسایی دادەنرێنو هیچ بایەخێکی تایبەتیان پێنادرێ... بەگشتی مرۆڤ پرسیار لەو شتانە ناکات کە لەلای هەمو کەسێک زانراوەو خۆی بەشیکردنەوەی ئەو کاروبارانەوە خەریک ناکات. ئەوانەی جگە لە توندوتیژی شتێکی دی لە کاروباری مرۆڤدا بەدیناکەن، لەو بڕوایەدان ئەو کاروبارانە هەمیشە عەبەسیو ناجدیو ورد نەبوە (نمونەی رینان)، یا دەیانوت خوداوەند هەمیشە لایەنگری لە بەرەی بەهێز دەکات، لەوەش زیاتر شتێکیان نیە لەمەڕ توندوتیژی یا دەربارەی مێژوو بیڵێن. بەڵام ئەوانەی لە دوتوێی روداوەکاندا هەمیشە بەدوای مانایەکدا دەگەڕێن، بەردەوام توندوتیژییان بە دیاردەیەکی لاوەکی بەدیکردوە. ئەو کارە چ پەیوەندی بەکلاوزیویتزەوە هەبێت کە "جەنگ بە بەردەوامی سیاسەت دەزانێت، بەشێوازێکی دی"، یا ئنگلس کە توندوتیژی بەهۆکاری کاراکردنی پرۆسەی گەشەسەندنی ئابوری پێناسە دەکات[٧]. شتێکی ئاشکرایە کە تێیدا جەخت لەسەر بەردەوامی سیاسەت یا ئابوری دەکرێتەوە، بەوتەیەکی دی، پێداگری لەسەر بەردەوامی پرۆسەیەک دەکرێ کە هۆکاری دیاریکەری پێش کردەوەی توندوتیژی دەکەوێت. لێرەدا خوێندکارانی پەیوەندییە نێودەوڵەیدتیەکان تا ماوەیەک پێش ئێستاش پێیانوابو کە





"بڕیارێکی سەربازی لەگەڵ سەرچاوە قوڵەکانی کولتوری نەتەوەیەک ناسازگارو ناکۆک بکەوێتەوە، بەدڵنیاییەوە بڕیارێکی نادروست دەبێ"، یا بەوتەی ئنگلس لە "هەر شوێنێک بونیاتی دەسەڵاتی هەر وڵاتێک لەگەڵ گەشەسەندنی ئابوری ئەو وڵاتە ناکۆک بێت" ئەوا دەسەڵاتو ئەو ئامرازە توندوتیژییانەی پەنای بۆ دەبات توشی شکست دەبێت[٨].

ئەمڕۆ، هەمو ئەو بڕیارە کۆنانەی پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان جەنگو سیاسەت یا قسە لەسەر توندوتیژیو دەسەڵات دەکەن، جێ متمانەیی خۆیان لەدەستداوەو شایانی ئەوەش نین پیادە بکرێن. جەنگی جیهانی دوەم نەک هەر ئاشتی لەگەڵ خۆیدا نەهێنا، بەڵکو بوە مایەی جەنگی ساردو کۆمەڵگەی میلیتاری – پیشەسازی – سەندیکایی سەقامگیر کرد، بەڵام ئاخاوتن لەسەر "ئەو ئەفزەلییەتەی بەتوانای سەربازی دەدرێ وەک هێزێکی سەرەکی دروستکەری کۆمەڵگە"و جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی "سیستمی ئابوریو فەلسەفەی سیاسیو نەزمی یاسایی، خزمەت بە پێشخستنی توانایی جەنگی دەکەن، نەک بەپێچەوانەوە"و ئەنجامگیری ئەوەی کە "خودی جەنگ سیستمی سەرەکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێت کە لە ناوخۆی ئەو سیستمەدا شێوازی رێکخستنی کۆمەڵایەتی لاوەکی ململانێ دەکەن یا دەست تێکەڵاو دەکەنو پیلاندەگێڕن"... هەمو ئەوانە لەو فۆرمانەی ئنگلس یا کلاوزیویتز کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دایانڕشتبو زیاتر جێی بڕواو

متمانەن. بەهەر حاڵ ئەو پێشکەوتنەی ئێستا لە تەکنۆلۆجیای جەنگدا دەیبینین، توخمێکی یەکلاکەرەوە پێکدەهێنێت، ئەویش نوسەرێکی گومناو لە کتێبێکدا بەناوی "راپۆرتێك لە چیایەکی پۆلایی"نەوە ئەو فۆرمەی پێشوی ئاوەژو کردۆتەوەو لەجیاتی ئەوەی بڵێت جەنگ "بەردەوامی دیبلۆماسییەتە (یا سیاسەت یا بەدواداچونی ئامانجە ئابورییەکانە)، دەڵێت ئاشتی بەردەوامی جەنگە بەشێوازی دی". یا هەروەکو ساخارۆڤ زانای فیزیای سۆڤێتی دەڵێت: "جەنگی ئەتۆمی بەدڵنیاییەوە بەردەوامی سیاسەت نیە بەشێوازی دی (بەپێی ئەو فۆرمەی کلاوزیویتز دایڕشتوە)و جەنگێکی لەوجۆرە ئامرازێکە بۆ خۆکوژییەکی بەکۆمەڵ"[٩].

لەلایەکی دی، ئێمە دەزانین "تەنها چەند چەکێکی کەم دەتوانن لە چەند چرکەیکدا هەمو سەرچاوەکانی هێزی نەتەوەیی لەنێوبەرن"[١٠]و جۆرە چەکێکی بایۆلۆجی دروستکراوە کە ڕێگە بە "گروپە بچوکەکان دەدا".. هاوسەنگی ستراتیجی ئاوەژوبکەنەوە"و "ئەو نەتەوانەی لە توانایاندا نیە چەکی ئەتۆمی بەرهەم بهێنن"[١١]، دەتوانن ئەمجۆرە چەکە لەبەر کەمی تێچونی بەرهەم بهێننو "لە ماوەی چەند ساڵێکدا سەربازە رۆبۆتەکان بەتەواوەتی جێگەی سەربازە مرۆییەکان دەگرنەوە"[١٢]، لەدوایشدا لە کاتی هەڵایسانی جەنگی کلاسیکیدا زیانی وڵاتە هەژارەکان بەهۆی "دواکەوتویی بارودۆخیانەوە" لە زیانی وڵاتە زلهێزەکان کەمتر دەبێت، چونکە لە





جەنگی پارتیزانیدا باڵادەستی تەکنیکی "ڕەنگە لە جیاتی ئەوەی سودمەند بێت، زیانی زۆرتر دەبێت"[١٣]. سەرئەنجام ئەوەی لەم داهێنانە نائاسودەیەدا بەرهەم دێت، بریتیە لەوەی کە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتو توندوتیژی کودەتایەکی تەواوی بەسەردا دێتو ئەمەش لەلای خۆیەوە بوار دەرەخسێنێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا کودەتایەکی دی لە نێوان هێزە بچوکو هێزە گەورەکاندا روبدات. دەشێت بەم نزیکانە باڵانسی توندوتیژی وڵاتێکی دیاریکراو، نیشانەیەکی متمانەپێکراو نەبێ لەسەر هێزی ئەو وڵاتە، هەروەها گەرەنتییەکی دڵنیاکەرەوەش نەبێ لە بەرامبەر مەترسی هێزێکی بچوكو لاواز لە وێرانکردنی ئەو وڵاتەدا. لەم بارەیەشەوە لێکچونێکی سەرسوڕهێنەرمان بۆ ئاشکرا دەبێت لەگەڵ یەکێك لە پێشکەوتوترینو وردترین فیکری زانستی سیاسیدا، ئەو فیکرەی پێیوایە کە ناشێت هێز لەسەر بنەمای سامان بژمێردرێتو ڕەنگە نشونمای سامان، سستیو لاوازی هێزی لێبکەوێتەوەو سەروەتو سامان مەترسی لەسەر دەسەڵاتو کۆمارە خۆشنودەکان دروست بکات. راستە ئەم بیرۆکەیە لە نێو تاریکی بیرچونەوەدا نقوم بوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیو بایەخی خۆی لەدەست نەداوە، بەتایبەتی لەو کاتەی راستگۆیی بەهۆی هاوتابوونی لەگەڵ جبەخانەی توندوتیژیدا، ڕەهەندی تازە بەخۆیەوە دەگرێت.

ئەمرۆ، چەند توندوتیژی لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا وەك چەکێکی نادڵنیاو گومانلێکراو دەرکەوتوە، بەهەمان ئەندازەش

لەکاروباری ناوخۆدا، بەتایبەتی سەبارەت بەمەسەلەی شۆڕش ئەم توندوتیژییە پەسەندەو ناوبانگی ڕۆیشتوە. بەهەر حاڵ زبری ئاوازی مارکسیستی کە چەپی نوێ پەنای بۆ دەبات، هاوکات بو لەگەڵ گەشەسەندنی ئەو قەناعەتە نامارکسییانەی ماوتسی تۆنگ کە پێیوابو "دەسەڵات لە لولەی تفەنگەوە سەرچاوە دەگرێ".

بەدڵنیاییەوە مارکس ئاگاداری ڕۆڵی توندوتیژی بوە لە مێژوودا، بەڵام پێیوابوە ڕۆڵی لاوەکی دەگێڕێت: بەبڕوای ئەو توندوتیژی کۆمەڵگەی کۆنی بەرەو داوەشان نەبرد، بەڵکو ناکۆکیو دژایەتی ناوخۆی ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو داوەشانی بردوە. هەروەها توندوتیژی پێش دەرکەوتنی کۆمەڵگەی نوێ کەوتوە، بەڵام نەبۆتە مایەی پەیدابوونی، مارکس ئەو کارە بەو ئیشوئازارە دەچوێنێت کە پێش منداڵبون دەکەوێت، بەبێ ئەوەی لەدایکبون لەو ئازارە بکەوێتەوە. لەهەمان ناوکۆشدا مارکس واتەماشای دەوڵەتی دەکرد وەکئەوەی ئامرازێکی توندوتیژی بێتو چینی فەرمانڕەوا ڕێبەراتی بکات، بەڵام لە ڕاستیدا دەسەڵاتی چینی فەرمانڕەوا بەپاڵپشتی خودی هەمان توندوتیژی پیادە ناکرێ، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە لەو ڕۆڵەدایە کە چینی فەرمانڕەوا لە کۆمەڵگەدا وازیدەکات، بەشێوەیەکی دیاریکراوتر لەو ڕۆڵەیە کە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا وازیدەکات. زۆرجار تێبینیکراوەو هێندێك جاریش سکاڵا لەوە کراوە کە چەپی شۆڕشگێڕ هەمیشە لەژێر کاریگەری ئامۆژگارییەکانی مارکسدا ڕەتیکردۆتەوە ئامرازەکانی توندوتیژی بەکاربهێنێ،





بەڵام دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا کە مارکس لە نوسینەکانیدا وەك ڕێوشوێنی سەرکوتگەرانە لێی دەدوانی، هەروەکو دیکتاتۆرییەتی ڕۆمانی لە پاش شۆڕش دێتو بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەردەوام دەبێت. کەچی تیرۆرکردنی سیاسی جگە لە کردەوەی تاکڕەوانە کە گروپە بچوکە ئانارچیستەکان پێی هەڵدەستن، زۆرجار ڕاستڕەواکان ئەنجامی دەدەن، ئەمە لەگەڵ ئەوەی ڕاپەڕینی بەدیسپلینی چەکدارانە لەبواری پسپۆری سەربازەکانەدا دەمێنێتەوە. چەپەکان لەو قەناعەتەدابون کە "هەمو جۆرە پیلانگێڕانێك نەك هەر سودی نیە، بەڵکو زیانبەخشیشە. چەپەکان دەیانزانی شۆڕش بە ملهوریو بەناقەست هەڵناگیرسێت، بەڵکو هەمیشەو لە هەمو ئانوساتێکدا دەرئەنجامی حەتمی هەلومەرجێکە بەتەواوەتی لە ویستو سەرکردایەتی حیزبەکانو چینە کۆمەڵایەتییەکان سەربەخۆیە"(١٤).

چەند ئاوارتەیەك لەسەر ئاستی تیوری هەیە. جۆرج سورێڵ، لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە هەوڵیدا مارکسیزمو فەلسەفەی ژیانیی بیرگسۆن ئاویتەی یەکتری بکات. ئەنجامی ئەم هەوڵەش بەشێوەیەکی زۆر سەیر لەو تێکەڵکردنە دەچو کە جۆن پۆڵ سارتەر لەنێوان مارکسیزمو وجودییەتدا دایڕشتبو، ئەگەر چی لەسەر ئاستی دارشتندا لەوەی سارتەر نزمتر بو. سۆرێڵ لە ڕوانگەی سەربازییەوە تەماشای ململانێی چینایەتی دەکرد، بەڵام سەرئەنجام وەك بەرزترین ئاستی توندوتیژی، پێشنیازی مانگرتنی

گشتی کرد، لەگەڵ ئەوەی ئەمجۆرە کارە لەم رۆژگارەی ئێمەدا وەك بەشێك لە کاری سیاسی ناتوندوتیژ دادەنرێ، بەڵام پەنجا ساڵ پێش ئێستا هەر ئەو پێشنیازە خاکییە سۆرێڵی خستە خانەی فاشیزمەوە، ئەگەر چی پەرۆشییەکی تەواوی بۆ لینین و شۆڕشی روسیا هەبو. هەروەها لە پێشەکی "ئازارچێشتوەکانی سەرزەمین"ی فرانز فانون لە بەرزراگرتنی توندوتیژیدا لە کتێبی "تێفکرین دەربارەی توندوتیژی"ی سۆرێڵ زیاتر دەڕوات، بەڵکو لەخودی فرانز فانون زیاتر دەڕوات کە سارتەر دەیویست ئارگیومێنتەکانی بە ئاکامێکی لۆجیکی بگەیەنێت و بەم وەسفەیشی ئاماژە بە "وتە بێناوەرۆکە فاشییەکانی سۆرێڵ" دەکات. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە تا چ ئاستێك سارتەر دەبارەی مەسەلەی توندوتیژی بێئاگابوە لەو جیاوازییە سەرەکییەی لەگەڵ مارکسدا هەیبوە، بەتایبەتی کاتێك رایدەگەیەنێت، ئەو "توندوتیژییەی سەرکوت ناکرێ... جەوهەری ئەو مرۆڤەیە کە خۆی دەخوڵقێنێتەوە" و ئازارچێشتوەکانی سەرزەمین تەنها لەرێگەی "شێتییەکی بکوژ"ەوە دەتوانن ببن بە مرۆڤ. ئەم چەمکانە شایستەی تێڕوانینن لەبەر ئەوەی بیرۆکەی ئەو مرۆڤەی کە خۆی دەخوڵقێنێتەوە دەچێتە خانەی نەریتی فیکری هیگلی و مارکسییەتەوە.. ئەوەش بنەمایەکی پتەوی مرۆڤگەرایە کە چەپەکان هەڵیدەگرن. هیگل پێیوایە مرۆڤ لە رێگەی فیکرەوە خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە[١٥]، ئەمە لە کاتێکدا مارکس ئایدیالیی





هیگلی ئاوەژو کردەوە، پێیوابو کارکردن ئەو فۆرمەیە کە مرۆڤ سروشت دەگۆڕێت و بەهۆیەوە ئەرکی بەرهەمهێنانی خودی خۆی بەجێدەگەیەنێت. هیچ شتێك لەوە روونتر نیە کە مرۆڤ، چ وەك تاك یا ئەندامی جۆر یا گرۆپێك بێت، هەرگیز بوونی قەرزاری خودی خۆی نیە. مرۆڤ دەتوانێ نارەزایی لەسەر ئەوە دەربڕێ، ئەو چەمکانەی لەسەر مرۆڤی خۆددروستکەرەوە دەدوێن، هەمویان لەو خاڵەدا هاوبەشن کە مرۆڤ لە بەرامبەر واقیعییەتی بارودۆخی خۆیدا شۆڕش و راپەڕین دەکات و پاشان ئەنجامگیری دەکات کە خەسڵەتی هاوبەشی نێوان سارتەرو مارکس و هیگل زیاتر پەیوەندی مەسەلەکەوە هەیە، تا ئەوەی چالاکییەکی تایبەت بێت کە هەریەکەیان بانگەشەی ئەوە دەکەن لەو رێگەیەوە ئەم "کارە ناواقیعییە" بەدیاردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێ نکۆڵی لەوە بکرێ کە لە نێوان چالاکی بیرکردنەوەی ئارام و کارکردن لەلایەکەوەو هەرجۆرە کردەوەیەکی توندوتیژئامێز لەلایەکی دی، دەلاقەیەکی گەورە هەیە. لەو پێشەکییەی پێشتر باسی لێوەکراوە، سارتەر دەنوسێت: "کوشتنی ئەوروپییەك لەوە دەچێت دوو چۆلەکە بە بەردێك بکوژیت... چونکە ئەو کارە دەبێتە مایەی ئەوەی لە یەککاتدا چەوساوەو چەوسێنەر پێکەوە نەهێڵێت، ئەوەی بۆمان دەمێنێتەوە، مرۆڤێکی ئازادو مرۆڤێکی مردوە". لە راستیدا ئەوەش گوزارەیەکە مومکین نەبو مارکس بینوسێت[١٦].

لێرەدا باسم لە سارتەر کردوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنم لە فیکری

شۆڕشگێڕیدا ئەم ئاراستە تازەیەی رووی لە توندوتیژییە، دەتوانێت تەنانەت لە دیدی پێشکەوترین وتەبێژە فەرمییەکانی ئەو فیکرەدا بەڵێڵی بمێنێتەوە[١٧] و ئەم کارەش لە دەسپێکی ئەو واقیعەوە سەرنجراکێشە کە مەسەلەکە لە وێناکردنێکی رووتی مێژووی فیکر دوورتر دەڕوات. (دەکرێ لە رێگەی پرۆسەی ئاوەژوکردنەوەی چەمکی فیکری "ئایدیالیزم"ەوە بە چەمکی کاری "ماتریالیزم" بگەین، بەڵام هەرگیز بەچەمکی توندوتیژی ناگەین). بێگومان ئەم ئاراستە تازەیە لۆجیکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ئەم لۆجێکە لە ئەزمونەوە سەرچاوەدەگرێ، ئەو ئەزمونەی بەتەواوەتی لەلای نەوەکانی پێشودا نادیار بوە.

دەتوانین بڵێین پەرۆشیو هاودڵیو خوێنگەرمیو جێمتمانەییو چالاکی چەپی نوێ، لەگەڵ گەشەسەندنو کامڵبونی ناسروشتیو خودکوژی چەکی تازە پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە. ئەم نەوەیە یەکەمین نەوەیە کە لە سایەی چەکی ئەتۆمیدا نشونمای کردوە. رۆڵەکانی ئەم نەوەیە رۆچونی توندوتیژی تاوانکارانەی سیاسییان لە باوانیانەوە بە میراتی بۆ ماوەتەوە، لە فێرگە ئامادەییو زانکۆکاندا گەلێك شت لەسەر ئۆردوگای گرتنو لەناوبردن فێربون، هەروەها زۆر شت لەسەر کوشتنی بەکۆمەڵو کردەوەی ئەشکەنجەدانو قەسابخانەی بەکۆمەڵی خەڵکانی سیڤیل لە کاتی جەنگدا فێربون، کە بەبێ ئەو کردەوانە، ئۆپراسیونە سەربازییە تازەکان، تەنانەت گەر بۆ بەکارهێنانی چەکی ئاساییش





کورتبکرێتەوە، لەتواندا نەدەبو. راپەرین لەدژی هەمو جۆرە توندوتیژییەكو پشتیوانیکردنی خۆبەخۆ لە هەمو چالاکییەکی ناتوندوتیژیی سیاسی، یەکەم پەرچەکرداری ئەم نەوەیە بو. مەزنترین سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە، بەتایبەتی لەبواری مافە مەدەنییەکاندا لە دوای بزوتنەوەی بەرگریکردن لەدژی جەنگی ڤێتنام بەدیارکەوت، کە تا ئێستا یەکێکە لەو هۆکارە بنەرەتیانەی کەشوهەوایەکی گشتی بۆ رای گشتی لە ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دیاریکردوە. بەڵام شتێکی نهێنی نیە کە لەو دەمەوە بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتوەو لایەنگرانی توندوتیژی هێڵی بەرگری لەخۆگرتنیان گرتوە، بۆیە بێهودەیە گەر بڵێین بەتەنها "پەڕگیرەکان" ستایشی توندوتیژی دەکەنو تەنها ئەوانن وەك جوتیارە جەزائیرییەکانی فانون، بەو دەرئەنجامە گەیشتون کە "هەر توندوتیژی سودو کاریگەری هەیە"[١٩].

تێکۆشەرە چەپە نوێیەکان بە ئانارچیست، نیهلیست، فاشیستە سورەکانو زیاتریش بە لادیت ـ ی ئامێر شکێنەکان تاوانبار دەکران (Smashers Machine Luddite مەبەست لە سیفەتی luddite پەیڕەویکردنە لە کەسێك بەناوی "لاد" Ned lud کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا لە باکوری ئینگلستان کرێکار بو. لایەنگرانی ئەو یا لادییەکان بەزۆری لە چینی زەحمەتکێشی ئەو مەڵبەندە بوونو لە رێگەی پێشەی دەستییەوە رۆژگاریان دەگوزەراند، بەهۆی پەیدابونی ئامێری رستنەوە پیشەکەی خۆیان لە مەترسیدا

دەبینییەوە، لە ماوەی ١٨١١ – ١٨١٦دا دەستیان بە راپەڕین کرد، پەلاماری کارخانەکانیان دەداو ئامێرەکانیان داغان دەکرد. سەرئەنجام لە ڕێگەی ڕێوشوێنی سەختی دەوڵەتو یاساییەکی پارلەمانەوە لادییەکان سەرکوتکران. ئەمڕۆ "لادی" بە کەسێك دەوترێ کە دژایەتییەکی سەرسەختی دیاردەی بەئامێرکردنی مەدەنییەت دەکاتو بڕوای بە گەڕانەوە بۆ ژیانێکی سادە هەیە). بەڵام خوێندکاران ئەو دروشمانایەن بە دروشمی بێماناتر وەڵامدایەوە، وەك دروشمی "دەوڵەتی پۆلیسی"و "فاشیزمی شاراوەی دواقۆناغی سەرمایەداری"و بەشێوەیەکی راستتر دروشمی "کۆمەڵگەی بەرخۆر"[٢٠]. راستە رەفتاری ئەو خوێندکارانە سەرکۆنە کرا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو سەرکۆنەیە هەمو جۆرە فاکتەرێکی کۆمەڵایەتیو دەرونیشی گرتەوە: سیستمی پەروەردەی ئەمەریکی بە سیستمێکی نەرمو خاو تاوانبار کراو پەرچەکرداری رەقو توندی دەسەڵات لە ئەڵمانیاو ژاپۆنو پێواری ئازادی لە ئەوروپای رۆژهەڵاتو فرەیی ئازادی لە رۆژئاواو پێواری پڕچورتمی کار لە بەردەم خوێندکارانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی فرەنساو فرەیی کار لە گشت بوارەکاندا لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، قسەیان لەسەر کرا، راستە هەر یەکێك لەو فاکتەرانە لەرووی هەلومەرجی ناوچەییەوە جێگەی باوەڕ پێهینان بون، بەڵام ئەمەش بەتەواوەتی لەگەڵ ئەو واقیعەدا دژو ناکۆك دەکەوێتەوە کە پێیوایە راپەڕینی خوێندکاران دیاردەیەکی جیهانییە. دۆزینەوەی روویەکی





هاوبەشی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو هەمو بزوتنەوەیە لە توانادا نیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەم نەوەیە لەرووی دەرونییەوە لە هەمو جێگەیەکدا برێکی زۆر لە ئازایەتیو ویستو ورەی بۆ کاری سەرسورهێنەر تێدایە، ئەمە لەپاڵ ئەوەی بڕوایەکی مەزنی بەگۆڕانکاری هەیە[٢١]. بەهیچ شێوەیەك ئەو سیفەتانە هۆی کارەکە نەبونو گەر کەسێك بپرسێت بە راستی چی شتێك بوە مایەی ئەوەی لە زانکۆکانو سەرتاسەری جیهاندا ئەو پەرەسەندنە چاوەڕواننەکراوە روبدات، وادەردەکەوێت بێهودەو بێخۆیە (عبپ) بەرجەستەترینو بەهێزترین توخم کە هیچ پێشینە یا هاوشێوەیەکی نیە، پشتگوێ بخرێ، مەبەست لەو توخمە ساکارەیە کە پێیوایە "پێشکەوتن"ی تەکنۆلۆجیا راستەوخۆ بەرەو چورتمان (کارەسات) دەبات[٢٢]و ئەو زانستانەی لەلایەن ئەم نەوەیەوە دەخوێنرێتو دەوترێتەوە، نەك هەر دەستەوەستانە لەوەی بەرگری لەو دەرئەنجامە کارەستبارانە بکات کە لە پیادەکردنی تەکنۆلۆجیا دەکەونەوە، بەڵکو گەیشتۆتە ئاستێك لە "پێشکەوتن" کە "داهێنانە نەگریسەکانمان بوە بە چەکێك لە چەکەکانی جەنگ"[٢٣]. بەراستیو دروستی هیچ شتێك ناتوانێت زامنی سەربەخۆیی زانکۆکان بکات لە تەڵاقدانی رەهای نێوان ئەو لێکۆڵینەوانەی بۆ جەنگ دەکرێو هەمو ئەو پڕۆژانەی پێوەی پەیوەستن لەگەڵ ئەو کارانەی زانکۆکان پێیهەڵدەستن (بەگوتەی سیناتۆر فۆڵبرایت، زانکۆکان بەوەی بوون پاشکۆی ئەو پڕۆژانەی لەلایەن حکومەتەوە مایەدانی دەکرێ، خیانەتیان

لەو ئەمانەتە کردوە کە میلەت پێی بەخشـیون)[٢٤]، بەڵام کارێکی سـاوێلکانە دەکەین گـەر پێمانوابێت ئەم کارە چییەتی زانسـتی نـوێ دەگۆڕێت یا ڕێگە لە هەوڵو کۆششـە جەنگییەکان دەگرێ، هەروەها کارێکی ساوێلکانەشە گەر پێمانوابێت دیاریکردنی ئاستێك بۆ ئەو هەنگاوانە دەبێتە مایەی ئەوەی ئاسـتی زانسـتی زانکۆکان دابەزێت[٢٥]. تاکە شتێك کە لێی دڵنیاین ئەوەیە حکومەتی فیدراڵی بەتەواوەتـی یارمەتییـە داراییەکانی ڕاناگرێـت، چونکە هەروەکو جـیرۆم لیتڤین لـە پەیمانگـەی تەکنیکی ماساچوسـتس دەڵێت: "حکومەت ناتوانێـت یارمەتیمان نەدات"[٢٦]، بەهەمان شـێوەش زانکـۆکان ناتوانن یارمەتی حکومەتی فیدراڵی وەرنەگرن، بەڵام لە هەمو حاڵەتێکدا هەروەکو هێنری ستیل کۆماجەر دەڵێت پێویستە لەسـەر زانکـۆکان فـێری ئەوەبن کە چـۆن " سـەبارەت بەوەی پێشکەشـی دەکەن، یارمەتییە مادییەکان دەکەن بەیارمەتییەکی نـەزۆك، ".. ئـەوەش کارێکی دژوارە، بەڵام سـەبارەت بە مەزنی دەسـەڵاتی زانکۆکان لە کۆمەڵگە تازەکاندا، کارێکی ئەستەم نیە. بەکورتی گەشەکردنی ڕووکەشـیانەی تەکنۆلۆجیاو ئامێرەکان کە ڕوبەڕوبونەوەیان ئەستەمە، بەتەنها بەوەوە ڕاناوەستێ هەڕەشەی بێـکاری لە هێندێك چیـنی کۆمەڵایەتی بکات، بەڵکو هەڕەشـە لە سەرتاپای نەتەوەکانو گشت ڕەگەزی مرۆڤایەتی دەکات.

شـتێکی سروشـتییە نـەوەی نوێ لە ژیاندا زیاتـر لە ئەگەری کارەسـاتە گەردونییـەکان بەئاگـا بێت تا ئەو نەوەیـەی تەمەنی





لە سەرووی سـی سـاڵەوەیە، ئەویش نەك لەبەر ئەوەی ڕۆڵەکانی نـەوەی نـوێ تەمەنیـان کەمترە، بەڵکـو لەبەر ئـەوەی یەکەمین ئەزمونـی یەکلاکەرەوەیـان بو لـەم جیهانەدا (ئـەوەی پێمانوایە "گرفـتی" واقیعـی هەنوکەیە، ڕەگوریشـەی لە گۆشـتو خوێنی گەنجەکانـدا ڕۆچـوە)[٢٧]. گەر دوو پرسـیاری سـادە لـە نەوەی نـوێ بکەیـت: "دەتەوێت جیهـان لەپاش پەنجا سـاڵی دی چۆن بێت؟"و "دەخوازیت ژیانت لەدوای پێنج سـاڵی دی چۆن بێت؟"، زۆرجـار وەڵامەکە بەم گوزارەیە دەسـت پێـدەکات: "بەمەرجێك ئەگەر دونیایـەك هەبێت"و "بەمەرجێـك بەزیندوێتی بمێنمەوە". یـا هەروەکو جـۆرج واڵـد دەڵێـت: "ئەمـڕۆ ڕوبـەڕوی نەوەیەك دەبینەوە بەهیچ شـێوەیەك دڵنیا نیـە لەوەی ئاییندە هەبێت"[٢٨]. چونکە ئاییندە هەروەکو سـتیڤن سـپێندەر دەڵێت: "لە بۆمبێکی شـاراوەی دانراو دەچێت، بەڵام لە ئێستادا چرکەی کاتنانەوەکەی (توقیت) دەبیسترێ". سەبارەت بەو پرسیارەی کە زۆرجار لەسەر ناسـنامەی نەوەی نـوێ دەکرێ، بەلای مرۆڤەوە پەسـەندە بەوە وەڵامبداتـەوە: "ئەوانە کەسـانێکن دەنگی چرکـەی کاتژمێرەکە دەبیسـتن"، دیسـانەوە پرسـیارێکی دی هەیـە: "ئەوانە کێن کە نکۆڵی لەو هەمو شـتانە دەکەن؟"، ئەگەرێکی زۆر هەیە وەڵامەکە ئەمە بێت: "ئەوانە کەسـانێکن واقیعی شتەکان وەکخۆی ناناسنو ڕەتیشیدەکەنەوە ڕوبەڕوی ئەو واقیعە ببنەوە".

یاخیبونـی خوێنـدکاران دیاردەیەکـی جیهانییـە... بـەڵام

بەدڵنیاییەوە دەرکەوتەکانی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیو زۆر جاریش لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی دی جیاواز دەبێ. ئەم وتەیە بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی جێبەجێ کردنی توندوتیژیش پیادە دەبێ. هەر کاتێك پێکدادانی نێوان نەوەکان لەگەڵ پێکدادانی نێوان بەرژەوەندی دەستەهەستی گروپەکان رێك نەیەتەوە، توندوتیژی زیاتر وەك مەسەلەیەکی تیوریو زمانپاراوی دەمێنێتەوە. ئەم مەسەلەیەش زیاتر بۆ ئەڵمانیا راستی تێیدایە کاتێك بەرژەوەندی دەستەی زانستی زانکۆکان لەوەدابو، زۆرترین ژمارەی خوێندکاران لە کۆنفرانسو سمینارەکاندا کۆبکاتەوە. لە ئەمەریکا هەر کاتێك خۆپێشاندانە ناتوندوتیژەکانی خوێندکاران، وەك داگیرکردنی بینای فەرمانگەکانو گەگرتن (جلسات الاحتجاجیە)و شتی دی لەو بابەتانە، روبەروی هێزو درندەیی پۆلیس بوبێتەوە، ئیدی بزوتنەوەی خوێندکاران زۆر بەجیدی بەرەو توندڕەوی رۆیشتوە، بەڵام توندوتیژی جیدی تەنها لەگەڵ دەرکەوتنی بزوتنەوەی هێزی رەشپێستەکان لە نێو زانکۆکاندا هاتە مەیدانەوە. خوێندکارە رەشپێستەکان، ئەوانەی زۆربەیان لە زانکۆکان وەرگیران بێئەوەی هیچ یەکێکیان خەسڵەتی ئەکادیمی ئەوتۆیان تیابێت کە رێگەی ئەوەیان پێبدات لە زانکۆکان وەربگیرێن، وەك گروپی بەرژەوەندیداروەکئەوەی نوێنەری گروپی رەشەکان بن، تەماشای خۆیان دەکردو ریزەکانیان رێکدەخست. بەرژەوەندیشیان لەوەدابو ئاستی پێوەرە ئەکادیمییەکان بهێننە خوارەوە. لە





سەرەتادا لە یاخیبوانی سپیپێستەکان پارێزتر بوون، بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئاشکرابو (تەنانەت پێش روداوەکانی کۆرنێڵ یۆنیفێرستیو سیتی کۆلێج لە نیویۆرك) کە توندوتیژی لەلای ئەوان بەتەنها مەسەلەیەکی تیوریو زمانپاراوی نەبو. لە پاڵ ئەوەشدا یاخیبونی خوێندکاران لە وڵاتانی رۆژئاوا لە دەرەوەی زانکۆکاندا نەك هیچ جۆرە پشتیوانییەکیان لێنەدەکرا، بەڵکو وەك رێسایەکی گشتی، لەو ساتەوەختەی پەنایان بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی توندوتیژی برد، روبەروی دوژمنایەتییەکی ئاشکرا بونەوە... سەبارەت بەرەشپێستەکان کەمایەتییەکی بەرفراوان لە کۆمەڵەی رەشەکان پشتیوانیان لە توندوتیژی زارەکیو توندوتیژی کردەیی خوێندکارە رەشەکان دەکرد[٢٩]. لە راستیدا دەکرێ لە توندوتیژی رەشپێستەکان تێبگەین، ئەویش لە دەسپێکی لێکچواندنیدا لەگەڵ ئەو توندوتیژییە سەندیکاییەی لەلای نەوەی پێشو لە ئەمەریکا باڵادەست بو. تا ئەو جێگەیەی من ئاگادارم تەنها "ستاوتون لیند" بەئاشکرا ئەمجۆرە لێکچواندنەی نێوان راپەرینی کرێکارانو یاخیبونی خوێندکارانی ئەنجام داوە[٣٠]، ئیدی لێرەوە بۆم دەردەکەوێت کە دەزگای ئەکادیمی لە ئاراستە سەیرەکەیدا زیاتر وەپیر داواکاری رەشپێستەکاندا دەچێت ، تەنانەت گەر زۆر بەراشکاوی داواکاری گیلانەو بێپاساویش بێت[٣١]، تا وەپیرەوەچونی داواکاری بێمەبەستو بەرز لە رووی ئاکارەوە کە خوێندکارە سپیپێستە یاخییەکان داوایان دەکرد، هەروەها وادیارە

ئەم دەزگایە وەك خودی ستاوتون بیردەكاتەوەو هەستدەكات زیاتر ئاسودەتر دەبێت، كاتێك دەبێتە وەلامگۆی ئەو بەرژەوەندییانەی دەستیاری توندوتیژی دەكەن، تا ئەوەی لە بەرامبەر مەسەلەیەكی ناتوندوتیژدا بوەستێتەوە كە "بەشداریكردنی دیموكراسییەت" تاكە داواكارییەتی. تەسلیمبونی دەسەلاتدارانی زانكۆ لە بەرامبەر داواكاری رەشەكاندا، زۆرجار لەرێگەی "هەست بەتاوانكردنی" كۆمەڵەی سپیپێستەكان راڤە دەكرێ! بەلام من پێموایە زانكۆو ئیدارەو ئەنجومەنی چاودێری تەنها نیوەی ئەو راستییە روونە تێدەگەن كە (راپۆرتی رەسمی دەربارەی توندوتیژی لە ئەمەریكا) پێیگەیشتوەو تێیدا هاتوە: "هێزو توندوتیژی لەو كاتانەدا دەتوانن تەكنیكێكی سەركەوتویی گوشارو داواكاری كۆمەلایەتی بن كە لەلایەن جەماوەرێكی بەرفراوانەوە پشتیوانیان لێبكرێ"[٣٢].

بەدڵنیاییەوە ئەو بەرزراگرتنە نوێیەی توندوتیژی بزوتنەوەی خوێندكاران كە ناتوانرێ نكۆڵی لێبكرێ، تایبەتمەندییەكی سەیری هەیە. تێبینی دەكەین زمانپاراوی تێكۆشەرە نوێكان بەوپەری روونییەوە سروش لە نوسینەكانی فانون وەردەگرێ كە پێمانوایە بەشێوەیەكی گشتی ئارگیومێنتە تیورییەكان لە تێكەڵەیەكی سەیری هەمو جۆرە پۆخڵەواتەكانی ماركسیزم پێكدێت. ئەم كارەش هەمو ئەو كەسانە سەرسام دەكات كە پێشتر ماركس یا ئەنگلسیان خوێندۆتەوە. چۆن دەكرێ مرۆڤ ئایدیۆلۆجیای ماركسیزم لەو كەسانەدا بەدیبكات كە ئیمانیان بە خەڵكانی پۆخڵەوات و گروپەكانی





دەرەوەی چینە كۆمەلایەتییەكان هەیەو پێیان وابێت "پرۆلیتاریای لۆمپە (lumpenproletariat) خاڵی دەسپێكی شۆرشی شارەكان پێكبهێنێت..."و باوەریشیان بەوە هەیە كە "دزو جەردە رێگە لە بەردەم میلەت روناك دەكەنەوە"[٣٣]. جان پۆڵ سارتەر ئەوپەری زمانپاراوی بەكارهێناوە تا لە گوزارەیەكی سەرنجراكێشدا، وێنەیەكی ئەم ئیمانە تازەیەمان بۆ بكێشێت. سارتەر بەپشت بەستن بە نوسینەكانی فانون، لەو باوەڕەدایە "توندوتیژی دەتوانێت وەك رمەكەی ئاخیل برینێك ساریژ بكات كە خۆی دروستی كردوە". ئەگەر ئەمەش راست بێت، ئەوا تۆڵەسەندنەوە دەبێتە دەرمانێكی سەیر كە هەمو شەڕەنگێزییەكانمان تیمار دەكات. بەهەر حاڵ ئەم ئەفسانەیە لە ئەفسانەی خۆپێشاندانی گشتی جۆرج سۆرێڵ بێخۆترە (پوچگەراترە)و لە واقیعەوە دوورترەو دەشتوانین بەخراپترین زیادەڕەوی زمانپاراوی فانون بەراوردی بكەین كە دەڵێت: "برسێتیو سەربەرزی زۆر باشترە لە نانی كۆیلایەتی". بۆ ئەوەی ئەمجۆرە لێدوانانە رەتبكەینەوە، پێویستیمان بەوە نیە پەنا بۆ مێژوو یا هیچ ئارگیومێنتێكی تیوری بەرین: رووكەشترین چاودێری پرۆسەی ئۆرگانەكانی جەستەی مرۆڤ دەزانێت ئەو وشانە راست نیە، بەلام گەر فانون بیگوتایە نانو سەربەرزی لە خواردنی شیرینیو كۆیلایەتی باشترە، ئەوا گوزارەیەكی لەوجۆرە هەمو كاریگەرییەكی زارەكی خۆی لە دەستدەدا.

كاتێك مرۆڤ ئەو گوزارە پڕژاوەژاو،و نابەرپرسانەیە دەخوێنێتەوە

– ئەوەی لێرەدا باسم کردوە بە باشترین شێوە گوزارشت لە دەقەکە دەکات، ئەمە لەگەڵ ئەوەی فانون سوربو لەسەر ئەوەی بەپێی توانا لە واقیع نزیك بێتەوە – و لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی لەسەر مێژووی یاخیبون و شۆڕشەکان لەبەردەستمانە، شیتەڵکاری بۆ دەکات، توشی وەسوەسە دەبێت کە نکۆڵی لە ماناکانی بکات و واتەماشای بکات وەکئەوەی تەنها گوزارشتێك بێت لە میزاجێکی راگوزەر یا نەزانی یا گوزارشت لە جوامێری هەستی میلەت بکات کە روبەروی روداوی بێوێنە بۆتەوە و نەتوانێت ژێرانە مامەڵەی لە تەکدا بکات و هەست و نەستێك زیندوبکاتەوە کە مارکس ئومێدەوار بو شۆڕش بۆ هەتاهەتایە لە شەرەنگیزیان رزگاری بێت.

چ کەسێك بەگومان بوە لەوەی، ئەو کەسەی رۆژگارێك روبەروی توندوتیژی بۆتەوە، خەون بەتوندوتیژییەوە دەبینێت و چەوساوە "خەون دەبینێ گەر بۆ تەنها رۆژێکیش بوە شوێنی چەوسێنەر بگرێتەوە" و هەژار خەون بە ماڵ و موڵکی دەوڵەمەندەکانەوە دەبینێت و ئازاردیدە خەون بەوەوە دەبینێت "لەجیاتی ئەوەی نیچیر بێت، رۆڵی راوکەر ببینێت" و لە شوێنێکی ئەم مەملەکەتەدا "دواهەمین دەبێتە یەکەمین و یەکەمین دەبێتە دواهەمین"، رۆڵی دواهەمین لەگەڵ یەکەمین دەگۆڕنەوە؟[٣٤]. گرفتەکەش هەروەکو مارکس دەیبینێ، هەرگیز خەون نابێت بە حەقیقەت[٣٥]. ئێمە دەزانین شۆڕشی کۆیلەکان و راپەرینی چەوساوە و بێبەشەکان، بەدرێژایی مێژوو چەند دەگمەن بوە و ئەو چەند جارە کەمەش





راپەرینی لەوجۆرە رویداوە تەنها "هەڵچونی تورەبونێکی شێتانە بوە" و خەونەکانی بۆ مۆتەکەی هەموان گۆڕیوە. تا ئەو شوێنەی من ئاگادارم، مێژوو هیچ حاڵەتێکی بەخۆیەوە نەدیوە کە "تەقینەوە گڕکانییەکان" بەوتەی سارتەر، لەگەڵ "ئەو کەسانەی گوشارەکەیان لەسەرە" یەکسان بێت. تێکەڵکردنی ئەمجۆرە راپەرینە لەگەڵ بزوتنەوە رزگاریخوازەکان، بەمانای پێشبینی کردنی ئەمەی دوایی دێت، ئەمە چجای ئەو سەرکەوتنەی کە لە هیچ حاڵەتێکدا لە توانادا نیە، هەرگیز نابێتە هۆی ئەوەی جیهان یا سیستم بگۆڕێت، بەڵکو تەنها سەرکردەکان دەگۆڕێت. دواجار بیرکردنەوە لەوەی کە شتێك بە ناوی "یەکێتی جیهانی سێیەم"ەوە بوونی هەیە و دەکرێ لە سەردەمی کۆلۆنیالگەرایی بە دروشمی "رۆڵەکانی جیهانی سێیەم یەکبگرن" (سارتەر) پەنای بۆ ببرێت، جگە لە خراپ دوبارەکردنەوەی وەهمەکانی مارکس لەسەر ئاستێکی بەرفراوانترو زۆر بێپاساوتر، شتێکی دی نیە. جیهانی سێیەم، جیهانێکی ئایدیۆلۆجیایە، نەك جیهانێکی راستەقینە[٣٦].

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، چ شتێك زۆرێك لە بانگەشەکارانی توندوتیژی والێدەکات لە جیاوازی یەکلاکەرەوەی نێوان خۆیان و زانیارییەکانی کارڵ مارکس ئاگادار نەبن، یا بەوتەیەکی دی، ئەو هۆیە چییە وایانلێدەکات بەوپەری کەللەشەقییەوە پێداگری لەسەر ئەو چەمك و بۆچونانە بکەن کە نەك تەنها پێشکەوتنی دونیا رەتیکردۆتەوە، بەڵکو هەروەکو روون و ئاشکرایە بەتەواوەتی لەگەڵ

رێوشوێنە سیاسییەکانی خۆشیاندا ناکۆك دەوەستێتەوە. تاکە دروشمێکی سیاسی پۆزەتیڤ کە بزوتنەوە پێشکەشی کردوەو لەسەرتاسەری جیهاندا دەنگدانەوەی هەبوەو خاڵی هاوبەشی نێوان یاخیبوانی رۆژهەڵاتو رۆژئاواش پێکدەهێنێت، بریتیە لە بانگەوازی "بەشداریکردنی دیموکراسی"، کە بۆ باشترین نەریتی شۆڕشگێڕی دەگەڕێتەوە: سیستمی ئەنجومەنەکان لە سەدەی هەژدەهەمەوە دەرئەنجامێکی رەسەنی – سەرباری ئەوەی هەمیشە شکستی هێناوە – هەمو کارێکی شۆڕشگێڕانە بوە. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئاماژەیەك لەسەر ئەم ئامانجە، چ وەك وشە یا وەك ناوەڕۆك لە نوسینەکانی کارڵ مارکسو لینیندا بەدیناکرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئامانجی هەردووکیان دامەزراندنی کۆمەڵگەیەك بو کە تێیدا لەگەڵ نەمانی خودی دەوڵەتدا، پێداویستی بەکاری مەدەنیو بەشداریکردن لە کاروباری گشتیشدا نامێنێت[٣٨]. بەهەر حاڵ چەپی نوێ بە هۆی ئەو شەرمنیو نابوێرییە سەیرەی لە بواری تیوریدا پێیدەناسرێتەوە، ئەو شەرمنییەی بەشێوەیەکی سەیر لەگەڵ بوێری پراکتیکیدا ناکۆك دەکەوێتەوە، دروشمەکانیان لەسەر ئاستی بانگەوازی زارەکی دەمێنێتەوە کە بەشێوەیەکی زۆر ناچوونیەك پەنای بۆ دەبرێت، ئەویش مەبەستی روبەروبونەوەی دیموکراسییەتی رۆژئاوا کە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی بونیاتنراوە، یا لە پێناوی روبەروبونەوەی بیروکراسییەتی تاك حیزبی رۆژهەڵات، ئەو بیروکراسییەتەی لە دەسپێکی پرەنسیپی بوونی خۆیەوە،





شێوازی بەشداریکردن وەلاوەدەنێت، (ئەو دیموکراسییەتەی تەنانەت خەریکە ئەرکی نوێنەراتیش لە دەستدەدا، لە بەرامبەر ئەو ئامێرە حیزبییەی لە جیاتی ئەوەی نوێنەرایەتی ئەندامانی حیزب بکات، نوێنەرایەتی حوکمی ئیداری دەکات، پاشەکشێ دەکات).

بێئاگایی چەپی نوێی لە مەودای ناکۆکی نێوان مۆرکی ئاکاریی یاخیبونو – ئەوەش کارێکە بەشێوەیەکی بەرفراوان پەسەند دەکرێ[٣٩] – زمانپاراوی مارکسییەت، لەو وەلا نامۆیەی بۆ رابردو مایەی سەرسورمانترە. بەهەر حاڵ لەم بزوتنەوەیەدا هیچ شتێکی دی ئەوەندەی مۆرکە نەزیهەکەی سەرسورهێنەرتر نیە. پیتەر ستێنفیڵس، لە وتارێکیدا دەربارەی "شۆڕشی ١٩٦٨ی فەرەنسا، لە (گۆڤاری کۆمۆنوێڵ، تەموزی ١٩٦٨) بە تەواوەتی لەسەر هەق بو کاتێك دەنوسێت: "پێگی (چارڵس پێگی) دەیتوانی ببێت بە سەرکردەی ئەم شۆڕشە کولتورییە، چونکە بەچاوی سوکایەتییەوە تەماشای پیاوماقوڵانی سۆربۆنی دەکرد، هەروەها سوکایەتی بەو ئایدیاڵەشیان دەکرد کە پێیوابو شۆڕشی کۆمەڵایەتی یا دەبێ شۆڕشی ئاکاری بێت، یا هەرگیز نابێت". بەدڵنیاییەوە گشت بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکان خەڵکانی پاك رێبەرایەتیانی کردوەو ئەنگیزەی هاوسۆزی یا جۆشو خرۆشیان بۆ دادوەری بزوێنەریان بوە کە بەدڵنیاییەوە، ئەم کارە بەسەر مارکسو لینینیشدا پیادە دەبێ. بەڵام مارکس – بەپێی زانیارییەکانی ئێمە – بەتەواوەتی

ئەمجۆرە ئەنگیزە "هاوسۆزییەی" وەلاوەناوەو لە بەرامبەریشدا مەسەلەی "پاکی" رێبەرەکانی بەوجۆرە چارەسەرکردوە کە پێشەنگی مرۆڤ‌و بەرژەوەندییە باڵاکانی مێژووی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکەن (ئەمرۆ کاتێك دەسەڵاتداران بەڵگە ئاکارییەکان لە ژێر ناونیشانی "هاوسۆزی" رەتدەکەنەوە، ئیدی وادەردەکەوێت لە خودی یاخیبوان لە ئایدیۆلۆجیای مارکسیزمەوە نزیکتربن)[٤٠]. لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە مارکس‌و لینین بەرگریان لەو بەرژەوەندییانەی چینی کرێکاران بکردایە کە جەوهەرێکی مادی رووتی هەبو، هەروەها ئاوێتەشیان بن، چونکە بەوشێوەیە دەیانتوانی لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆمەڵدا پێگەیەکی پرجوڵەی تۆکمە بۆ خۆیان پەیدا بکەن‌و بەدیاریکراوییش هەر لە سەرەتاوە یاخیبوانی ئەم سەردەمەی ئێمە، ئەمجۆرە پێگەیەیان نەبو، هەر چەندە زۆر هەوڵی بێئاکامیاندا بۆ ئەوەی لە دەرەوەی پەرژینی زانکۆکان هاوپەیمان پەیدا بکەن، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی ئەوجۆرە هاوپەیمانە بدۆزنەوە، بۆیە تێبینی دەکەین دژایەتی کردنیان لەلایەن کرێکارانی هەمو وڵاتانی دونیاوە کارێکی بەڵگەنەویست بو[٤١]، لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا بەتەواوەتی شکستیان هێنا لەوەی هاوکاری لەگەڵ بزوتنەوەی هێزی رەشپێستەکان ببەستن، ئەو بزوتنەوەیەی کە تۆکمەیی رەگوریشەیی خوێندکارەکانی لە تایبەتمەندی تایفییانەوە سەرچاوە دەگرێ‌و سەرئەنجام پێگەیەکی بەهێزتر لە زانکۆکان داگیردەکەن، ئەوەش تەڵخترین





شکستی سپپێستەکان بو (بەڵام ئەوەی هەمو ئەوانە لە ژێری‌و حیکمەتی هێزی رەشپێستەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت، بێئەوەی بکەونە داوی ئەوەی بەرامبەر سەرکردە نەزیهەکانی رەنگێکی دی، رۆڵی پرۆلیتاریا وازیبکەن، مەسەلەیەکی دییە). شتێکی سەیر نیە، ئەوە بەیادبهێنینەوە کە ئەو ئەڵمانیایەی هەمیشە مەڵبەندی بزوتنەوەکانی گەنجان بوە، گروپێك لە خوێندکاران پێشنیازی ئەوەیان دەکرد، "گشت گروپە رێکخراوەکانی گەنجان" بهێنێتە ریزەکانی خۆیەوە[٤٢]. بێهودەیی ئەمجۆرە پێشنیازانە زۆر روون‌و ئاشکرایە.

ئەو راڤەکردنانەی لەم هەمو ناکۆکیانەوە سەرهەڵدەدەن، لێیان دڵنیا نیم، بەڵام گومانم هەیە لەوەی قوڵترین سۆنگەی ئەم وەفادارییە بەرامبەر ئەو هەوڵانەی بەدیاریکراوی بۆ بیروباوەرە شێوەگەراکانی سەدەی نۆزدەهەم دەگەرێتەوەو بەچەمکی پێشکەوتنەوە پەیوەستە، هاوشان بێت لەگەڵ رەتکردنەوەی وازهێنان لەو بیرۆکەیەی کە سەرکەوتو بوە لە سایەی ئالای "چەپدا" لیبرالیزم، سۆسیالیزم‌و کۆمۆنیزم کۆبکاتەوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە بەئاستی ئەو جێمتمانەیی‌و گەشەسەندنە بگات کە لە نوسینەکانی مارکسدا بەدیدەکەین (پیواری ناچونیەکی یەکێکە لەو نەنگییە سەرەکییانەی فیکری لیبرالیزمی پێدەناسرێتەوەو خاڵی سەرەکی لاوازیشێتی، چونکە ئەم فیکرە لە دەسپێکی چەمکەکانی مارکس‌و هیگلەوە وەلای رەها بۆ فیکری پێشکەوتن‌و

رەتکردنەوەی رەهای بەرزراگرتنی مێژوو، پێکەوە ئاوێتەو ئاوێزان دەکات، لەگەڵ ئەوەی تاکە چەمکێکە دەتوانێت پاساو بۆ فیکری پێشکەوتن بهێنێتەوەو زامنی بکات).

فیکرێکی داهێنەرانە لەسەر بوونی شتێکی وەك پێشکەوتنی گشت رەگەزی مرۆیی لە پێش سەدەی حەڤدەهەمدا فیکرێکی نامۆو نەزانراو بو، پاشان بیریارانی سەدەی هەژدەهەم وەك بیروباوەرێکی باو بەشدارییان تێیدا کرد، دواتریش لە سەدەی نۆزدەهەمدا کۆمەڵگە لە فۆرمی فیکرێکی دۆگمادا پەسەندی کرد، بەڵام جیاوازی نێوان چەمکە کۆنەکانو ئەوەی لە دواجاردا ئەم چەمکانە پێیدەگەن، جیاوازییەکی یەکلاکەرەوە بو. سەدەی حەڤدەهەم کە لە رێگەی پاسکاڵو فۆنتینێل -ەوە نوێنەرایەتی دەکرێ، پێشکەوتن بەدارشتە کەڵەکەبوەکانی زانستی سەدەکانی رابردو دادەنێت، بەڵام لە سەدەی هەژدەهەمدا چەمکی پێشکەوتن بە مانای "پەروەردەی رەگەزی مرۆڤ" بەکاردەهات (نمونەی ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە کتێبێکی لیسینگ -ە بەهەمان ناونیشان Menschengschlechts Erzeihung des )، کە پێویستە ئامانجی ئەم پەروەردەیە لەگەڵ باڵقبونی مرۆڤدا تەباو سازگار بێت. هەڵبەتە لەو رۆژگارەدا پێشکەوتن پرۆسەکی نادیاریکراو نەبو، ئەگەر وەك جیهانی ئازادی کە کۆتایی مێژوو پێکدەهێنێت، تەماشای کۆمەڵگەی بێچینی مارکس بکەین - ئەو کۆتاییەی زۆرجار واتەماشا دەکرا کە لاهوتی مەسیحیو چاوەڕوانی یەهودی





بۆ عەلمانییەت دەگۆڕێت - ئەوا مۆرکی سەردەمی رۆشنگەری لە دوتوێی راستییەکانیدا هەڵدەگرێت. هەر چۆنێك بێت، سەدەی نۆزدەهەم هەر لە سەرەتاوە نەمانی ئەوجۆرە دیاریکردنەی تێیدا بەدیدەکرا. ئەمرۆ، بەپێی وتەکانی برودۆن، جوڵە "بکەری یەکەمە"و تەنها "یاسای جوڵە یاسای هەتاهەتاییە". ئەم جوڵەیە سەرەتاو کۆتایی نیە: "جوڵەیەکە بوونی هەیەو ئەمەش هەمو شتێکە!". بەڵام ئەوەی دەتوانین سەبارەت بە مرۆڤ بیڵێین بریتیە لەوەی: "لە دایکبوین بۆ ئەوەی بەکامڵبون بگەین، بەڵام هەرگیز پێیناگەین"[٤٣]. بێگومان ئەو دەستەواژەیەی مارکس لە هیگل وەریگرتوەو دەڵێت هەمو کۆمەڵگەیەکی کۆن لە مناڵدانیدا تۆی کۆمەڵگەکانی دوای خۆی هەڵگرتوە، رێك وەکئەوەی هەمو بونەوەرێکی زیندو تۆی نەوەکانی خۆی هەڵگرتوە. بێگومان ئەو دەستەواژەیە بەتەنها دەستەواژەیەکی ژیرانە نیە، بەڵکو تاکە گرەنتی تێگەیشتنێکە بۆ بەردەوامی هەمیشەیی گەشەسەندن لە مێژوداو لەبەر ئەوەی جوڵەی ئەم پێشکەوتنە دەبێ لە رێگەی بەریەککەوتنی هێزە دژەکانەوە بەدیبێت، ئیدی لێرەوە دەتوانرێ هەر "هەنگاوێك بەرەو دواوە" بەگەڕانەوەیەکی پێویست، بەڵام کاتی، راڤە بکرێ.

بەدڵنیاییەوە لە کۆتایی ئەم شیتەڵکارییەدا تەنها دەتوانین وێنەیەکی مەجازی (میتافۆری) بەدیبکەین، کە بەهەمو پێداگرییەکەوە بناغەیەکی پتەو بۆ هیچ تیورەیەك پێکناهێنێت،

بەڵام بەداخەوە وەك واقعێك ماركسیزم لەو بوارەدا هاوبەشی كۆمەڵێك تیورەی فەلسەفی دەكات، بۆیە جیاوازییەكەی هەر زۆر بەخێرایی دەردەكەوێت، كاتێك بەوێنا مێژووییەكانی دی بەراورد دەكرێ، وەك وێنای "گەڕانەوەی هەتاهەتایی"و "سەركەوتن‌و كەوتنی ئیمپراتۆرەكان" یا ئەو وێنایانەی لەسەر روداوە رێكەوتە ناچونیەكەكان دەدوێن‌و دەكرێ گشت ئەو وێنایانەش بە دوكیومێنت بكرێن‌و پاساویان بۆ بهێنرێتەوە، بەڵام هیچ كامیان زامنی گەشەسەندێكی بەردەوام بەدرێژایی زەمەن، یا پێشكەوتنێكی بەردەوام بەدرێژایی مێژوو ناكەن. تاكە وێنایەكی پێشبڕكێكار لەم بوارەدا، ئەو وێنا كۆنەی چەرخی ئاڵتونییە كە هەر لەسەرەتاوە باڵادەست بووە‌و هەمو شتێكیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام ئەم وێنایە رەهایەكی ناخۆش بەوێرانەیەكی بەردەوام دەسەپێنێت. بەدڵنیاییەوە ئەو بیرۆكە ئارامبەخشەی قسە لەسەر دۆزینەوەی جیهانێكی باشتر دەكات، بریتییە لەوەی هەنگاو بەرەو ئایندە بنێین، ئەوەش هەنگاوێكە كە ناتوانین خۆمانی لێ لابدەین، بۆ ئەوەی جیهانێكی باشتر بدۆزینەوە، بەڵام ئەم وێنایەش هێندێك دەرئەنجامی لاوەكی لەخۆدەگرێ كە وادەردەكەوێت كەمتر مایەی ئاسودەیی بێت. بەپلەی یەكەم واقعێكی ساكار هەیە پێمان دەڵێت ئایندەی گشتی رەگەزی مرۆڤ ناتوانێت هیچ شتێك بۆ ژیانی تاكەكەس دەستەبەر بكات، ئەو ژیانەی مردن تاكە ئایندەی بەڵگەنەویستیی پێكدەهێنێت، پاشان ئەگەر ئەم واقیعە بەلاوەبنێت‌و تەنها بیر





لەشتە گشتییەكان بكاتەوە، ئەوا لە دژی پێشكەوتن خۆی بەرامبەر ئەم ئەرگیومێنتە دەبینێتەوە، كە بەوتەی هێرتزن: "پێشكەوتنی مرۆڤ خۆی لە جۆرێك ستەمی هەمیشەیی دەنوێنێت، چونكە ئەوانەی دواتر دێن سود لەو رەنج‌و كارە وەردەگرن كە ئەوانەی پێش خۆیان ئەنجامیان داوە، بێئەوەی ناچار بن هەمان نرخ بدەن"[٤٤]، یا هەروەكو كانت دەڵێت: "هەمیشە ئەوەی مایەی دڵەڕاوكێیە ئەوەیە بەجۆرێك تەماشای نەوەكانی پێشو بكەین كە ناچاربون كاری قورس ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی نەوەكانی دوای خۆیان سودی لێوەربگرن.. تەنها ئەوانەی دواتر دەگەن بەختەوەر دەبن لە بینایەكی تەواوكراودا نیشتەجێ بن"[٤٥].

بەهەر حاڵ ئەو نەنگی‌و زیانانانەی بەدەگمەن سەرنجو ئاوڕی لێدراوەتەوە، نەك هەر بەو دەسكەوتە مەزنە ناگات كە پێشكەوتن بەبێ دابڕان لە پەیوەندی زەمەن ناتوانێت رابردو راڤەبكات، بەڵكو دەتوانێت لە ئایندەشدا كاروبارەكان رێنمایی بكات. ئەمەش هەمان ئەوە شتە بو كە ماركس بە ئاوەژوكردنەوەی هیگل دۆزییەوە، بەو مانایەی كە دیدوبۆچونی مێژوونوسی گۆڕی، چونكە مێژوونوس لەجیاتی ئەوەی بەتەنها لەرابردو بڕوانێت، ئەمڕۆ بەهەمو دڵنیاییەكەوە دەتوانێت لە ئایندەش بڕوانێت. پێشكەوتن وەڵامی ئەم پرسیارە پڕدەردەسەرییە دەداتەوە: "ئێستا چی بكەین؟"، بەڵام وەڵامدانەوە لەسەر نزمترین ئاستیدا دەڵێت: با ئەوەی هەمانە گەشەی پێبدەین تا شتێكی باشترو

مەزنتری لێهەڵگۆزین... تا ئەوەی "ئیمانی لیبراڵەکان بەرامبەر بە فیکری پێشکەوتن کە سـەرەتا بەناعەقڵانی دەردەکەوێتو گشت تیورە سیاسـیو ئابورییە هەنوکەییەکانی ئێمـە دەگرێتەوە، لەم وێنایەوە سـەرچاوە دەگرێ". لەسـەر ئاسـتی بیرکردنەوەیەکی گەشـەکردوی چەپگەرا، پێشکەوتن پێمان دەڵێت پێویستە گەشە بەدژایەتییەکانـی ئێسـتا بدەین تـا بە پێکهاتەیـەك بگەین کە لە کرۆکـی سروشـتەکەیدایە. لە هەر دوو حاڵەتەکـەدا لەوە دڵنیایین کە هیچ شتێکی پێشـبینەکراو یا بەتەواوەتی نوێ رونادات... ئەو شـتەی رودەدا جگە لە دەرئەنجامێکی "حەتمی" ئەوەی پێشـتر دەیزانین شـتێکی دی نیە[٤٦]. ئایا شـتێکی دڵنیاتر نیە درك بەوە بکەیـن، هەروەکو هیگل دەڵێت: "هیچ شـتێك بەرهەم نایەت جگە لەوەی کە بەفیعلی هەیە"[٤٧].

لـێرەدا پێویسـتیم بـەوە نیە ئـەوە زیاد بکەم کـە هەمو ئەو ئەزمونانەی لەم سەدەیەدا ئاشـنایەتیمان لە تەکیدا پەیداکردوەو وایلێکردوین هەمیشـە لەگەڵ ئەوەی بەتەواوەتی پێشبینینەکراوە روبەروبینـەوە، زۆر بەروونی لەگەڵ ئەو چەمكو لێکدانەوانە ناکۆك دەوەسـتێتەوە کـە پێمانوایـە میللیبونـی لەوێـوەوە بەبەرهەم هاتـوە کـە لـە روبەروبونـەوەی واقیعـدا، پەناگەیەکـی ئـارامو ئاسودەو زانستئاسـا دەسـتەبەر دەکات. یاخیبونی خوێندکاران کـە لە ئیعتباراتی ئاکارییەوە سـروش وەردەگـرێ، بەدڵنیاییەوە بۆ روداوە پێشـبینینەکراوەکانی ئەم سـەدەیە دەگەڕێتەوە. ئەم





نەوەیە وەك نەوەکانی پێشـو درکی بەهیـچ یەکێك لە ئەرکەکانی نەکردوە جگە لە فرە چەشنی تێورەی "پشکی من لەم کێکەدا" لە بواری کۆمەڵایەتیو سیاسیدا چەندە، وانەیەکی لەسەر پرەنسیپی گەمەکردن یا راسـتترە بڵێین سـنوری ئەم پرەنسـیپە فێرکردوین کـە پێویسـتە هەرگیز لـە یادی نەکەیـن. دەکـرێ گەمەکردن لە رێگەی گوشـاری جەستەییو ئەشـکەنجەدانو برسیکردن لەسەر مـرۆڤ پیادەبکـرێ، هەروەهـا دەشـێت ئـەو مرۆڤانە لـە رێگەی راگەیاندنێکـی ئاراسـتەکراوو رێکخـراودا لەقاڵـب بدرێـن، بـەڵام ناتوانـرێ ئـەو ئەرکە لە رێگـەی "هێزی ناچارکردنی شـاراوە"ی وەك تەلەفزیـۆنو ئاگاداری یا هەر ئامرازێکی زانراوی دی کۆمەڵگە ئـازادەکان ئەنجـام بدرێ. جێگـەی داخە کـە رەتکردنەوەی ئەو تیورەیە بەپاڵپشـتی خودی واقیع، هەمیشـە لە باشترین حاڵەتیدا کارێکە سـەرباری لەرزۆکی، کاتێکی زۆریش دەخایەنێت. ئەوانەی خوویان بە پرەنسـیپی گەمەکردنـەوەوە گرتوە، ئیدی چ ئەوانەی ئەم پرەنسـیپە دەیانتۆقێنێت، یا ئەوانەی هیواو ئومێدیان لەسەر هەڵچنیوە، هەرگیز ناتوانن لە جەوهەری ئەو سـاتەوەختە تێبگەن کە گەمەکردن لە ئەرکەکانیدا سەرکەوتو دەبێت (یەکێك لەجوانترین نمونەی ئەو تیوریانەی زۆر بەخێرایی بەپۆچی دەگۆرێت، لەماوەی ئـاژاوەو پشـێوییەکانی "پارکی میلی" لە زانکـۆی بێرکلی رویدا. کاتێـك هێزەکانـی پۆلیـسو گاردی نیشـتمانی بە تفەنـگو دارو هێلیکۆپتـەری سـازو ئامـادە بەگـازی فرمێسـکرێژ، پەلامـاری

خوێنـدکارە بێچەکەکانیانـدا، ئەوانـەی جگە لە دروشـم وتنەوە شتێکی ترسناکیان نەکرد بو، هێندێك لە پیاوانی گاردی نیشتمانی بەئاشـکرا دۆستایەتیان لەگەڵ "دوژمنەکانیان" دەکرد.. تەنانەت یەکێکیان چەکەکەی دەسـتی فرێداو هاواریدەکرد: "چیدی ناتوانم بەرگـەی ئەم کارە بگـرم"، بەڵام دواتر چی رویـدا؟، لەم چەرخە رۆشـنگەرەی ژیانی تیا دەگوزەرێنـین، روداوێکی لەوجۆرە تەنها وەك شـێتییەك راڤە دەکرێ. بۆیە یەکسـەر پشـکنینی دەرونیان بۆ ئەو کەسـە کردو دەسـت نیشـانکردنی نەخۆشییەکەیشی زۆر روونو ئاشکرا بو بەوەی بەدەست "نەخۆشی دوژمنایەتی کپکراو" دەناڵێنێت)[٤٨].

بەدڵنیاییەوە لەم رۆژگارە پڕ خورافاتەی ئێمەدا، پێشـکەوتن لەهەمـو ئـەو بابەتانـەی لە بـازاری فیکـری غەیبانییەتدا نمایش دەکـرێ، ئاڵۆزتـرو جیدیـترە[٤٩]. ئیمانـی ناعەقڵانـی سـەدەی نۆزدەهـەم لەبەرامبـەر پێشـکەوتنی بێسـنوردا بەشـێوەیەکی بەرفـراوان پەسـەندکرا، بەتایبەتی بەهۆی پێشـکەوتنی زانسـتی سروشـتی کەلـە سـەرهەڵدانی چەرخی تـازەوە بوە زانستێکی "جیهانگیر"و دواتریش دەتوانێ لە دۆزینەوەی پانتایی گەردوندا چاو لە ئەرکێکی بێپایاندا ببڕێت. بەڵام زانسـت، تەنانەت گەر قەتیسیش نەکرێ بە بچوکی زەمینو سروشتەکەیەوە، بکرێتە بابەتی پێشـکەوتنێکی ناکۆتا، ئەوا بەهیچ شێوەیەك لە شێوەکان کارێکی یەکلاکەرەوە نیە. شتێکی روونو ئاشکرایە کە لێکۆڵینەوە





زانستیەکانی بواری مرۆڤایەتی، واتە ئەو زانستانەی پەیوەندیان بە بەرهەمی عەقڵی مرۆڤەوە هەیە، پێویستە سنوری هەبێت. داواکاری بـەردەوامو بێمانـا لەسـەر لێکۆڵینـەوەی زانکۆیی لـە ژمارەیەك لـەو بوارانـەی کە لەگەڵیـدا ناتوانرێ چوارچێـوەی لێکۆڵینەوەی زانستی داهێنەرانە تێپەرێنێت، بەتەنها دەبێتە مایەی پێواری جێ متمانەیی زانسـتیو زانینی زیاترو زیاتر لە شـتی کەمترو کەمتر یا جۆرێـك لە لێکۆڵینەوەی سـاختە فەراهەم دەکات کـە لە واقیعدا بابەتی لێکۆڵینەوەکە وێراندەکات[٥٠]. شـایانی سـەرنجو تێبینییە کـە هەر کاتێـك ئەنگیزەکانی شۆڕشـی گەنجـان، بەپێی پێوەرە ئاکاریو سیاسییەکان نەبێت، بەشێوەیەکی تایبەتی پەلاماری ئەو شـکۆمەندییە دەدا کە زانکۆکان بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجامی دەدەن، چونکـە لـە دیـدی ئەوانەوە هـەر دوکیـان، لەبەر هۆی جیاواز، جێگەی گومانو دوچاری بارێکی ناتەندروسـت دەبنەوە. لە راسـتیدا لە هەر دوو حاڵەتەکەدا شـتێکی ئەستەم نیە بەخاڵی وەرچەرخـان بگەین کـە تێیـدا بەروبومەکەی پاسـیڤو کاولکار دەبێـت. بەتەنهـا پێشـکەوتنی زانسـتەکان لەگەڵ پێشـکەوتنی مرۆڤایەتیـدا (ئیدی مانـای هەر چییەك بێت) ناتەبـا ناکەوێتەوە، بەڵکو دەشـێت ببێتە مایەی کۆتایـی پێهێنانی رەگەزی مرۆڤیش، رێك وەکئەوەی پێشـکەوتنی لێکۆڵینەوە لە زانسـتە مرۆییەکاندا بەوێرانکردنی گشـت ئەو شتانە کۆتایی بێت کە لە روانگەی ئێمەدا پاسـاوێکی هەبێت بۆ ئەوەی خودی لێکۆڵینەوەکە ئەنجام بدەین.

بەوتەیەکــی دی، چەمکی پێشــکەوتن ناتوانێــت وەك پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی قەوارەی پرۆســەی گۆڕانکارییە کارەساتاوییەکان بەکاربهێنرێ کە بەدەستی خۆمان هاتۆتەبوون.

لەبەر ئەوەی لێرەدا بەتایبەتی ســەروکارمان لەگەڵ مەسەلەی توندوتیژیدا هەیە، بۆیە لەسەر من پێویستە هوشداری بدەم لە هەر هەولێك کە بۆ بەدحاڵیبون دەدرێ. ئەگەر وەك پرۆسەی زەمەنێکی پەیوەست لە مێژوو بڕوانین کە ناکرێ رێگە لە پێشکەوتنی بگیرێت، ئیدی دەشێت گومان بکەین لەوەی کە توندوتیژی لە فۆرمی جەنگو شۆڕشــدا، تاکە شــتێکە بتوانێت دابڕان لەو زەمەنە پەیوەســتەدا دروســت بکات. ئەگەر راســت بێت پیادەکردنــی توندوتیژی تاکە ئامــراز بێت کە بتوانێت دابڕان لە پرۆســەی خۆبەخۆ لە کاروباری مرۆیــی دروســتبکات، ئــەوا بەدڵنیاییــەوە ئەوانــەی بانگــەوازی توندوتیــژی دەکــەن، خاڵێکی ســەرەکی لــە بەرژەوەندی خۆیان تۆمــار دەکەن. (بەپێــی زانیارییەکانــی من، لــەرووی تیورییەوە هیــچ کەس ئــەم خاڵەی تۆمار نەکــردوە، بەڵام بە بــڕوای من لەم چەند ســاڵەی دوایەدا، چالاکییە ئاژاوەگێرییەکانــی خوێندکاران، لەســەر هەمان قەناعــەت بەرپاکرا). خەســڵەتی هــەر کارێك هەر چییــەك بێت، لە جیــاوازی لەگەڵ رەفتاری ئاســاییدا، دابڕان لەو شــتانە دروســتدەکات کە ئەگەر ئەو کارە بە شــێوازێکی خۆبەخۆ فۆرمی خۆی وەرنەگرتبێت، لە بەرامبەر ئەوەشــدا بە شــێوەیەکی پێشبینینەکراو بەردەوامی بەرەوتی خۆی بدات.

# بەشی دووەم

من لە پاشخانی ئەم ئەزمونانەوە پێشنیاز دەکەم کە کێشەی توندوتیژی لە کایەی سیاسیدا بخرێتەڕوو، بەڵام ئەم کارە سانا نیە، چونکە هەروەکو سۆرێڵ پێش شەست ساڵ تێبینی کردوە "کێشەکانی توندوتیژی تا هەنوکەش زۆر لێڵو ئاڵۆزە"[٥١] و ئەم گوتەیە هێشتا وەك سەردەمی سۆرێڵ راستی خۆی لەدەست نەداوە. پێشتر سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی وەك خودی دیاردەیەك، باسم لە دورەپەرێزیو کەمتەرخەمی گشتی کردوەو ئێستاش پێویستە لەسەرم ئەم حوکمە تایبەتو ئاوارتەیە یەکلابکەمەوە. ئەگەر ئاورێك لەو گفتوگۆیانە بدەینەوە کە دەربارەی دیاردەی توندوتیژی ئەنجام دراوە، هەر بەزوویی لەنێوان تیوریستە سیاسییەکان، بەچەپو راستیانەوە، هاوئاهەنگییەك بەدیدەکەین، بەوەی توندەتیژی جگە لە روونترین دەرکەوتنی دەسەڵات شتێکی دی نیە. "سەرلەبەری سیاسەت ململانێو کێشمەکێشە لە پێناوی دەسەڵاتداو باڵاترین جۆری دەسەڵاتیش، توندوتیژییە". ئەم وشانەی رایت مێڵز دەنگدانەوەی پێناسەکەی ماکس ڤیبەر (Max Weber) بو سەبارەت بەدەوڵەت، چونکە بەبڕوای ڤیبەر دەوڵەت



بریتیە لە "دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە کە لەسەر بنەمای ئامرازی توندوتیژی مەشروع دامەزراوە – واتە شەرعییەتدان بە توندوتیژی"[٥٢]. بەڵام ئەم هاوئاهەنگییە وەك شتێکی زۆر سەیرو نامۆ دەردەکەوێت، چونکە وەکیەك دانانی دەسەڵاتی سیاسیو توندوتیژی رێکخراو تەنها لەو حاڵەتەدا مانایەك دەبەخشێت کە پەیڕەوی لە هەڵسەنگاندنەکەی مارکس بکەین، بەوەی دەوڵەت ئامرازێکی سەرکوتکردنی چینی باڵا دەستە. لە بەرامبەر ئەوەشدا روودەکەینە ئەو کەسانەی بڕوایان نەبو بەوەی جەستەی سیاسیو یاساو دامودەزگاکانی تەنها سەرخانێك بێت بۆ پیادەکردنی ستەمو گوشارو گوزارشتێکی ناراستەوخۆش لە هێزگەلێکی شاراوە بکات، گەر بۆ نمونە بڕوانینە کتێبەکەی بێرتران دی جۆڤێنیل دەربارەی "دەسەڵات"و دەکرێ بەباشترینو گرنگترین کتێب دابنرێت کە بەم دواییانە دەربارەی ئەم بابەتە بەچاپ گەیەنراوە. دی جۆڤێنێل دەنوسێت: "جەنگ لەدیدی ئەو کەسەی روانینی تەنها بۆ ئەو سەردەمەیە کە تێیدا دەژی، کارێکی راگوزەرییە، بەڵام سەبارەت بەو مرۆڤەی روانینی بۆ پرۆسەی گشت سەردەمەکانە هەیە، جەنگ ئەو چالاکییە سیاسییە کە دەوڵەت پیادەی دەکات"[٥٣]. ئەمەش بەرەو ئەو پرسیارەمان دەبات، ئایا کۆتایی جەنگەکان بەمانای کۆتایی دەوڵەتەکان دێت؟ ئایا بەنەمانی توندوتیژی لە پەیوەندی نێوان وڵاتاندا، دەسەڵاتیش کۆتایی دێت؟.

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پەیوەستە بەوەی دەسەڵات لەلای

ئێمە چی دەگەیەنێت. لەرووی پراکتیکییەوە دەسەڵات ئامرازێکە بۆ فەرمانڕەوایی کردن، بەڵام فەرمانڕەواییش بوونی بە"غەریزەی کۆنترۆڵ"[٥٤]ەوە پەیوەستە. بۆیە لێرەدا کاتێک جۆڤێنێل دەخوێنینەوە، یەکسەر وتەکانی سارتەرمان لەمەڕ توندوتیژی بیردەکەوێتەوە: "کاتێک مرۆڤ خۆی دەسەپێنێتو ئەوانی دی دەکاتە ئامێرێك بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی جێبەجێ بکەن، ئیدی هەست دەکات لە مرۆڤ زیاترە"، ئەمەش " چێژێکی بێوێنەی" پێدەبەخشێت[٥٥]. هەروەکو ڤۆڵتێر دەڵێت: "دەسەڵات بریتیە لەوەی ئەوانی دی والێدەکات بەپێی ویستو ئیرادەی من کار بکەن"، یا بەگوتەی ماکس ڤیبەر، کاتێك دەسەڵات بوونی هەیە کە دەرفەتی ئەوەم بۆ بلوێت "ویستی خۆم بسەپێنم، سەرباری ئەوەی ئەوانی دی بەرامبەر بەو ویستە بەرگری بکەن"، ئەم وتەیەش پێناسەکەی کلاوزیوتز – مان بیردەخاتەوە بەوەی "جەنگ کارێکی توندوتیژئامێزە بەمەبەستی ناچارکردنی نەیار بەوەی کارێك بکات کە دەمەوێت بیکات". وشەی دەسەڵات هەروەکو شتراوس – هوپی پێمان دەڵێت "دەسەڵاتی مرۆڤە بەسەر مرۆڤەوە"[٥٦]. با جارێکی دی بگەڕێینەوە بۆ جۆڤێنێل کە دەڵێت: "فەرمانو گوێڕایەڵی، مەرجی سەرەکیە بۆ بوونی دەسەڵات، بەبێ بوونی ئەو مەرجە شتێك بەناوی دەسەڵاتەوە نامێنێت: جەوهەری دەسەڵاتیش بریتیە لە فەرماندەرکردن"[٥٧]. گەر جەوهەری دەسەڵات پیادەکردنی فەرمان بێت، ئیدی شتێکی روونو ئاشکرایە کە گەورەترین





دەسەڵات، ئەو دەسەڵاتەیە لە لولەی تفەنگەوە سەرچاوە دەگرێ، ئیدی کارێکی قورسو دژوارە گەر بڵێین بەچی شێوازێك: "ئەو فەرمانەی لە پۆلیسێکەوە دەردەچێت، جیاواز دەبێت لەو فەرمانەی لە چەك بەدەستێکەوە دەردەچێت"، (ئەم وتەیەم لە کتێبی پڕبەهای "چەمکی دەوڵەت"ی ئەسکەندەر پاسیران دانتراڤ ـ ەوە وەرگرتووە، تا ئەو جێگەیەی من زانیاریم لەسەری هەبێت تاکە نوسەرە قەناعەتی بەگرنگی جیاوازی نێوان توندوتیژیو دەسەڵات هەیە: "پێویستە بڕیار بدەین بەچ ئاراستەیەك دەسەڵات دەتوانێت لە "هێز" جیاواز بێتو ئەم جیاوازییەش بە چ مانایەك ئەنجام بدرێ، هەروەها پێویستە دڵنیابین لەوەی کە بەکارهێنانی هێز بەهاوئاهەنگی لەگەڵ یاسادا، سروشتی خودی هێز دەگۆڕێتو وێنەیەکی بەتەواوەتی جیاوازمان لەسەر پەیوەندییەکانی مرۆڤ پێدەبەخشێت"، چونکە "هێز لەو ساتەوەختەی وەسفدەکرێ، ئیدی وەك هێز نامێنێتەوە"، بەڵام ئەم جیاوازییە بەقوڵایی مەسەلەکە ناگات، هەر چەندە قوڵترین بیرکردنەوەو باشترین دارشتەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە: لە روانگەی پاسیران دانتراڤەوە، دەسەڵات، هێزێکی "پابەند" یا بە "دامەزراوەییکراوە" – واتە سیفەتێکی رەسمی دامەزراوەیی هەڵدەگرێت ـ بەوتەیەکی دی، لە حاڵێکدا سەرجەم ئەو نوسەرانەی پێشتر ناویان هاتوە، توندوتیژی بەروونترین دەرکەوتەی دەسەڵات پێناسە دەکەن، ئەوا پاسیران دانتراڤ، دەسەڵات بەجۆرێك لە توندوتیژی سوك پێناسە دەکات.

هەڵبەتە لەدوا شیتەڵکاریدا مانای ئەو دوانە یەك شتن‌و یەك دەرئەنجامان دەستدەکەوێت). ئایا چۆن دەتوانین لەوە تێبگەین کە سەرجەم نوسەران، بەچەپ‌و راستیانەوە هەر لەبێرتران دی جۆڤێنێڵ تا ماوتسی تۆنگ، دەربارەی مەسەلەیەکی سەرەکی، وەك مەسەلەی سروشتی دەسەڵات، لە فەلسەفەی سیاسیدا، هاودەنگ بون؟.

لە روانگەی فیکری تەقلیدیی سیاسییەوە، بەدڵنیاییەوە ئەو پێناسانەی سەرەوە پشت بە رێسایەکی تۆکمە دەبەستن. ئەم پێناسانە بەتەنها کورت ناکرێنەوە بۆ ئەو وێنا کۆنەی لەسەر دەسەڵاتی رەها سەرچاوە دەگرێ، ئەو وێنایەی لەگەڵ باڵاکردنی دەسەڵاتی نەتەوە – دەوڵەتی ئەوروپی هاوڕایە کە یەکەمین‌و مەزنترین قسەکەری لەسەدەی شازدەهەمدا جان بۆدان – ی فرەنسی‌و لەسەدەی حەڤدەهەمدا تۆماس هۆبز – ی ئینگلیزی بو، بەڵکو لەگەڵ ئەو چەمکانەشدا تەبا‌و هاوڕایە کە لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە بۆ پێناسەکردنی شێوازی جۆراوجۆری حوکمرانی دەوڵەت، وەك حوکمی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە بەکارهێنراوە. ئەو شێوازانەش بریتین لە حکومەتی تاکەکەس (پاشایەتی)، حکومەتی چەند کەسێك (ئۆلیگارشی)، حکومەتی دەستەبژێر (ئەرۆستۆکراسی)و حکومەتی زۆرینە (دیموکراسی). ئەمرۆ دەتوانین شتێکی دی بۆ ئەو پێرستە زیاد بکەین کە رەنگە سەیرترین فۆرمی حوکمرانی بێت: بیرۆکراسییەت یا ئەو حوکمەی لە رێگەی سیستمی دەزگاگەلێکی





ئاڵۆزەوە پیادە دەکرێ، هیچ کەسێك، چ وەك تاك، یا چەند کەسێك، یا دەستەبژێر، یا کەمایەتی، یا زۆرینە، تێیدا بەرپرسیار نیە، لەبەرامبەر ئەوەشدا دەتوانین بەدروستی ناوی لێبنێین حکومەتی "هیچ کەس" (ئەگەر بەپێی فیکری نەریتی سیاسی حکومەتی دیسپۆتیزم بەوە پێناسە بکەین، حکومەتێکە ناچار نیە لەسەر ئەو کارانەی ئەنجامی دەدا حیساباتی خۆی پێشکەش بەهیچ کەسێك بکات، ئەوا بەوپەری روونییەوە حکومەتی هیچ کەس، لە هەمو حکومەتێکی دی زۆردارترە، مادامەکی هیچ کەسێك نیە، لەو کارانە بپرسێتەوە کە ئەنجام دراون. لەمجۆرە بارودۆخەدا ئەستەمە بەرپرسیارێتی دیاریبکرێ‌و دوژمن دەست نیشانبکرێ، ئەمەش بەهێزترین ماتەهۆیە لە پشت ئەو نائارامییەی لە ئێستادا دونیای داپۆشیوە‌و فۆرمێکی مۆتەکەیی پێبەخشیوە‌و ئارەزویەکی ترسناکی ئەو نائارامییە بۆ ئەوەی لە هەر جۆرە کۆنترۆڵێك دەربازی بێت‌و لەپشێوی‌و هەڵچونێکی عەبەسیدا نقوم بێت).

بەهای ئەم زمانە دێرینە لە رێگەی زیادکردنی ترادسیۆنی (تقلید) یەهودی ـ مەسیحی‌و وێناکردنی تایبەتیان بۆ یاسا، پاڵپشتی‌و پشتگیری لێدەکرایەوە. ئەم وێناکردنە لە داهێنانی "واقیعی سیاسییەوە" نەبو، بەڵکو راستترە بڵێین دەرئەنجامی گشتاندنی داهێنانی خۆبەخۆی "راسپاردەکانی خوداوەند" بو کە بەپێی ئەو راسپاردانە: "فرمان‌و گوێرایەڵی" بەسە بۆ ئەوەی جەوهەری خودی یاسای پێبناسرێتەوە[٥٩]. شتێکی روون‌و ئاشکرایە کە لە

دوا شیتەڵکاریدا ئەو بیروباوەڕە تازە زانستیو فەلسەفیانەی بە سروشتی مرۆڤەوە پەیوەستبون، هێزو گوڕێکی زیاتری بەو نەریتە یاساییو سیاسییانە بەخشی. بەهەر حاڵ ئەو دۆزینەوە فرانەی تایبەتبون بەبوونی غەریزەی باڵادەستیو شەڕەنگیزی لەلای ئەو گیانەوەرەی ناوی مرۆڤی لێنراوە، پێش ئەو تیورە فەلسەفیانە کەوتوە کە هەڵهێنجاندنی وێکچوی لێکەوتۆتەوە. سەبارەت بە جۆن ستیوارت مێل قسە لەسەر دوو حاڵەتی گوێڕایەڵی دەکات: "یەکەمیان بریتیە لە ئارەزوی پیادەکردنی دەسەڵات بەسەر ئەوانی دی، دوەمیان مرۆڤ رەتیدەکاتەوە دەسەڵاتی بەسەردا بسەپێنرێ..."[٦٠]. ئەگەر بتوانین لەم بوارەدا پشت بەئەزمونە تایبەتەکانی خۆمان ببەستین، پێویستە لەوە تێبگەین کە غەریزەی ملکەچیو ئارەزویەکی زۆر بۆ گوێڕایەڵیو پابەندبون بەو حوکمەی لەلایەن مرۆڤی بەهێزەوە پەیڕەوی لێدەکرێ، لە سایکۆلۆجیای مرۆڤ لەبایەخی ئارەزوی دەسەڵاتگەری کەمتر نیە، بەڵکو لەرووی سیاسییەوە زیاتر بەو مەسەلانەوە پەیوەستە. پەندێکی دێرین هەیە کە دەڵێت: "چەند لایەقی حوکمرانی کردنە، ئەوەندەش لایەقی گوێڕایەڵییە"، پەندێکە بەشێوازی جۆراوجۆر لە هەمو سەردەمێکو لەنێو هەمو نەتەوەکاندا هەیە[٦١]. ئەم پەندە ئاماژەیە لەسەر ئەو راستییە دەرونییەی کە پێیوایە "پەیوەندییەکی تۆکمەو پتەو لە نێوان ویستی دەسەڵاتو ئارەزوی ملکەچیدا هەیە". بە گوتەی ستیوارت مێل، ئامادەگی ملکەچی کردن بۆ زۆرو ستەم،





هەمیشە لەبوونی زیادەڕەوی لە پاسیڤیزمدا سەرچاوە ناگرێ، بەپێچەوانەوەی ئەمەشەوە، نارەزاییکردنی توندی گوێڕایەڵی زۆرجار بەهەمان رادە لەگەڵ رەتکردنەوەی دەسەڵاتو حوکمرانی هاوڕایە. لەرووی مێژووییەوە ئەستەمە دەزگای دێرینی ئابوری کە لەسەر بنەمای کوێلایەتی خۆیڕاگرتبو، لەبەر رۆشنای تیورەی سایکۆلۆجی ستیوارت مێل راڤەبکرێ. چونکە ئامانجی راگەیەنراوی ئەو دەزگایە بریتی بو لەوەی هاوڵاتیان بەئازادبونیان لە ئەرکی ماڵداری، بتوانن تێکەڵ بەژیانی گشتی کۆمەڵگەبن کە تێیدا هەمو یەکسان دەبن. ئەگەر راست بێت کە هیچ شتێك لە حوکمرانیو ملکەچ پێکردنی ئەوانی دی پڕچێژتر نەبێت، ئەوا هەرگیز ئاغای ماڵەوە رازی نەدەبو کاروباری تایبەتی ماڵەکەی بە خەڵکانی دی بسپێرێت.

هەر چۆنێك بێت، لێرەدا نەریتو چەمگەلێکی دی هەیە کە لە رووی دێرینیو جێمتمانەیی هیچی لەو کەمتر نیە. کاتێك خەڵکی شار – دەوڵەت (city – state) لە ئەسینا بە یاساکەیان دەوت Isonomy – یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا –و کاتێك رۆمان وەك فۆرمێکی حوکمرانی قسەیان لەسەر civitas دەکرد، وێنایەکیان بۆ دەسەڵاتو یاسا هەبو کە لە ناوەرۆکدا هیچ پەیوەندییەکی بە فرمانو گوێڕایەڵییەوە نەبو، هەروەها پەیوەندی نێوان دەسەڵاتو حوکم یا یاساو فەرمانڕەواییان هەڵنەدەسەنگاند. کاتێك خەڵکانی شۆڕشگێڕی سەدەی هەژدەهەم بە ئەرشیفی سەردەمە کۆنەکاندا

چونەوە، روویان لە نمونەکانی یۆنانو رۆمان کردو لە دەوڵەتیشدا، دەوڵەتی کۆمارییان بونیاتنا کە تێیدا حوکمی یاسا لەسەر بنەمای دەسەڵاتی میلەت دادەمەزرێتو سنورێك بۆ حوکمی مرۆڤ لەسەر مرۆڤ دادەنێت کە بە بڕوای ئەوان شایستەی کۆیلەکان بو. بەداخەوە ئەوانیش لەلای خۆیانەوە قسەیان لەسەر گوێڕایەڵی دەکرد – گوێڕایەڵی بۆ یاسا لەجیاتی گوێڕایەڵی بۆ مرۆڤ، بەڵام لە راستیدا ئەوەی مەبەستیان بو پاڵپشتی کردنی ئەو یاسایانە بو کە کۆمەڵێك هاوڵاتی رەزامەندیان لەسەر دەربڕیبو[٦٢]. ئەمجۆرە پشتیوانییە هەرگیز بێمەرج نیە، ئەگەر بەهێزیش زامن بکرێ، ئەوا هەرگیز تەماهی لەگەڵ "گوێڕایەڵی بێمەرج" ناکات کە دەکرێ لە رێگەی کاری توندوتیژییەوە بسەپێنرێ: ئەو گوێڕایەڵییەی دەشێت دزێك پشتی پێببەستێت کاتێك بەهۆی چەقۆکەی دەستییەوە جزدانەکەم دەدزێت، یا دزێك کە لەرێگەی هەڕەشەو بەکارهێنانی چەکەوە بانکێك دەبڕێت. پشتیوانی میلەت، دەسەڵاتی دەزگاکانی هەر دەوڵەتێك دابیندەکاتو ئەو پشتیوانییەش جگە لە بەردەوامی ئەو رێکەوتنەی یاسا باوەکانی بەرهەمهێناوە شتێکی دی نیە. لەو بارودۆخەی حکومەتی نوێنەرایەتی حوکم دەکات، پێویستە میلەت حوکمڕانی ئەو کەسانە بکات کە کاروبارەکانی بەرێوەدەبەن. سەرجەم دەزگا سیاسییەکان دەرکەوتەو بەرجەستەی مادی دەسەڵات دەکەنو لەو ساتەوەختەی دەسەڵاتی زیندوی میلەت لە پشتیوانی دەکەوێت، توشی دوگما دەبێتو دادەروخێت. مەبەستی





مادیسۆن –یش هەر ئەمە بوە کاتێك گوتی: "سەرجەم حکومەتەکان پشت بەرای گشتی دەبەستن"، ئەم وتەیە بەئەندازەی یەکسان بەسەر هەمو حکومەتەکاندا پیادە دەبێت، ئیدی چ پاشایەتی بێت یا دیموکراسی (هەروەکو جۆڤینێل ئاماژەی پێدەکات "ئەو گریمانەیەی پێیوایە حوکمی زۆرینە تەنها لە دیموکراسیدا ئەکتیڤە، وەهمێکی سەیرە"، هەروەها دەڵێت: "شا، کە تەنها تاکە کەسێکە لە هەمو حکومەتەکانی دی زیاتر پێویستی بەپشتیوانی میلەت هەیە"[٦٣]. تەنانەت ستەمگەریش کە تاکە کەسێکە دژی هەموان حوکمڕانی دەکات، لە کاری توندوتیژیدا پێویستی بەخەڵکانێك هەیە، گەر چی ئەو کەسانەی دەستیاری دەکەن زۆر دیاریکراویش بن). بەهەر حاڵ هێزی رای گشتی، بەوتەیەکی دی، دەسەڵاتی حوکم، پشت بەژمارە دەبەستێت، ئەوەش "راستەوانە دەبێت لەگەڵ ژمارەی ئەو کەسانەی بەشداری تیا دەکەن"[٦٤]. لە بەرامبەر ئەوەشدا، حوکمی ستەمگەرو زۆردار، هەروەکو مۆنتیسکیۆ تێبینی دەکات، لەنێو هەمو فۆرمەکانی حوکمڕانیدا، توندوتیژترینو کەمترین هێزی حوکمڕانیە. لە راستیدا یەکێك لە روونترین جیاکاری نێوان دەسەڵاتو توندوتیژی لەوەدایە کە دەسەڵات هەمیشە جەخت لەسەر ژمارە دەکاتەوە، بەڵام توندوتیژی تا ئەو دەمەی بتوانێت کارەکانی مەیسەر بکات، دەستبەرداری ژمارە دەبێت، چونکە پشت بەئامرازەکان (ئامرازەکانی سەرکوتکردن) دەبەستێت. حکومەتی زۆرینە بێئەوەی پشت بەهیچ سنورێکی

یاسایی ببەستێت، واتە حوکمی دیموکراسی نادەستوری، یەکێك لە دەرئەنجامە ترسناکەکانی بێبەشکردنی کەمایەتییەکانە لە هەمو مافەکانیانو بێئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی بەرێت، دەتوانێت لە سەرکوتکردنی نەیارەکانیدا ئەوپەڕی کاریگەری بنوێنێت، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە دەسەڵاتو توندوتیژی یەك شت بن.

دروشمی "گشت لە دژی یەکێك" گوزارشت لە پەرگیرترین فۆرمی دەسەڵات دەکات، بەڵام دروشمی "یەکێك لە دژی گشت" گوزارشت لە پەرگیرترین فۆرمی توندوتیژی دەکات. هەر چەندە ئەم دروشمەی دوایی بەبێ پەنابردن بۆ ئامرازەکانی سەرکوتکردن لەتوانادا نابێت. لە بارودۆخێکی لەمجۆرەدا کارێکی هەڵەیە گەر پێمانوابێت، هەروەکو وەکو زۆرجار روودەدا کە کەمایەتییەکی بچوك لە خوێندکاری بێچەك بەپەنابردنە بەر ئامرازەکانی توندوتیژیی وەك هاتوهاوار کردن، یا کوتان بەزەویدا... هتد، توانیویانە لە پۆلێکدا دژی ویستی زۆربەی هەرە زۆری ئەو خوێندکارانەی خوازیاری ئەوە بون بەشێوەیەکی ئاسایی درێژە بەوانەکانی خۆیان بدەن، ئاژاوە بنێنەوە (لە بارودۆخی ئێستادا ئەم کارە بەزانکۆیەکی ئەڵمانیاوە پەیوەستە کە تێیدا باس لەوە دەکرێ تەنها یەك خۆپێشاندەر توانیویەتی لە بەرامبەر سەدان خوێندکاردا ئەو سەرکەوتنە سەیرە بەدەست بهێنێت!). ئەمەش بانگەشەیەکی گومراکەرو چەواشەکارانەیە. لە راستیدا ئەوەی لەمجۆرە حاڵەتانەدا روودەدا، کارێکی زۆر مەترسیدارە: بەوپەڕی





راشکاوییەوە زۆرینە رەتیدەکاتەوە دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی بەسەر ئاژاوەگێڕاندا زاڵ بێت، ئەوەش دەبێتە مایەی راگرتنی کاری ئەکادیمی، چونکە هیچ کەسێك ئامادە نیە شتێك بکات، جگە لەوەی پەنجەی رازیبون بۆ بەردەوامبونی بارودۆخی هەنوکە بەرزبکاتەوە. لێرەدا دەسەڵاتدارانی زانکۆکان لە روبەروبونەوەی "یەکێتییەکی پاسیڤی پانوپۆڕ"دا خۆیان دەبینێتەوە، کە ستیڤن سیندەر لە چوارچێوەی دەقێکی دیدا لەسەری دەدوێت. ئەمەش تەنها ئەوە دەسەلمێنێت کە هێزی کەمایەتییەك لە کەمایەتییەکان، دەشێت لەوە گەورەتر بێت کە لە ئەنجامی راپرسییەکی گشتیدا بەژمارەی خۆیان بەدەستی دەهێنن. ئەو زۆرینەیەی هەر تەماشا دەکاتو لە شەڕە دەنوکی نێوان خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆ چێژ وەردەگرێت، لە راستیدا هاوپەیمانێتی ژێربەژێری کەمایەتی دەکات. (لێرەدا بەمەبەستی پەیبردن بەو بێخۆییەی (پۆچی) دەربارەی کەمایەتییەکی بچوکی شۆڕشگێڕ گوێبیستی دەبین، بەتەنها ئەوەندە بەسە وێنای ئەوە بکەین کە چی شتێك روویدەدا، گەر یەکێك یا چەند کەسێکی یەهودی بێچەك لە ئەڵمانیای پێش هیتلەردا، ئاژاوەیەکیان لە وانەی مامۆستایەکدا بنایەتەوە کە وانەی دژەسامیزمی دەوتەوە).

بەبۆچونی من، جێگەی پەژارەیە کە ئاستی ئێستای زانستە سیاسییەکانمان رێگە بە زانستی چەمکەکان نادات جیاوازی لە نێوان وشە سەرەکییەکانی وەك "دەسەڵات"، "توانا"، "هێز"و

"هەیبەت"و لە کۆتاییشدا "توندوتیژی" بکات. هەر یەکێك لەو چەمکانە دەلالەت لە دیاردەیەکی جیاوازو جیاکار دەکات کە ئەگەر ئەو جیاوازییانە بوونیان نەبوایە، ئەو چەمکانەش نەدەبون. (بەگوتەی باسیران دانتراف توانای دەسەڵاتو باڵادەستی وشەگەلێکن کە لە زمانی قسەکردنی ئاساییدا مانایەکی دروستیان نیە، بەڵکو تێبینی دەکەین کە بیرمەندە گەورەکانیش هێندێك کەرەت بەرێکەوتو بەبێ هیچ رێسایەك بەکاریان دەهێنن، بەڵام ئەمە رێگەمان لێناگرێ کە گریمانەی ئەوە بکەین هەر یەکێك لەو وشانە بۆ تایبەتمەندی جیاکار دەگۆڕێتو دەلالەت لە خەسڵەتی دی دەکات، بۆیە پێویستە بەوپەڕی وردەکارییەوە لێکۆڵینەوەو پشکنین لەسەر ماناکانیان بکرێ... چونکە دروستی بەکارهێنانی ئەم وشانە بەتەنها مەسەلەی رێسایەکی لۆجیکی زمان نیە، بەڵکو پەیوەندی بەمەسەلەی تێڕوانینی مێژووییەوە هەیە)[٦٥].

بەکارهێنانی ئەم وشانە لەسەر بنەمای هاومانا (مرادف) بەتەنها لە دەستدانی هەستیاری بەرامبەر مانا زمانەوانییەکان ئاشکرا ناکات، کە پێمانوایە ئەوەش تا رادەیەکی زۆر مەترسیدارە، بەڵکو گەواهی لەسەر نەزانینی خەفەتباری ئەو راستیانە دەدا کە ئەم زمانەی بۆ دەگۆڕێت. لەمجۆرە هەلومەرجەدا هەمیشە ئەو وەسوەسەیە دەردەکەوێت کە پێناسەی تازە دابهێنین، بەڵام سەرباری ئەوەی وەڵامێکی کورتی ئەم وەسوەسەیە دەدەمەوە، ئەوا ئەم کارە بەتەنها لە ناروونیو بێدیقەتی گوتاردا نیە. لە پشت ئەم تێکەڵکردنە





رووکەشییەدا، قەناعەتێکی تۆکمە هەیە کە ئەو جیاکارییانە لە باشترین حاڵەتیاندا گرنگییەکی ناچیزیان هەیە: ئەو قەناعەتەی پێیوایە هەستیارترین مەسەلەی سیاسی هەمیشە ئەوەبوەو ئەوەیە کە چ کەسێك حوکمی ئەوی دی دەکات؟ دەسەڵات، توانا، هێز، هەیبەتو توندوتیژی تەنها چەمکێکن ئەو دەخەنەروو بە چی ئامرازێك مرۆڤ حوکمی مرۆڤ دەکات، چونکە وێنای ئەوە دەکرێ کە هەمو ئەو وشانەی باسی لێوەکراوە، یەك ئەرکیان هەیەو بەهاومانای یەکتری دەژمێردرێن، بەڵام دراوە ئەسڵییەکانی گرفتی مرۆییو هەمەرەنگییە رەسەنەکەی تەنها کاتێك ئاشکرا، یا راستترە بڵێین دوبارە ئاشکرا دەبنەوە کە کاروباری گشتی بە مەسەلەی دەسەڵاتگەراوە قەتیس نەکرێ.

لە چوار چێوەی لێکۆڵینەوەکەماندا دەکرێ ئەم خەسڵەتانە بەمشێوەیەی لای خوارەوە هەژمار بکرێن:

دەسەڵات: بریتیە لە توانای مرۆڤ نەك تەنها بۆ کار کردن، بەڵکو توانای لەسەر کارکردنی سیستماتیك. دەسەڵات هەرگیز تایبەتمەندییەکی تاکەکەس نیە، بەڵکو پەیوەندی بەگروپەوە هەیەو تەنها تا ئەو کاتەی تاکەکانی گروپ پێکەوەبن، دەسەڵاتیش بوونی هەیە. کاتێك دەڵێین کەسێك "خاوەن دەسەڵاتە"، ئەوا لە راستیدا ئاماژە بەوە دەکەین کە لەلایەن ژمارەیەکی دیاریکراو لە خەڵکی ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە تا بەنوێنەرایەتی ئەوان کار بکات. لەو ساتەوەختەی ئەو گروپەی دەسەڵات سەرچاوەی لێوەدەگرێ

لە ئارادا نامێنێت، ئیدی دەسەڵاتی خۆسەپێنیش لەلای خۆیەوە نامێنێت ( potestas in populo دەسەڵات لە میلەتەوەیە، کەواتە بەبێ میلەت یا گروپ، دەسەڵاتیش بوونی نیە). لە بەکارهێنانی باودا کاتێك قسە لەسەر "کەسێکی بەدەسەڵات" یا "کەسایەتییەکی بەدەسەڵات" دەکەین، ئەوا بەشێوەیەکی میتافۆری "مەجازی" دەسەڵات بەکاردەهێنین، چونکە ئەوەی مەبەستمانە لە دەرەوەی چوارچێوەی میتافۆریدا بریتیە لە "توانا".

توانا: بەبێ هیچ بەدحاڵیبون و لێڵییەك ئەم وشەیە دەلالەت بەشتێکی تاك، بوونی تاکێك دەکات، خەسڵەتی زاتی شتێك یا کەسێکەو بۆ کەسایەتییەکەی دەگەڕێتەوەو دەشێت لە ڕێگەی پەیوەندیی بەشتەکانی دی یا کەسانی دی خودێتی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام لە جەوهەردا لێیان سەربەخۆیە. توانای بەتواناترین تاك بەردەوام لەلایەن گروپەوە شکستی پێدەهێنرێو زۆرجار لەبەر ئەوە پێکدێت تا خاوەن ئەو توانایە وێرانبکەن کە سەربەخۆییەکی تایبەتی هەیە. بەهەر حاڵ دوژمنایەتی کە زۆرجار غەریزییەو زۆرینە بەرامبەر بەتاك دەریدەبڕێت، هەمیشە هەر لە ئەفلاتۆنەوە تا نیچە بۆ رقوکینەو ئیرەیی لاواز بەرامبەر بە بەهێز دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم شیتەڵکارییە دەرونییە بەتەواوەتی ئامانج ناپێکێت. لە واقیعدا لە سروشتو دەسەڵاتی گروپە دژایەتی سەربەخۆیی بکات، ئەو سەربەخۆییەی خەسڵەتێکی توانای تاکە.

هێز: ئەم وشەیە ڕۆژانە وەك هاومانای توندوتیژی بەکاردەهێنین،





بەتایبەتی گەر توندوتیژی وەك ئامرازێکی ناچارکردن بەکاربهێنرێت. پێویستە ئەم وشەیە لە زمانی زاراوەی "هێزی سروشتی" یا "هێزی هەلومەرج" (هێزی شتەکان) بپارێزرێت، واتە بۆ پێناسەکردنی ئەو وزەیەی لە بزوتنەوە سروشتی یا کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرهەم دێت.

هەیبەت: ئەم وشەیە لەرووی تێگەیشتنو ناسینەوەدا دژوارترین دیاردەیە، هەر ئەو هۆیەش وایلێدەکات بەبەردەوامی بەخراپیو بەدحاڵیبون بەکاربهێنرێت[٦٦]. دەتوانرێ لەسەر تاك پیادە بکرێ (لێرەدا لە هەیبەتی تاك دەچێت، بۆ نمونە پەیوەندی نێوان خێزانو منداڵ، خوێندکارو مامۆستا)، هەروەها دەشێت بۆ قسەکردن لەسەر دەزگاکان بەکاربهێنرێ، هەروەکو بۆ نمونە لە ئەنجومەنی پیرانی ڕۆمانیا (auctoritas in senatu)، یا لە زنجیرەی هەرەمی کنیسەدا پیادە دەکرێ (قەشەیەك، تەنانەت گەر مەستیش بێت، دەتوانێت لە گوناهەکان خۆش بێتو ئەم لێخۆشبونەش جێی متمانە بێت). ئەم هەیبەتە بەوە جیادەکرێتەوە، ئەو کەسانەی داوایان لێدەکرێ ملکەچی بن، بێچەنوچون دانیپیادەنێن، ئەم کارەش پێویستی بە ناچارکردن یا قایلیلکردن نیە (دەکرێ باوك هەیبەتی خۆی لەدەست بدات، یا بەلێدانی مناڵەکەی، یا لە ڕێگەی گفتوگۆ کردن لەگەڵیدا، واتە یا وەك زۆردارێك ڕەفتاری لەتەکدا بکەیت، یا لە ڕێگەی چاو بە چاو مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت). پاراستنی هەیبەت پێویستی بەڕێزێکی دیاریکراوی کەسێك یا دەزگایەك هەیە. گەورەترین

دوژمنی هەیبەت، سوکایەتی پێکردنە، بەڵام گەورەترین مەترسی کە هەیبەت لەنێو دەبات، بریتیە لە پێکەنێکی گاڵتەجارانە(٦٧).

توندوتیژی: هەروەکو پێشتر گوتومە، لەدواجاردا توندوتیژی بەئامرازەکانی جیادەکرێتەوە. توندوتیژی لە رووی دیاردەناسییەوە (فینۆمینۆلۆجی) لەتواناوە نزیکە، چونکە ئامرازەکانی توندوتیژی، هەروەکو باقی ئامرازەکانی دی، بەجۆرێك دارێژراوەو بەکاردێت تا سروشتی توانا دوو هێندە بکات، بۆ ئەوەی لەدوا قۆناغی گەشەکردنیدا جێگەی بگرێتەوە.

رەنگە زیاد کردنی ئەم جیاوازییە شتێکی رووکەشی نەبێت، ئەگەر چی لە هەمو حاڵەتێکدا ئەم جیاوازییە کارێکی زۆرەملێ نیە، کەچی بەدەگمەن بەپیر رێبازە باوەکانی جیهانی واقیعییەوە دەچێت، هەر چەندە گشت ئەو زاراوانەش لە کاروباری ئەم جیهانەوە سەرچاوە دەگرن. لەسەر هەمان شێوەش دەبینین دەسەڵاتی بەدەزگایی کراو لە کۆمەڵە رێکخراوەکاندا، زۆرجار لە بەرگی هەیبەتدا دەردەکەوێتو دەشخوازێت یەکسەرو بێچەنوچون دانیپیابنرێت، چونکە هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت بەبێ ئەو بەردەوامی بەکارەکانی بدات (روداوێکی ناچیزی دابڕاو لە نیویۆرك، ئەوە رووندەکاتەوە چی شتێك روودەدا کاتێك هەیبەتی راستەقینە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا تا ئەو رادەیە داروخێتو لەبەریەهەڵوەشێتەوە کە چیدی نەتوانێت تەنانەت بەشێوە لادەرانەکەیشی، ئەرکە پوختەکانی رایی بکات. لەو رۆژەدا روداوێکی میکانیکی سادە





لە یەکێك لە فارگۆنەکانی میترۆیەك رویدا – سیستمی داخستنی ئۆتۆماتیکی دەرگاکان بە خراپی کاریان دەکرد – ئەم روداوە بچوکە بوە مایەی ئەوەی هەمو هێڵەکە بۆ ماوەی چوار کاژێر راوەستێتو پەنجا هەزار نەفەریش بەخۆیەوە گیرۆدە بکات.. هەر ئەوەندەی دەسەڵاتدارانی گواستنەوە داوایان لە نەفەرەکان کرد لە میترۆ لە کارکەوتوەکە دابەزن.. ئەوانیش زۆر بەئاسانی رەتیان کردەوە ئەو فرمانە جێبەجێ بکەن)(٦٨). هەروەکو تێبینی دەکەین هیچ شتێك ئەوەندەی توندوتیژیو دەسەڵات ئاوێزانی یەکتری نەبونو هیچ شتێکی دی ئەوەندەی توندوتیژیو دەسەڵات لە فۆرمی بێگەردیاندا دەگمەنتر نیەو لە بەرامبەر ئەوەشدا پەرگیرتر نیە، بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نیە کە هەیبەتو دەسەڵاتو توندوتیژی یەك شتن.

هەر چۆنێك بێت پێویستە دانیپیابنێین کە لێکۆڵینەوە لەو بوارەی بەتەنها پەیوەستە بەحاڵەتێکی تایبەتی دەسەڵاتەوە، واتە بەدەسەڵاتی دەوڵەت، ئەو وەسوەسەیە بەدیاردەکەوێت کە لە دەسپێکی پەیوەندی نێوان فرمانو گوێرایەڵی بیر لە دەسەڵات بکەینەوەو دواتریش دەسەڵاتو توندوتیژی تێکەڵ بکەینو بەیەك شتیان بزانین. لەبەر ئەوەی توندوتیژی لە پەیوەندییە دەرەکییەو لە کاروبارەکانی ناوخۆدا، دوا ئامرازە بۆ پاراستنی بونیادی دەسەڵات لەبەرامبەر دوژمنی دەرەکیو تاوانبارانی ناوخۆدا، پەنای بۆ دەبرێت، لە بەرامبەر ئەوەشدا وادەردەکەوێت توندوتیژی

پێشمەرجی بوونی دەسەڵات بێت، وەکئەوەی دەسەڵات جگە لە رووکار یا دەسکێشێکی قەدیفە شتێکی دی نەبێت کە دەمامکی دەستێکی ئاسنینە، یا رووپۆشێکەو بەورێکی کاغزین دەشارێتەوە. بەڵام بەلێکۆڵینەوەی زیاتر ئەو وێناکردنانە جێ متمانەیی خۆیان لە دەست دەدەن. سەبارەت بەوەی لێرەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، رەنگە مەودای نێوان تیورەو واقیع بەدیاردەی شۆڕش باشترین نوێنەرایەتی بکرێ.

لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا تیوریستە شۆڕشگێڕەکان پێیانوابو کە بەختی شۆڕش راستەوانە لەگەڵ گەشەکردنی توانای وێرانکاری ئەو چەکانەی بەتەنها لەژێر دەستی حکومەتەکاندایە، روو لە کەمی دەکات[٦٩]. کەچی مێژووی ئەم حەفتا ساڵەی دواییە کە تۆمارگەیەکی سەیری شۆڕشە سەرکەوتو و شکستخواردوەکانە، حیکایەتی دیمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئایا خەڵکی کەللەیی بوون بۆ ئەوەی لە هەلومەرجێکدا بەختی خۆیان ئەزمون بکەن کە بەهیچ شێوەیەك بۆیان گەنجاو نیە؟ پاشان گەر ئەو کارانەی سەرکەوتنی تەواویان بەدەست هێناوە بەلاوەبنێین، چۆن لەتوانادا دەبێت ئەو سەرکەوتنەی بەدەستهاتوە، تەنانەت گەر سەرکەوتنێکی کاتیش بێت، راڤە بکەین؟ لە راستیدا بۆشایی نێوان ئامرازەکانی توندوتیژی دەوڵەتو ئەو ئامرازانەی میلەت بەخۆی فەراهەمی دەکات، هەر لە شوشەی بیرەو کۆکتێلی مۆلۆتۆفەوە تا دەگاتە تفەنگ، هەمیشە هێندە گەورە بوە کە پێشکەوتنی مەزنی تەکنیکی لە کاروباری





پڕچەکردندا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەو مەسەلەیە دروست نەکردوە. کتێبەکانی فێرکردن دەربارەی ئەوەی چۆن لە رێگەی پێشکەوتنی هەنگاو بەهەنگاو، لە جیابونەوە بۆ پیلانگێڕیی و لە بەرگرییەوە بۆ راپەرینی چەکدارانە شۆڕش دروست دەکرێت، هەمویان لەو وێنا هەڵەیەوە سەرچاوە دەگرن کە پێیوایە شۆڕش "دروست دەکرێت". لەو رووبەرووبونەوەیەی توندوتیژی بەرامبەر بە توندوتیژی دەوەستێتەوە، هەمیشە دەوڵەت تێیدا باڵادەست دەبێت، بەڵام ئەم باڵادەستییە تەنها لە کاتێکدا وەکخۆی دەمێنێتەوە کە بونیادی دەسەڵاتی حکومەت نەروشێتو بەسەلامەتی بمێنێتەوە، واتە گوێرایەڵی بۆ فەرمانەکان هەبێتو سوپاو پۆلیسی ئامادەییان هەبێت چەکەکانیان بەکاربهێنن. بۆیە کاتێك رەوشەکە لەو دۆخەیدا نەمێنێتەوە، ئیدی کاروبارەکان زۆر بەتوندی گۆڕانیان بەسەردا دێت، چونکە کارەکە بەتەنها بەوەوە ناوەستێت کە یاخیبوەکان سەرکوت ناکرێن، بەڵکو خودی چەکەکانیش لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی دی دەگوێزرێنەوە – ئەو گۆڕانە هێندێك کەرەت لە ماوەی چەند کاژێرێکدا روودەدا، هەروەکو لە کاتی شۆڕشی هەنگاریا روویدا (دوای چەندین ساڵی جەنگی بێهودە لە ڤێتنام، هێزەکانی بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی پێشئەوەی لەلایەن سۆڤێتەوە کۆمەك بکرێن، بەچەکی ئەمەریکی شەڕی ئەمەریکییەکانیان دەکرد، بۆیە پێویستە وانەیەکی زۆر لەسەر ئەمجۆرە کردەوانە فێربین). تەنها دوای ئەوەی ئەمە روودەداو کاتێك لێکترازاندنی

حکومەتی بەهەیبەت بوار بە یاخیبوان دەدا خۆیان پڕ چەك بکەن، دەتوانرێ قسە لەسەر "شۆڕشی چەکداری" بکرێ، ئەمەش زۆرجار یا هەر رونادات، یا کاتێك رودەدا کە پێویست نەبێت. کاتێك کەس گوێڕایەڵی فرمانی سەرکردەکان نەبێت، ئیدی ئامرازەکانی توندوتیژیش سودی نامێنێت، بەڵام مەسەلەی گوێڕایەڵی بە هۆی پەیوەندی نێوان فرمانو گوێڕایەڵی بڕیاری لێوەنادرێ، بەڵکو لەلایەن رای گشتییەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ، بەراستیش لەلایەن زۆرێك لەو کەسانەی بەشداری لەو را گشتییە دەکەن. هەمو شتێك پەیوەستە بەدەسەڵاتێکەوە کە توندوتیژی لە پشتەوەیدا خۆی متکردوە. داروخانی کارەستباری دەسەڵات کە لە کاتی هەڵایسانی شۆڕشدا روودەدا، بەشێوەیەکی ناکاو ئەوەمان بۆ روونەکاتەوە تا چەند گوێڕایەڵی خەڵکی بۆ کاروبارە مەدەنییەکان، واتە گوێڕایەڵی بۆ یاسا، حکومەتو دەزگاکان تەنها دەرکەوتەیەکی دەرەکییە بۆ پاڵپشتیو هاوئاهەنگییان.

کاتێك دەسەڵات لەبەریەکهەڵدەوەشێتەوە، بەرپاکردنی شۆڕش لەتوانادا دەبێت، بەڵام زەروری نیە. روداوەکان پێمان دەڵێن رژێمگەلێکی سەرکوتگەرای بێتوانا هەبون کە بۆ ماوەیەکی دورو درێژ حوکمیان کردوە، ئەویش لەبەر ئەوەی یا کەسو لایەنێك نەبوە هێزو توانایان تاقیبکاتەوەو خاڵە لاوازەکانیان ئاشکرا بکات، یا بەخت یاوەریان بوە لەوەی نەچونەتە شەڕێکی دۆڕاوەوەو شکست بهێنن. زۆرجار لێکترازان لە رێگەی روبەروبونەوەی





راستەوخۆدا بە روونی دەردەکەوێت، تەنانەت لێرەشدا، کاتێك بەراستی دەسەڵات بۆ شەقام دەگوێزرێتەوە، دەبێ کۆمەڵێك خەڵك هەبن کە ئامادەیی ئەمجۆرە ئەگەرەیان تیابێت بۆ ئەوەی دەسەڵات بەدەستەوە بگرنو بەرپرسیارێتی هەڵگرن. لەم دواییەدا بەچاوی خۆمان بینیمان کە چۆن بەتەنها یاخیبونێکی بێوەییو بەسروشت ناتوندوتیژی خوێندکارانی فەرەنسا، لەرزۆکی سەرتاپای سیستمی سیاسیی لە پێش چاوی یاخیبوانی گەنجی حەپەساو لەبەریەکهەڵوەشاندەوە. خوێندکاران بێئەوەی بەخۆیان بزانن ئەو رژێمەیان ئەزمون کرد.. ئەوان تەنها دەیانویست تەحەدای سیستمی دۆگماو بەستەڵۆکی زانکۆ بکەن، بەڵام دەرئەنجام سەرلەبەری دەسەڵاتی حکومەتو لەگەڵیشیدا بیروکراسیەتی زەبەلاحی حیزب داروخان – "ئەمەش جۆرە لێکترازانێك بو کە سەرجەم زنجیرە هەرەمییەکانی گرتەوە[٧٠]. لێرەدا حاڵەتێکی نمونەیی شۆڕشمان لەبەردەمدا بو[٧١] کە تا ئاستی شۆڕش گەشەینەکردبو، چونکە کەسێك نەبو، بەتایبەت خوێندکاران، ئامادەیی ئەوەیان تیابێت دەسەڵات بەدەستەوە بگرنو ئەو بەرپرسیارێتییەی هاوڕای ئەو بارودۆخە بو لە ئەستۆ بگرن. هیچ کەسێك نەبو جگە لە دیگۆل. بەهەر حاڵ شتێك بەئەندازەی بانگەوازەکەی جەنەراڵ دیگۆل بۆ سوپا جدییەتو مەترسی بارودۆخەکە روونناکاتەوەو ئەو گەشتەی ئەنجامیدا بۆ ئەوەی لەگەڵ ماسۆو جەنەراڵەکان لە ئەڵەمانیا کۆببێتەوە، واتە لە راستیدا بەرەو کانۆسا Canossa هەنگاوی نا،

بۆیە ئەگەر روداوەکانی چەند ساڵی پێشوتر بەیاد بهێنینەوە، هیچ کەسێك جگە لە دیگۆل ئەو هەنگاوەی نەناوە. بەڵام ئەوەی دیگۆل هەوڵــی بۆ دەداو ئەوەی بەدەســتی هێنا، بریتی بو لە پاڵپشــتی، نەك گوێرایەڵی، ئەو ئامرازەشــی پەنای بۆ دەبرد ســازش بو، نەك فرمان(٧٢). چونکە گەر بەتەنها فرمان بەس بوایە، ئەوا دیگۆل ناچار نەدەبو لە پاریس بچێتە دەرەوە.

هەرگیز رووینەداوە حکومەتێك هەبێت بەتەنها لەســەر بنەمای ئامرازەکانی توندوتیژی دەسەڵاتی خۆی پایەدار کردبێت، تەنانەت حاکمی تۆتالیتاریش کە پشــت بە ئەشکەنجەدان دەبەستێت، وەك ئامرازێکی ســەرەکی حوکمڕانی، پێویســتی بە پێگەی دەســەڵات هەیە کە خۆی لە پۆلیســی نهێنیو تۆڕە سیخورەکەی دەنوێنێت. تاکە شــتێك کە بتوانێت گۆڕان بەسەر ئەم باڵادەستییەی بونیادی دەسەڵات بەسەر توندوتیژیدا بهێنێت، ئەفراندنی سەربازی رۆبۆتە، ئەوەی پێشــتر باسمــان لێوەکــردوە، ئــەو رۆبۆتــەی دەتوانێت بەتەواوەتی فاکتەری مرۆیی بسڕێتەوە، پاشان رێگە بە تاکە پیاوێك دەدا بەفشار خستنەسەر دوگمەیەك، ئەوەی بیەوێت لەناوییبەرێت. تەنانەت ســتەمترین دەسەڵات کە شارەزایمان لەسەری هەیە، واتە حوکمی سەردارو کۆیلە کە هەمیشــە ژمارەیان لە سەردارەکانیان زیاتر بوە، هەرگیز لەســەر باڵادەســتی لە ئامرازەکانی ناچارکردن دانەمەزراوە، بەڵکو خاوەن رێکخســتنێکی باشتری دەسەڵات بوە، واتە رێکخســتنی هاوکاری نێوان ســەردارەکان(٧٣). ئــەو تاکانەی





خەڵکانی دی پشــتیوانیان لێناکەن، هەرگیز ئەوەندە دەسەڵاتیان نابێت بەشێوەیەکی ســەرکەوتوانە توندوتیژی بەکاربهێنن. لێرەدا لە مەســەلە ناوخۆییەکاندا، توندوتیژی دوا ئامرازە کە دەســەڵات بــۆ روبەروبونــەوەی تاوانبــارانو یاخیبوان، واتــە دژی ئەو تاکە گۆشــەگیرانەی مل بۆ دەسەڵاتی زۆرینە نادەن، پەنای بۆ دەبات، بەڵام ســەبارەت بە جەنگەکانی هەنوکە، بینیمان چۆن لە ڤێتنامدا مەزنی باڵادەســتی لە ئامرازەکانی توندوتیژیدا بێکاریگەر دەبێت، گەر روبەڕوی دوژمنێکی خاوەن چەکێکی ناچیزی بەباشی رێکخراو ببێتەوە، بەوەش هێزیان گەورەتر دەبێت. بەدڵنیاییەوە لە مێژووی شەڕی پارتیزانییەوە ئەم وانەیە فێر دەبین، ئەم مێژوەش هێندەی شکســتی ناپلیۆنو سوپاکەی لە ئیسپانیا کۆنە، ئەو سوپایەی کە تا ئەو کاتە بە سوپایەکی شکست نەخواردوو پێناسە دەکرا.

بــۆ ســاتێك بۆ زمانی چەمکــەکان دەگەڕێینەوە: لە راســتیدا دەســەڵات جەوهــەری هەمــو حکومەتێــك پێکدەهێنێــت، بــەڵام توندوتیــژی لەو جەوهەرەدا نیە. سروشــتی توندوتیژی ئامرازییەو هەمیشە وەك هەمو ئامرازەکانی دی پێویستی بەرێنوێنی کردن هەیەو بەمەبەســتی گەیشتن بەو ئامانجەی شــوێنی دەکەوێت، پێویستی بە پاســاوهێنانەوە هەیە. ئەوەی پێویستی بەوە هەبێت لەلایەکی دییەوە پاســاوی بۆ بهێنرێتەوە، هەرگیز ناتوانێت جەوهەری هیچ شــتێك پێکبهێنێت. کۆتایی جەنگ – کۆتایی بەمانا دوانەییەکەی وەك ئامانجو دوماهی – بریتیە لە ئاشتی یا سەرکەوتن، بەڵام گەر

پرسیار لە کۆتایی ئاشتی بکەین، هیچ وەڵامێکمان چنگ ناکەوێت. ئاشتی شتێکی رەهایە، ئەگەر چی روداوەکانی مێژوو ئەوەمان پێدەڵێن، ئەو کاتانەی شەڕی تیاکراوە، زۆر درێژترن لەو کاتانەی ئاشتی تێیدا سەقامگیر بوەو دەسەڵاتیش لە هەمان خانەدا لەنگەر دەگرێ! هەروەکو دەوترێ: "ئامانج لەخودی خۆیەتی" (بەدڵنیاییەوە ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت نکۆڵی لەوە بکرێ کە حکومەتەکان پێڕەوی لە سیاسەتگەلێکی دیاریکراو دەکەن‌و هەمو دەسەڵاتەکانی خۆیان بەکاردەهێنن لە پێناوی ئەوەی ئەو ئامانجانە بەدەست بهێنن کە پێشتر دیارییان کردوە، بەڵام خودی بونیادی دەسەڵات پێش هەمو ئامانجێك دەکەوێت‌و لە دوای ئەویش هەر دەمێنێتەوە، بەجۆرێك کە دەسەڵات بەدەر لەوەی ئامرازێك بێت بۆ گەیشتن بە ئامانج، ئەوا ئەمرۆ مەرجێکی پێویستە بۆ هەر گرۆپێك کە لە دەسپێکی گوتەزای ئامرازو ئامانجەوە بیربکەنەوەو کار بکەن). لەبەر ئەوەی حکومەت لە بنەرەتەوە دەسەڵاتێکی رێکخراوی بەدەزگایی کراوە، ئیدی ئەو پرسیارە باوەی لەسەر "ئامانجی حکومەت چییە؟" دەکرێ، پرسیارێکی بێمانای لێدەردەچێت. دەتوانین پرسیار بهێنینەوە کە ئەویش لەلای خۆیەوە پرسیاری دی رادەکێشێت، وەك "ئامانجی حکومەت ئەوەیە بتوانێت خەڵکی والێبکات پێکەوە هەڵبکەن"، هەروەها دەتوانین تا ئاستێکی مەترسیدار وەڵامی یۆتۆپی بدەینەوە وەك "ئامانجی حکومەت برەودانە بە خۆشبەختی" یا "بەدیهێنانی





کۆمەڵگەیەکی بێچین" یا هەر ئامانجێکی ناسیاسی دی کە لە ئایدیاڵێکی باڵاوە سەرچاوە بگرێ، ئەگەر بمانەوێت بەدیبهێنین، بەدڵنیاییەوە بەجۆرێك لە ستەمگەریمان دەگەیەنێت.

دەسەڵات پێویستی بە پاساو هێنانەوە نیە، چونکە هیچ جیاکردنەوەیەك لە خودی کۆمەڵە سیاسییەکاندا قبوڵ ناکات. دەسەڵات تەنها پێویستی بە شەرعییەت هەیە. بەهەر حاڵ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم دوو وشەیە وەك دوو هاومانا (مترادف)، هێندەی تێکەڵکردنی نێوان گوێرایەڵی‌و پشتیوانی مایەی دڵەڕاوکێ‌و پشێویی دەبێت. لە هەرشوێنێکدا خەڵکی خڕببنەوەو بەهاوئاهەنگی لە نێوان خۆیاندا کار بکەن، دەسەڵاتیش بەدیاردەکەوێت، بەڵام رەوایەتی (شەرعییەت) زیاتر لە یەکەم خڕبونەوە هەڵدەگۆزرێت، تا هەر کارێکی دی کە دەکرێ بەدواییدا بێت. کاتێك شەرعییەت روبەروی بەرەنگاری لە بابەت گومان‌و پرسیار دەبێتەوە، بەرەو رابردو دەگەرێتەوە، ئەمە لە حاڵێکدا پاساوهێنانەوە بەئامانجێك دەبەسترێتەوە کە راستەوخۆ بە ئایندەی دەگەیەنێت. رەنگە توندوتیژی پاساو بدرێتەوە، بەڵام هەرگیز رەوایەتی بەدەست ناهێنێت. بەو ئەندازەیەی ئامانجە مەبەستدارەکانی ئایندە لە زەمەن دورتر بێتەوە، پاساو هێنانەوەی توندوتیژی کەمتر جێگەی راستگۆیی دەبێت. هیچ کەسێك دەربارەی پێویستی بەکارهێنانی توندوتیژی بەمەبەستی بەرگریکردن لە خود دوودڵی نانوێنێت، چونکە مەترسی نەك هەر تەنها روون‌و ئاشکرا دەبێت، بەڵکو

شتێکی حەتمیشە.. ئیدی لێرەدا ئەو ئامانجەی پاساودەری ئامرازە زۆر بەراشکاوی‌و جوانی دەردەکەوێت.

سەرباری ئەوەی دەسەڵاتو توندوتیژی دوو دیاردەی جیاوازن، بەڵام زۆرجار پێکەوە دەردەکەون. کاتێك یەکدەگرن، هەروەکو پێشتر بینیمان، دەسەڵات وەك فاکتەرێکی بنەرەتی‌و باڵادەست دیاردەکەوێت، بۆیە کاتێك لە حاڵەتی بێخەوشیاندا سەروکارمان لەتەکیاندا دەبێت، بۆ نمونە هەروەکو لە حاڵەتی پەلامارو داگیرکردنی دەرەکیدا رودەدا، بارودۆخەکە بەتەواوەتی دەگۆرێت. هەروەکو پیشتر بینیمان چونیەکی باوی نێوان توندوتیژی‌و دەسەڵات لەسەر ئەوە هەڵچنراوە کە چۆن حکومەت لە رێگەی توندوتیژییەوە لە باڵادەستی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە تێدەگات. ئەگەر داگیرکارێکی بیانی لە بەرامبەر حکومەتێکی بێتواناو میلەتێکی بێئەزمون لە پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا روبەرو بێتەوە، بەئاسانی دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات، بەڵام لە حاڵەتەکانی دی، بەراستی روبەروی ئاستەنگییەکی زۆر دەبێتەوەو داگیرکەر هەوڵدەدا یەکسەر حکومەتێك لە شێوەی حکومەتەکەی کیوزلینگ (Quisling) دامەزرێنێت، واتە هەوڵدەدا بنەمای حکومەتێکی لۆکاڵی دامەزرێنێت بۆ ئەوەی پشتگیری لە دەسەڵاتە داگیرکارییەکەی بکات. بەهەر حاڵ پێکدادانی نێوان رزیپۆشەکانی روسیاو سەرجەم بەرگری ناتوندوتیژی خەڵکی چیکوسلۆڤاکیا، نمونەی روبەروبونەوەی حاڵەتێکی بێخەوشی نێوان توندوتیژی‌و





دەسەڵات دەخاتەروو. باڵادەستی لەمجۆرە حاڵەتانەدا زەحمەتە، بەڵام ئەستەم نیە. لێرەدا پێویستە ئەوە وەبیربهێنینەوە کە توندوتیژی پشت بەژمارە یا رای گشتی نابەستێت، بەڵکو پشت بە ئامرازەکان دەبەستێت، ئامرازەکانی توندوتیژی، هەروەکو پێشتر باسمان لێوەکردوە، بەر لە هەمو ئامرازەکانی دی، توانا مرۆییەکان دوو هێندە دەکات. ئەوانەی تەنها بەهاوکاری دەسەڵاتی رووت روبەروی توندوتیژی دەبنەوە، هەر زۆر بەزوویی خۆیان، نەك روبەروی خودی مرۆڤ ، بەڵکو روبەروی ئەو ئامرازانە دەبیننەوە کە مرۆڤ دروستیان دەکات، ئەو ئامرازانەی تا مەودای نێوان ئەو دوو بەرەیە زیاتر بێت، کارێگەرترو نامرۆڤانەتر دەبێت. هەمیشە توندوتیژی دەتوانێت دەسەڵات نابوت بکات. کاریگەرترین فەرمان لە لولەی تفەنگەوە سەرچاوە دەگرێ‌و کامڵترین جۆری گوێرایەڵیشی لێدەکەوێتەوە، بەڵام هەرگیز دەسەڵات لە لولەی تفەنگەوە سەرچاوە ناگرێ.

کاتێك توندوتیژی‌و دەسەڵات راستەوخۆ روبەرودەبنەوە، هیچ کەسێك گومانی لە دەرئەنجامی ئەو روبەروبونەوەیە نامێنێت. ئەگەر ستراتیجی بەهێزو سەرکەوتویی گاندی کە لەسەر پرەنسیپی بەرگری ناتوندوتیژی بونیات نرابو، لەجیاتی ئینگلترا روبەروی دوژمنێکی دی بوایەتەوە، بۆ نمونە روسیای ستالینی، یا ئەڵمانیای هیتلەری یا ژاپۆنی پێش جەنگ، ئەوا بەدڵنیاییەوە نەك هەر دەرچونی کۆلۆنیالیزمی لە هیندستان لێنەدەکەوتەوە، بەڵکو رەشەکوژی‌و

ملکەچیشی لێدەکەوتەوە. هەر چۆنێك بێت بریتانیا لە هیندستانو فرەنسا لە جەزائیر هۆکاری بەجێی خۆیان هەبو، تا لەوە زیاتر شولّی لێهەڵنەماڵن. حوکمرانی لە ڕێگەی توندوتیژی ڕووتەوە، کاتێك دێتە سەر شانۆ کە دەسەڵات لەدەست دەچێتو کاریگەری نامێنێت. شتێکی روونو ئاشکرایە ئەو سستی لاوازییەی لە ناوەوەو لە دەرەوە توشی حکومەتی سۆڤێتی بو، لەو شێوازەی بو کە لە چارەسەکردنی کێشەی چیکوسلۆڤاکیا گرتیەبەر، هەروەکو چۆن سستیو لاوازی وڵاتە ئەوروپییەکان لە شێوازی جۆلانێ کردنیان لە نێوان نەهێشتنی کۆلۆنیالیزمو قەتلوعامدا بەتەواوەتی ئاشکرا بو. بە جێگرتنەوەی توندوتیژی لە شوێنی دەسەڵات، ڕەنگە سەرکەوتن بەدەست بێت، بەڵام نرخەکەی زۆر قورس دەبێت.. چونکە بەتەنها لایەنی دۆڕاو بەهاکەی نادات، بەڵکو لایەنی سەرکەوتوش لەسەر حیسابی دەسەڵاتە تایبەتەکەی بەهاکەی دەدا. ئەم گوتەیە کاتێك بەشێوەیەکی تایبەتی پیادە دەبێت کە لایەنی سەرکەوتو لەو دەوڵەتانە بێت کە لە ناوەوە لەلایەن حکومەتێکی دەستورییەوە حوکمرانی بکرێت. وادەردەکەوێت هێنری ستێڵ کۆمانجەر بەتەواوەتی لەسەر هەق بێت کاتێك دەڵێت: "گەر سیستمی جیهانی ئاوەژو بکەینەوەو ئاشتی جیهانی لەنێو بەرین، پێویستە لە پێشدا دەزگا سیاسییەکانمان ئاوەژو بکەینەوەو لەنێویان بەرین"[٧٤]. لە سەردەمی ئیمپریالیزمدا، هۆکاری ترسان لە دامەزراندنی حکومەت لەسەر توندوتیژی بۆ "ڕەگەزە ژێردەستەکان (بە گوزارشتی





کرۆمێر) لەناوچە دوردەستەکاندا لەوەدابو نەبادا ڕەنگدانەوەی ئەم کارە کاریگەری لەسەر بریتانیا بەجێبهێڵێتو دواهەمین "ڕەگەزی ژێردەست"یش خودی ڕەگەزی ئینگلیز بێت. باشترین نمونەی ئەم دیاردە ئەفەروزە، پەلاماردانی زانکۆیی بێرکلی بو، لەم پەلامارەدا بەتەنها گازی فرمێسکرژێن بەکارنەهێنرا، بەڵکو گازی دی بەکارهێنرا کە "بەپێی ڕێکەوتننامەی جنێف بەکارهێنانیان قەدەغەیەو سوپای ئەمەریکا بۆ دەرپەڕاندنی شۆڕشگێڕە ڤێتنامییەکان لە پەناگەکانیان بەکاریان دەهێنا"، ئەم پەلامارەش کاتێك ڕویدا کە یەکەکانی گاردی میلی دەمامکی دژە گازیان لەسەر کردبو، هەمو کەسێکیان لەو شوێنەدا دەستگیر دەکرد کە گاز ڕژێنیان کردبو. زۆرجار وتراوە ناتوانایی، توندوتیژی بەرهەم دەهێنێت، ئەم وتەیەش لەڕووی دەرونییەوە بەتەواوەتی دروستە، بەلانیکەمەوە لەسەر ئەو کەسانە پیادە دەبێت کە توانایەکی سروشتی، مەعنەوی یا جەستەییان هەیە، بەڵام گەر لە ڕوانگەی سیاسییەوە لەم بابەتە بڕوانین، دەبینین لەدەستدانی دەسەڵات ئەو گومانە دەهێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی توندوتیژی لە جێگەی دەسەڵاتدا دابنێین: ساڵی ١٩٦٧ لە کاتی کۆنگرەی حیزبی دیموکراسی لە شیکاگۆ، دەرفەتی ئەوەمان بۆ ڕەخسا کە لەسەر شاشەکانی تەلەفزیۆندا ڕوداوەکانی ئەو پرۆسەیە بەچاوی خۆمان ببینین[٧٥] و لەوەش تێبگەین کە خودی توندوتیژی بەرەو ناتوانایی دەڕوات. ئاوەژوبونەوەی حیساباتەکان لەمەڕ ئامرازو

ئامانجەکان کاتێك بەئەنجام دەگەن کە چیدی توندوتیژی لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە پشتیوانیو جڵەو نەکرێت. لەم کاتەدا ئامانج لەلایەن ئامرازەکان، واتە ئامرازەکانی وێرانکردن، دیاریدەکرێتو لە ئاکامیشدا ئەم ئامانجە دەبێتە مایەی وێرانکردنی هەمو جۆرە دەسەڵاتێك.

هۆکاری لێکترازانی ناوەکی کە هاوڕای سەرکەوتنی توندوتیژییە بەسەر دەسەڵاتەدا، کاتێك بەشێوەیەکی تایبەتی ئاشکرا دەبێت، کە تیرۆر لە پێناوی هەژمونگەریدا بەکادەهێنرێت، ئەمەش هەمان ئەو حاڵەتەیە کە ڕەنگە ئێمە لە نەوەکانی پێش خۆمان باشتر لە جەوهەری سەرکەوتنە سەیرەکانو دوا شکستەکانی ئەم پرۆسەیە بگەین. تیرۆرو توندوتیژی یەك شت نین. حکومەتی ترس کاتێك دێتە بوون کە توندوتیژی لەگەڵ ئەوەی هەمو جۆرە دەسەڵاتێك لەنێو دەبات، ڕەتیدەکاتەوە شوێنەکەی چۆڵ بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەمو شتێك دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. زۆرجار سەرنجی ئەوە دراوە کە کارایی تیرۆر بە تەواوەتی بە ئاستی لێکترازانو بەئەتۆمی بوونی کۆمەڵایەتی بەستراوەتەوە. پێشئەوەی جڵەوی هێزی تیرۆر بپسێت، دەبێ هەمو جۆرە ئۆپۆزیسۆنێك لەنێو بچێت. ئەم لێکترازانە – ئەم وشە ئەکادیمیو بێڕەنگو بۆیەی دەستەوەستانە لەوەی گوزارشت لە دزێوی ئەو هەمو شتانە بکات کە لێی دەکەوێتەوە – لە ڕێگەی ئەو شۆفارانە (مخبر) دەمێنێتەوەو چڕدەبێتەوە کە لە هەمو شوێنێکدا ئامادەییان هەیە. ئەو شۆڤارانە





ڕەنگە بەمانای ڕاستەقینە لە هەمو شوێنێکدا ئامادەییان هەبێت، چونکە چیدی بوونیان بەتەنها بەکرێگرتەییان بۆ پۆلیس قەتیس ناکرێ، بەڵکو لە هەر شوێنێکدا ڕووبەڕوی هەر کەسێك ببیتەوە وەك هەواڵدەر تەماشای دەکەیت، بەڵام ئەمجۆرە دەوڵەتە پۆلیسییە چۆن سەقامگیر دەبێتو چۆن کار دەکات – یا ڕاستترە بڵێن چۆن کاتێك دەوڵەتێکی لەوجۆرە خۆی دەسەپێنێت، هەمو شتێك لە کار دەکەوێت – ئەوا کاروبارەکان فێرمان دەکەن کتێبی "بازنەی یەکەم"ی ئەلیکسەندر سۆلژینیتسین بخوێنینەوە، کە ڕەنگە یەکێك بێت لە شاکارە ئەدەبییەکانی سەدەی بیستەمو بەدڵنیاییەوە باشترین بەڵگەنامەشی لەسەر ڕژێمی ستالینی تیایە[٧٦]. جیاوازی یەکلاکەرەوەی نێوان هەژمونی تۆتالیتاری کە خۆی لەسەر تیرۆر ڕاگرتوەو ستەمگەری دیکتاتۆری کە خۆی لەسەر توندوتیژی ڕاگرتوە، لەوەدایە یەکەم بەتەنها سەنگەر لە دوژمنەکانی ناگرێت، بەڵکو سەنگەر لە دۆستو لایەنگرانیشی دەگرێت، چونکە لە هەمو دەسەڵاتێك، بەدەسەڵاتی خودی دۆستەکانیشییەوە دەترسێت. لوتکەی تیرۆر کاتێك دەست پێدەکات کە دەوڵەتی پۆلیسی ڕۆڵەکانی خۆیشی هەڵدەلوشێتو جەلادی دوێنێ دەبێت بە قوربانی ئەمڕۆ. ئەمەش ساتەوەختێکە کە تێیدا دەسەڵات بە تەواوەتی گوم دەبێت. لە ئێستاد پرۆسەی ڕامالینی ستالینگەرایی لە ڕوسیا گەلێك ڕاڤەی بۆ دەکرێ کە هەموویان جێگەی بڕوا پێکردنن، بەڵام بەبڕوای من هیچ یەکێکیان لەو واقیعە جێی بڕواتر نین کە خودی

فەرمانبەرانــی ســتالین تێیگەیشــتون بــەوەی بەردەوامبونی ئەو رژێمــە ئەگەر چی بەرەو شــۆڕش ناڕوات، چونکە تیرۆر باشــترین چەکە لە بەرامبەر رابونی خەڵکیدا، بەڵام بەدڵنیاییەوە ســەرتاپای وڵات ئیفلیج دەکات.

لــە پوختەی ئەو هەمو شــتانەدا دەڵێم، لەرووی سیاســییەوە تەنها ئەوەندە بەس نیە کە بڵێین دەسەڵاتو توندوتیژی یەك شت نین. دەسەڵاتو توندوتیژی ناکۆکو دژ بەیەکترین: کاتێك یەکێکیان بەرەهایــی حوکــم دەکات، ئەوەی دییان بــزر دەبێت. توندوتیژی کاتێك دەردەکەوێت کە دەسەڵات بەر هەڕەشە بکەوێت، بەڵام گەر بە سروشــتی خوی وازی لێبهێنرێت، ئەوا بەلەناوچونی دەســەڵات کۆتایــی بەویش دێت. بۆیە گــەر وابیربکەینەوە کــە ناتوندوتیژی لەگــەڵ توندوتیژیدا دژ بەیەكو ناکۆکن، کارێکی دروســت ناکەین، چونکە قســەکردن لەسەر دەســەڵاتێکی ناتوندوتیژ، قسەلۆکێکی بێمانایــە. توندوتیــژی دەتوانێت دەســەڵات لەنێــو بەرێت، بەڵام بــەزەرورەت ناتوانێــت بیخوڵقێنێــت. ئــەو بڕوایەی هــەر یەك لە مارکسو هیگل بە "توانای نەفیکردنی دیالیکتیکی" هەیان بو، کە لەرێگەیــەوە ناکۆکی لەجیاتی ئەوەی یەکتری وێران بکەن، بەهۆی پەیوەندی نێوانیانەوە بە نەرمی گەشــە بەیەکتری دەدەن، چونکە ناکۆکــی تای ترازوی گەشــەکردن لاســەنگ دەکات، نەك ئیفلیجی بــکات. لە دواجاردا ئەم بڕوایە جەخت لەســەر بەڵگەنەویســتێکی زۆر کۆن دەکاتەوە: شەڕەنگیزی جگە لە وێنەیەکی نێگەنیڤی خێر





شتێکی دی نیەو دەشێت خێر لە شەڕەوە بەرهەم بێت، واتە شەڕ دەرکەوتەیەکی کاتی خێرێکە کە هێشــتا بە شاراوەیی ماوەتەوە. ئەمجۆرە بیروباوەڕە لە ئێستادا بوە بەمەترسییەکی گەورە. زۆرێك لەو خەڵکانەی کە هەرگیز ناوی مارکس یا هیگلیان نەبیستوە، تەنها لەبــەر ئەوەی ئەو ئایدیۆلۆجیایە هیواو ئومێد دەبەخشــێتو ترس دەرەوێنێتەوە، بڕوایان پێی هەیە، بەوتەیەکی دی، بەدەســتیاری ئەو هێوا ساختەیە دەیانەوێت ترســێکی رەوا برەوێننەوە. لێرەدا مەبەســتم نیە توندوتیژیو شــەڕەنگیزی بەیەکســان بزانم، بەڵکو تەنها دەمەوێت پێداگری لەســەر ئەوە بکەم کە هەرگیز توندوتیژی ناتوانێت لە دژەکەی، واتە دەســەڵات، ســەرچاوە بگرێ، ئیدی بۆ ئەوەی لە حەقیقەتی توندوتیژی بگەین، پێویســتە لەســەرمان لە رەگوریشەو سروشتەکەی وردبینەوە.

# بەشی سێیەم

رەنگە قسەکردن بەمشێوەیە لەسەر سروشتو هۆیەکانی توندوتیژی بێمانا دەربکەوێت، کاتێك لێشاوی دارایی دەزگاکان بۆ پرۆژەی جۆراوجۆری لێکۆڵینەوەی زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان خەرجدەکرێو بارستەیەك کتێب لەسەر ئەم بابەتە رەفەی کتێبخانەکانی پڕکردۆتەوەو زۆرێك لە زانا دیارو ناودارەکانی سروشتیی لە زانایانی بایۆلۆجیو مێروناسیو گیانەوەرناسیو لەپێناوی چارەسەرکردنی تەلیسمی (لغز – پازڵ) "شەڕەنگیزی" لە سروشتی رەفتاری مرۆڤدا، بەشداری لە هەوڵو کۆششی هەمەلایەنە دەکەنو تەنانەت زانستی زۆر تازەش بەناوی جەنگناسی polemology دەرکەوتوە، بەڵام بەهەر حاڵ من دوو پاساوم هەیە کە تا هەنوکە ئەمجۆرە هەوڵە دەدەم:

یەکەم، ئەگەر چی لەلای من کاری زانایانی گیانەوەرناسی کێشەیەکی زۆر هەیە، بەڵام پێموایە ئەستەمە لەسەر ئەو گرفتەی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەین، پیادە بکرێ. بۆ ئەوەی بزانین میلەتێك لە پێناوی نیشتمانەکەیدا دەجەنگێت، پێویستی نەدەکرد غەریزەی "گشتگیری گروپ" لە مێروولەو ماسی یا مەیمون



بدۆزینەوە. بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە ژاوەژاوی لە رادەبەدەری جەماوەر دەبێتە مایەی تورەبونو شەڕەنگیزی، پێویستی نەدەکرد تاقیکردنەوە لەسەر مشك بکەین. بەسەربردنی تەنها رۆژێك لە کۆڵانێکی پیسو وێرانەی شارێکی گەورەدا، بەس بو تا ئەو بابەتە ببینین. بەش بەحاڵی خۆم کاتێك دەبینم هێندێك گیانەوەر وەك مرۆڤ رەفتار دەکەن، هەست بە سەرسورمانو زۆرجاریش بەخۆشحاڵی دەکەم، بەڵام لەوە تێناگەم بەواقعێکی لەوجۆرە پاساو بۆ رەفتاری مرۆڤ بهێنرێتەوە یا سەرکۆنە بکرێو لەو هۆیەش تێناگەم بۆچی داوامان لێدەکەن "دان بەوەدا بنێین کە مرۆڤ رێك وەك کۆمەڵێك گیانەوەر رەفتار دەکاتو بەدەستەجەمعی بەرگری لە خۆی دەکات"، لەجیاتی ئەوەی داوامان لێبکرێ لە پێچەوانەکەی تێبگەین: هێندێك گیانەوەر رێك وەك مرۆڤ رەفتار دەکەن[٧٧]. بەگوتەی ئەدۆڵف پۆرتمان، ئەو تیشکە تازەیەی دەخرێتە سەر رەفتاری گیانەوەر، هەرگیز بۆشایی نێوان مرۆڤ و گیانەوەر پڕناکاتەوە، بەڵکو تەنها ئەوە دەسەلمێنێت "ئەوەی پێمانوابو لەسەر خودی خۆمان دەیزانین، بەرێژەیەکی گرنگتر کە لە سەرەتادا بڕوامان پێی هەبو، لە گیانەوەرانیشدا هەیە[٧٨]. ئەمرۆ دوای ئەوەی هەمو بە" مرۆڤگەری" anthropomorphism یەکمان لە سایکۆلۆجیای گیانەوەر سڕییەوە، (ئایا لەم کارەدا سەرکەوتو بوین یا نا؟ ئەوەیان مەسەلەیەکی دییە)، بۆچی هەوڵو کۆشش لەم بوارەدا دەکەین تا ئەوە بدۆزینەوە تا چەند

"گیانەوەرگەری " theriomorphism له مرۆڤدا هەیە؟"[٧٩]. ئایا شتێکی روون‌و ئاشکرا نیە کە بە مرۆڤگەری‌و گیانەوەرگەری لە زانستەکانی رەفتاردا جگە لە دوو رووی "هەڵەیەك" شتێکی دی نیە؟ لە پاڵ ئەوەشدا گەر مرۆڤ واپێناسە بکەین کە ئینتمای بۆ جیهانی گیانەوەر هەیە، ئیدی بۆچی دەبێ داوای لێبکرێ پێوەری رەفتاری لە جۆرێکی دی لە گیانەوەران بخوازێت؟ بەداخەوە وەڵامەکەی سادەیە: کارێکی زۆر ئاسانە تاقیکردنەوە لەسەر گیانەوەران بکرێ، ئەویش لەبەر مرۆڤدۆستی نیە کە بڵێین کارێکی ناشیاوە مرۆڤ لەنێو رکی "قەفەس" تاقیکردنەوە دابنرێت، بەڵکو کێشەکە لەوێدایە کە مرۆڤ دەتوانێت گزی‌و ساختە بکات.

پاساوی دوەم، ئاراستەیەك لە لێکۆڵینەوەکانی زانستی کۆمەڵایەتی‌و سروشتی بوونی هەیە کە رەفتاری توندوتیژئامێزی مرۆڤ، تەنانەت پێش ئەوەی ئامادەگی ئەوەمان تیا بێت ئەو زانستە پەسەند بکەین، بەپەرچەکردارێکی "سروشتی" دادەنێت. شەڕەنگیزی کە وەك لادانێکی غەریزی پێناسەکراوە، لە کاروباری سروشتیدا واتەماشا دەکرێ هەمان رۆڵ وازیبکات کە غەریزەی خواردن‌و سێکس لە رەوتی زیندەگی تاك‌و جۆردا وازیدەکەن، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو غەریزانەوە کە یا لە دەسپێکی پێداویستی گوشاری جەستیی، یا لە دەسپێکی فاکتەری دەرەکییەوە دەبزوێن، شتێکی روون‌و ئاشکرایە غەریزە شەڕەنگیزەکان لە جیهانی گیانەوەراندا، هیچ پەیوەندییەکی بەجۆری ئەو وروژاندنانەوە





نیە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، پێواری وروژاندن دەبێتە مایەی ناکامی غەریزەکان‌و دەرکەوتنی شەڕەنگیزی خەفەکراو، ئەمەش بەگوتەی زانایانی سایکۆلۆجی دەبێتە مایەی کەڵەکەبوونی "وزە" کە دواجار تەقینەوە چاوەڕوانکراوەکەی مەترسییەکی گەورەی تیابەدیدەکرێ (رێك وەکئەوەی هەستی برسێتی لەلای مرۆڤ لەگەڵ کەمبونەوەی ژمارەی برسییەکان، زیاتر دەبێت)[٨٠]. لەمجۆرە راڤەکردنەدا وادەردەکەوێت توندوتیژی بەبێ وروژاندن کارێکی سروشتی بێت. ئەگەر توندوتیژی فاکتەری سەرەکی بوونی لە دەستبدات، واتە رۆڵی سەرەکی لە پاراستنی خود، بەدڵنیاییەوە کردەیەکی "ناعەقڵانی" لێدەردەچێت. ئەمەش هەروەکو پێمان دەوترا، هەمان ئەو هۆیەیە کە مرۆڤ والێدەکات لە دڕندایەتیدا لە هەمو گیانەوەرەکانی دی دڕەندەتر بێت (ئەو نوسینانەی لەم بوارەدا نوسراون، هەمیشە رەفتاری بەخشندەی ئەو گورگانەمان وەبیردەهێننەوە کە دوژمنە دۆڕاوەکانی خۆیان ناکوژن).

لەپرۆسەی بە هەڵە گواستنەوەی چەمکە فیزیاییەکانی وەك "وزە"و "هێز" بۆ بابەتگەلێکی ژیانناسی (بایۆلۆجی)و گیانەوەرناسی، واتە بۆ قەڵەمڕەوێك کە تێیدا ئەو چەمکانە بێمانا دەبن، چونکە ناتوانرێت بە چەندایەتی بپێورێن، بە بۆچونی من هەڵەو گومڕاکارە[٨١]. لەوە دەترسم لە پشت ئەم "دۆزینەوە" تازانەدا، ئەو پێناسە کۆنەی بۆ سروشتی مرۆڤ کراوە، خۆی پەنادابێت، واتە پێناسەکردنی مرۆڤ بە گیانەوەرێکی عاقڵ،

بەپێی ئەم پێناسەیە تەنها عەقڵێکی زیادە مرۆڤ لە گیانەوەرانی دی جیادەکاتەوە. زانستی تازە بەبێ هیچ هەستێکی رەخنەیی، لەم گریمانە کۆنەوە دەستی پێکردوە، رێگەیەکی دوورودرێژی پەیکردوە تا "بیسەلمێنێت" کە مرۆڤ لە هەمو خەسڵەتەکانی دی بەشداری هێندێك لە گیانەوەران دەکەن، جگە لەوەی بەهرەیەکی زیادەیان بەناوی عەقڵەوە هەیە کە مرۆڤ والێدەکات لە هەمو گیانەوەرەکانی دی ترسناکتر بێت. بەکارهێنانی عەقڵ وامان لێدەکات بەشێوەیەکی ترسناك "ناعەقڵانی" بین، چونکە عەقڵ خەسڵەتێکە لەو خەسڵەتانەی "بونەوەر کە لە بنەرەتدا مل بۆ هەژمونی غەریزە کەچ دەکات"[٨٢]. سەرەتا زاناکان دەزانن کە مرۆڤی ئامێرساز چەکی دوور مەودای داهێناوە تا لە کۆتوبەندی "سروشت" کە لە سیمای گیانەوەراندا بەدیدەکەین، رزگاری بکات، هەروەها لەوەشدا هاوڕان کە دروستکردنی ئامێرەکان چالاکی عەقڵێکی زۆر ئاڵۆزە[٨٣]. لێرەوە ئیدی داوا لە زانست دەکرێ لە رێگەی یاریکردن بەغەریزەکانو کۆنترۆڵکردنی کە زۆرجار لە رێگەی دۆزینەوەی رێگەیەکی بێوەی بۆ بەرجەستەکردنی غەریزەکان، دوای ئەوەی ئەرکە سەرەکییەکانی وەك "ژیانپەروەری" بێمانا دەبێت، لە ئاکامە لاوەکییەکانی عەقل دەرمانمان بکات. بەڵام جارێکی دی پێوەرەکانی رەفتار لە گیانەوەرەکانی دی وەردەگیرێت، کە ئەرکە غەریزەکانی ژیان لەلای ئەوان بەهۆی عەقڵی مرۆڤەوە نابوت نەبوە. لە ئێستادا چیدی جیاوازی نێوان





مرۆڤ و گیانەوەر، بەمانای وشە، عەقڵ نیە (یا ئەوەی بەلاتینی پێی دەوترێ la lumen naturale ئەو گیانەوەرەی پێی دەوترێ مرۆڤ)، بەڵکو زانستە، واتە زانینی ئەو پێوەرو تەکنیکانەیە کە لەسەری پیادە دەبێ. بەپێی ئەم دیدەش مرۆڤ بەشێوەیەکی عەقڵانی رەفتار ناکات، وەك گیانەوەر رەفتار دەکات، گەر گوێ لە زانایان نەگرێت، یا لە داهێنانی زانایان بێئاگا بێت. لە بەرامبەر ئەو تیورانەو ئەوەی لێیدەکەوێتەوە، لە رستەکانی دواتردا بەپێی ئەو بەڵگانەی دەیهێنمەوە، دەڵێم توندوتیژی نە کارێکی ئاژەڵانەیە، نە کردەیەکی ناعەقڵانی، ئیدی چ ئەو چەمکانە بەپێی زمانی ئاسایی زانستە مرۆییەکان تێیبگەین، یا بەهەماهەنگی لەگەڵ زمانی تیورە زانستییەکان.

کۆدەنگییەك هەیە لەسەر ئەوەی کە توندوتیژی لە تورەبونەوە سەرچاوە دەگرێتو بەراستیش دەشێت تورەبون زۆر ناعەقڵانیو نەخۆشی بێت.. بەڵام ئایا ئەم حاڵەتە بۆ سەرجەم هەڵچونو سۆزدارییە دییەکانی مرۆڤ راست نیە؟ بێگومان دەتوانرێ هەلومەرجێکی لە بابەت ئۆردوگای زۆرەملێو ئەشکەنجەدانو برسێتی کردن بخولقێنرێ کە تێیدا مرۆڤ لە مرۆڤایەتییەکەی داماڵرێت، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نایەت کە مرۆڤ بۆ نیمچە ئاژەڵ بگۆردرێت. بەدڵنیاییەوە، لەم هەلومەرجەدا ئاماژەی روونو ئاشکرا لەسەر داماڵینی مرۆڤایەتی لە مرۆڤ ، پێواری تورەبونو توندوتیژییە، نەك ئامادەگییان. لە هیچ حاڵەتێکدا تورەبون لە

بەرامبەر ڕەنجو ئێشوئازاردا، پەرچەکردارێکی ئۆتۆماتیکی نیە، هیچ کەسێك لە بەرامبەر دەردێکی بێدەرمان یا بەرامبەر زەمین لەرزەیەك یا لە ئاست بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆدا کە قابیلی گۆڕانکاری نەبێت، بە توڕەیی ڕەفتار ناکات. توڕەبون کاتێك دەردەکەوێت کە ئەگەری گۆڕانکاری لە بارودۆخەدا ڕووبدات.. بەڵام ئەو گۆڕانکارییە هەرگیز ڕوونادات. تەنها کاتێك بە توڕەیی ڕەفتار دەکەین کە هەستی دادپەروەری لەلامان دەروشێتو بەهیچ شێوەیەك ئەم پەرچەکردارە ڕەنگدانەوەی ئەو هەستە شەخسییەمان نیە کە زوڵمو ستەمان لێکراوەو مێژووی سەرلەبەری شۆڕشەکانیش ئەم بۆچونە دەسەلمێنێت کە ئەوانەی هەمیشە لەدژی خراپی بارودۆخو ستەمگەری ڕێبەرایەتی ڕاپەڕینی چەوساوەو ستەمدیدەکانیان کردوە، خەڵکانی چینە باڵاو دەسترۆیشتوەکان بوون. لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەی ئەو ڕوداوو هەلومەرجە کۆمەڵایەتیانەی توڕەبون دەوروژێنن، بەهۆی توانای تەقینەوەو خەسڵەتی یەکسەرییانەی کارکردن کە لە هەناوی توندوتیژیدا خۆی متداوە، پێویستی پەنا بۆ بردنی زۆر وەسوەسەئەنگیز دەبێت. هەنگاونان بەخێراییەکی بەرنامەداڕێژراو بەتەواوەتی لەگەڵ ڕاپەڕینی توڕەبونو توندوتیژی ناکۆك دەبێت، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نیە کە توڕەبونو توندوتیژی کارێکی ناعەقڵانین، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەروەکو تێبینی دەکەین لە ژیانی تایبەتیو گشتیدا، بارودۆخێك دێتە پێشەوە کە تێیدا توانای





تەقاندنەوەی توندوتیژی دەبێتە تاکە دەرمانی گونجاو. لێرەدا خاڵی گرنگ ئەوە نیە کە بەم کارە ڕوبارێکی دڵنیایی بەرووی گوشارە دەرونییەکان دەکرێتەوە، چونکە بەمشت پیاکێشانی مێزێك یا بەتوندی داخستنی دەرگایەك دەتوانرێ ئەم ئەنجامە بەدەست بهێنرێ، بەڵکو لە هێندێك بارودۆخدا خاڵی گرنگ ئەوەیە کە توندوتیژی، واتە ئەو کارەی بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ عەقڵو بەبێ قسەکردنو بەبێ بیرکردنەوە لە ئاکام، تەنها تاکە ئامرازە بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ تای ترازوی عەدالەت (کوشتنی کەسێك لەلایەن بێڵی باد، لەبەر ئەوەی گەواهی ساختەی لەسەر دابو، بە نمونەیەکی کلاسیکی ئەم بابەتە دەژمێردرێت). لەم مانایەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە توڕەبون، هێندێك کەڕەت، نەك هەمیشە، لەگەڵ توندوتیژیدا هاوڕا دەبێت، بۆ هەستوسۆزە سروشتییە مرۆییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام دەرمانکردنی مرۆڤ لێیان، بەمانای داماڵینی مرۆڤایەتی لە مرۆڤو خەساندنی دەگەیەنێت. بێگومان ئەمجۆرە کردەوانە کە مرۆڤ بە مەبەستی خزمەتکردنی دادپەروەری، چۆن بیەوێت بەو شێوەیە یاسا ڕاڤەدەکات، لەگەڵ یاسای سەرەکی کۆمەڵگەی مەدەنی ناکۆك دەکەوێتەوە، بەڵام مۆرکی ناسیاسی ئەو ڕەفتارانە هەروەکو لە داستانە نایابەکەی هێرمان مۆلفێل "مۆبی دیك" بۆمان ڕووندەبێتەوە، هەرگیز بەمانای ئەوە نایەت کە کردەوەگەلێکی نامرۆیین، یا بەتەنها لە کردەوەی سۆزدارییەوە سەرچاوە دەگرن.

بەدڵنیاییەوە پێواری وروژاندن نابێتە مایەی دەرکەوتنی ناعەقڵانیەتو لە پلەو پایەشی بەرزناکاتەوە. "کاتێك دەستپاکیو ئاغری لە خود کۆنترۆڵەوە سەرچاوە نەگرنو تەنها وەك دەرکەوتەیەکی ناتێگەیشتن دەربکەون، لە روبەروبونەوەی وەیشومەیەك کە ناتوانرێ بەرگەی بگیرێت، چەشنی دوو کاری ترسناك دەردەکەون"[٨٤]. مرۆڤ بۆ ئەوەی پەرچەکردارێکی عەقڵانی بنوێنێت، پێویستە لە پێشدا بوروژێنرێت، لێرەدا دەبینین وشەی کاریگەری وروژاندن (ئەو وشەیە هەر چی مانایەك بگەیەنێت) و عەقڵانیەت دوو سیفەتی دژ بەیەکتری نین، بەڵکو دەستەوەستانی مرۆڤ لەوەی بوروژێنرێت، نەخۆشی یا سۆزداریگەرایە کە لێرەدا نوێنەرایەتی لادانێکی سۆزداری دەکات. تورەبونو توندوتیژی تەنها کاتێك ناعەقڵانی دەبن کە دژی ئەڵتەرناتیڤێکی دیاریکراو ئاراستە بکرێن، بەداخەوە ئەمەش، لەلایەکەوە ئامۆژگاری ئەو زانا دەرون شیکاریو بایۆلۆجییانەیە کە لێکۆڵینەوە لەسەر شەرەنگیزی مرۆڤ دەکەن، لەلایەکی دی، بەداخەوە هێندێك میزاجو مەسەلەی دیاریکراوی کۆمەڵگەمان بۆ راڤە دەکات. بۆ نمونە هەمو دەزانین لە نێو لیبراڵە سپیپێستەکاندا بوە بە شتێکی باو کە لە بەرامبەر داواکاری رەشپێستەکاندا هاوار بکەن "ئێمە هەمومان تاوانبارین" و لە بەرامبەر ئەوەشدا "هێزی رەشەکان" بەخۆشحاڵییەوە سودیان لەو "دانپیانانە" وەردەگرت، تا ئاگری "تورەبونی ناعەقڵانی رەشەکان" هەڵگیرسێنن. ئێمە هەمومان





تاوانبارین، بەو مانایە دێت کە کەس تاوانبار نیە، چونکە داننان بە گوناهی بە کۆمەڵ باشترین رێگەی لەبارە بۆ ئەوەی تاوانبارە راستەقینەکان ئاشکرا نەکرێن، هەروەها قەبەبونی تاوان باشترین پاساوە بۆ ئەو کەسەی کە نایەوێت شتێك بکات. لەمجۆرە حاڵەتەدا بەدڵنیاییەوە خۆمان لەبەردەم هەڵکشانێکی ترسناكو شپرزە دەبینینەوە کە دەیگەیەنێتە ئاستێکی زۆر بەرز... بەڵام کەمتر هەستی پێدەکرێ. لەمجۆرە حاڵەتەدا شتێکی روونو ئاشکرایە کە بۆشایی راستەقینەی نێوان سپیو رەش هەرگیز بەهۆی گواستنەوەی بۆ ئەوەی ببێتە بۆشایی نێوان کۆمەڵێکی تاوانبارو کۆمەڵێکی بێتاوان، پڕنابێتەوە. ئەو دروشمەی دەڵێت "هەمو سپیپێستەکان تاوانبارن" نەك بەتەنها هەر دروشمێکی ترسناكو بێناوەرۆکە، بەڵکو رەگەزپەرستگەرایەکی ئاوەژۆیەو تەنها خزمەت بەوە دەکات کە بەرهەمێکی ناعەقڵانی بە داواکارییە واقیعیو هەستە عەقڵانییەکانی رەشپێستەکان بداتو بەتەواوەتی لە واقیعی دوور بخاتەوە.

لەلایەکی دی، ئەگەر لەرووی مێژووییەوە لێکۆڵینەوە بکەین، بۆ ئەوەی بزانین چۆن خەڵکانی دەربەست بە خەڵکانی تورە دەگۆڕێن، بۆمان روونەدەبێتەوە کە هۆکاری سەرەکی لە بێدادیدا نیە، بەڵکو لە بوونی ریاکارییە. ئەو رۆڵە گرنگەی ریاکاری لە دوا قۆناغەکانی شۆڕشی فرەنسیدا وازیکرد، کاتێك جەنگەکەی رۆبسپیر لەدژی ریاکاری "ستەمگەری ئازادی ـ despotism of

liberty" بۆ حوکمی تیرۆر گۆڕا، زۆر لەوە زانراوترە کە ئێمە لێرەدا گفتوگۆی لەسەر بکەین، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی لێوەبکەین، ئەوەیە شەڕی دژە ریاکاری زۆر دەمێك بو لەلایەن مۆڕالیستە فرەنسییەکانەوە راگەیەنرابو، ئەوانەی پێیانوابو ریاکاری نەنگیی نەنگییەکانەو ئەوەشیان بەدیکردبو کە حاکمی رەها بەسەر "کۆمەڵگەی هەڵکەوتوەکان"، ئەو کۆمەڵگەیەی دواتر ناوی لێنرا "کۆمەڵگەی بۆرجوازی" جگە لە ریاکاری شتێکی دی نیە. زۆرنین ئەو نوسەرانەی بەخاتری توندوتیژی ستایشی توندوتیژی دەکەن، بەڵام تەنها کەمایەتییەکی وەك سوریێڵ، پاریتۆ، فانون، زۆر زیاتر لە چەپی نەریتی، کە هەر لە بنەرەتەوە هەستی هاوسۆزیو ئارەزوییەکی لەرادەبەدەر بۆ هێنانەدی دادپەروەری، دەیبزواند، بەهۆی رقوکینەو نەفرەتیان بەرامبەر بەکۆمەڵگەی بۆرجوازی ئەو کارەیان دەکردو دەرئەنجام ئەو کارەشیان وایلێکردن دابڕانێکی ریشەیی لەگەڵ پێوەرە ئاکارییەکانیدا بکەن. داماڵینی دەمامکی ریاکاری لەسەر روخساری دوژمنو ئاشکرا کردنی گەمە گۆمڕاکارەکانیو لێدانی ئەو ئەقڵانەی رێگەی پێدەدا بێئەوەی پەنا بەرێتە بەر ئامرازەکانی توندوتیژی، حوکم بکات، واتە لە دەسپێکی کارکردن، تەنانەت ئەو دەسپێکە بەهۆی ئاشکرا کردنی راستییەکان، روبەروی هاڕینیش بێتەوە، هێشتا گەورەترین مۆتیڤە کە لەم رۆژگارەدا توندوتیژی لە زانکۆو شوێنە گشتییەکاندا دەجولێنێت(٨٥). بەدڵنیاییەوە ئەمجۆرە توندوتیژییە





عەقڵانی نیە. لەبەر ئەوەی خەڵکی لە ژیانی رووکەشدا ژیان بەسەر دەبەنو لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ ئەم جیهانەدا پشت بەدەرکەوتەکان دەبەستن، نەك ئەوەی لەناخیاندا کاردەکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە رەفتارە دوورووییەکان (ئەوەش شتێکی دییە لە رێگەی یاریکردنو فروفێڵەوە لەکاتی گونجاودا ئاشکرا دەبێت) هەرگیز ناکرێ لەو رێگەیەی کە پێیدەڵێین رەفتاری عەقڵانی روبەرویی بینەوە. قسەکردن کاتێك جێگەی بڕواو متمانە دەبێت کە قەناعەت هەبێت بەوەی ئامانجی ئاشکرا کردنە، نەك شاردنەوە. رووکەشی درۆزنانەی رەفتاری عەقڵانی، نەك ئەو بەرژەوەندییەی لە پشتەوەی خۆی متکردوە، دەبێتە مایەی تورەبوون. بەکارهێنانی عەقڵ تەنها وەك داوێك لەهیچ حاڵەتێکدا عەقڵانی نیە، هەروەکو چۆن بەکارهێنانی چەك بۆ بەرگری لەخۆکردن عەقڵانی نیە. ئەم رەفتارە توندوتیژە وەك پەرچەکردارێك لەبەرامبەر ریاکاری، پاساوی بوونی خۆی لەدەستدەدا، تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەی فۆرمێکی تایبەتیشدا پاساوی خۆی هەبێت، کاتێك هەوڵدەدا لەگەڵ ئامانجی دیاریکراودا، ستراتیجییەتی تایبەت بەخۆی پەرەپێبدات، ئەم رەفتارەش لە ساتەوەختێکدا دیاردەی عەقڵانی لەخۆبگرێت، دەبێتە رەفتارێکی ناعەقڵانی، واتە لەو ساتەوەختەی پەرچەکردار لە حاڵەتی بەرپابونی ململانێدا بەکردار دەگۆڕێت. کاتێك راوەدونانی گومانلێکراوان هاوڕا لەگەڵ منەکردن بەدوای پاڵنەری سایکۆلۆجیای شاراوەدا دەست پێدەکات(٨٦).

ئەگەر چی هەروەکو پێشتر باسم لێوەکردوە کارایی توندوتیژی پشت بەژمارە نابەستێت، هەروەك ئەوەی بۆ نمونە رەشاش بەدەستێك دەتوانێت مل بەسەدان کەسی رێکخراو کەچ بکات، بۆیە بەدڵنیاییەوە خەسڵەتی پڕمەترسیو کێشی توندوتیژی لەو ساتەوەختەدا بەشێوەیەکی روونتر ئاشکرا دەبێت کە کۆمەڵ پەنا بۆ توندوتیژی بەرێت، بەدەر لەوەی تا چەند تاك لەنێو کۆمەڵدا هەست بەئەمان دەکات. ئەوەش بەتەواوەتی دروستە لە کاتی هەڵایسانی پرۆسەی جەنگی سەربازی یا کاری شۆڕشگێریدا "تاکگەرای یەکەم بەهایە کە لەبەرچاو وندەبێت"(٨٧)و جێگەی خۆی بۆ جۆرێك لە یەکانگیری چۆڵ دەکات کە تێیدا هەست لە هەمو جۆرەکانی هاورێیەتی، مەدەنییەت یا دۆستایەتی، چڕترو بەهێزتر دەردەکەوێت، هەر چەند تەمەنی کورتیش بێت(٨٨). شتێکی بەڵگەنەویستە کە گروپ لە سەرجەم کردەوە نامەشروعەکاندا، چ تاوانکاری بێت یا سیاسی، لە پێناوی سەلامەتی تایبەتی خۆیدا داوا دەکات هەر تاکێك پێشئەوەی وەك ئەندامێك گروپی توندوتیژی قبوڵ بکرێ "کارێکی بێپاشگەزبونەوە بکات"، بۆ ئەوەی هەمو پردێك لە نێوان خۆیو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئابرومەند لەنێوبەرێت، بەڵام لەو ساتەوەختەی قبوڵ دەکرێ، ئیدی خۆی وادەبینێتەوە بەو دروشمە بەنج کراوە کە دەڵێت "پیادەکردنی توندوتیژی هەمو تاکەکان وەك تاکە یەکەیەك پێکەوە دەبەستێتەوە، مادامەکی هەر تاکێك بازنەیەکی





توندوتیژئامێز لە زنجیرەیەکی مەزن پێکدەهێنێتو بەشێکە لە ئۆرگانێکی توندوتیژی گەورە کە وەك پەرچەکردارێك لەسەر توندوتیژی کۆلۆنیالی خۆی بونیات دەنێت"(٨٩).

ئەم وتانەی فانۆن ئاماژە بە دیاردەیەکی زانراو دەکات، دیاردەی برایەتی لە گۆڕەپانی جەنگدا، کە رۆژانە نایابترین نیشانەی جوامێریو گیانی خۆبەخشینی تیا دەردەکەوێت. لێرەدا لە نێو گشت ئەو فاکتەرانەی مرۆڤ یەکسان دەکات، مردن وەك بەهێزترین فاکتەر دەردەکەوێت، بەلانیکەمەوە لەو هەڵوێستە ئاوارتانەی کە بۆی دەرەخسێت رۆڵێکی سیاسی وازیبکات. ئەزمونی مردن، چ مردنێکی ئاسایی مرۆڤ بێت، یا لە ناخیدا وەك چارەنوسێکی حەتمی خۆیی لێی بەئاگا بێت، بەهەمو دڵنیاییەکەوە دژی هەر بیرکردنەوەیەکی سیاسی دەوەستێتەوە. ئەم ئەزمونە ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەم جیهانە دەرکەوتەیە بەجێبهێڵینو لەو دۆستو خۆشەویستانەی مەرجی سەرەکی هەمو سیاسەتیکن، جودابینەوە. مردن لە ئەزمونی مرۆڤایەتیدا ئەوپەڕی ئاستی تەنهاییو ناتوانایی دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر لەبەر رۆشنایی کاری بەکۆمەڵ یا لە کاتی نەبەردا لە مردن بنوارین، زۆر بەخێرایی خەسڵەتەکەی دەگۆڕێت، ئیدی لەو دەمەدا وادەردەکەوێت کە هێزی زیندوییمان بەهۆی نزیکییەوە لە مردن بوژابێتەوە. لەمجۆرە حاڵەتانەدا شتێك گوروژم بۆ زەینمان دەهێنێت کە زۆرجار لێی بەئاگانین، ئەویش بریتیە لەوەی مردنمان لەگەڵ توانای نەمری ئەو کۆمەڵەی ئینتمامان بۆی

هەیــە، هاوڕا دەبێتو لەدوا شیتەڵکاریشــدا نەمری هەمو ڕەگەزی مرۆڤ زامنــدەکات. لێرەدا وادەردەکەوێت کــە خودی ژیان، ژیانی ئەو ڕەگەزەی لەنێو ناچێت، ئەو ژیانەی بەهۆی مردنی نەپساوەی تاکەکانی کۆمەڵەوە ڕۆح بەبەریدا دەکرێ، لە ڕێگەی پیادە کردنی توندوتیژییەوە نوێو زیندوو دەبێتەوە.

لەو بڕوایەدام لێرەدا کارێکی نادروســتە قســە لەســەر هەستی بێگــەرد بکەین، چونکە دوای هەمو شــتێك ئــەوەی لێرەدا روونو ئاشــکرایە یەکێك لە نایابترین خەســڵەتەکانی مەرجی مرۆیی لەم بابەتــەدا، لــە قاڵــبی ئەزمونی گونجــاودا دەردەکەوێــت. لەگەڵ ئەوەشدا، جەوهەری ئەو مەسەلەیەی لێرەدا مەبەستمانە لەوەدایە ئــەو ئەزمونانــەی گومان لە هێــزی ئۆرگانیان ناکــرێ، هەرگیز لە فۆرمێکی دەزگایی یا سیاسی گوزارشتی لێنەکراوەو مردنیش وەك فاکتەرێکی یەکسانیی، زۆر بەدەگمەن لە فەلسەفەی سیاسیدا ڕۆڵی هەبوە، ئەمە سەرباری ئەوەی مردنی مرۆڤ ، واتە ئەو واقیعەی کە مرۆڤ دەمرێت، بەگوتەی یۆنانییە کۆنەکان، لەلایەن فیکری سیاسی قۆناغــی پێش فەلســەفە بە بەهێزترین ئەنگیزەی کاری سیاســی دەژمێردرێــت. حەتمییەتی مــردن پاڵ بە خەڵکییــەوە دەنێت لە ڕێگــەی کردەوەو وتەکانیانەوە، منەی نەمری بکەنو هانیان دەدا بونیادێکی سیاســی دامەزرێنن کە توانای نەمریی هەبێت. لێرەوە بەدیاریکراوی سیاسەت ئەو ئامرازەیە کە لە ڕێگەیەوە لە وەکیەکی بەرامبــەر مردن بەرەو جیاوازی رادەکــرێ بۆ ئەوەی بارودۆخێکی





نەمریــی بۆ خاوەنەکانیان دابین بکات (هۆبز تاکە فەیلەســوفێکی سیاســییە کە مردن، واتە ترس لە مردن لە ئەنجامی توندوتیژیدا، لە نوســینەکانیدا ڕۆڵێکی ســەرەکی وازیدەکات، بەڵام لەلای هۆبز یەکسانی لەبەرامبەر مردندا، فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە نەبو، بەڵکو فاکتەری یەکلاکەرەوە لەلای ئەو یەکسانی ئەو ترسەیە کە لە توانای یەکســانی کوشــتنەوە بەرهەم دێتو هەمو کەســێك ئەو توانایەی هەیە، ئەو یەکسانییەش خەڵکانی کۆمەڵگەیەکی سروشتی هاندەدا لــە گروپێکدا کۆببنەوە کە بەرژەوەندی هاوبەشــیان هەبێت). من نازانم لە چ ســەردەمێکدا، کام بونیادی سیاســی لەســەر بنەمای وەکیەکی لە بەرامبەر مردنو نوێبونەوەی لە ڕێگەی توندوتیژییەوە دروســت بوە. بەدەگمەن دەتوانین ســیفەتی "بونیادی سیاسی" بەو گروپە خۆکوژییانە ببەخشــین کە لەرووی مێژووییەوە لەســەر بنەمــای وەکیەکی لەبەرامبــەر مردندا خۆیان ڕێکخســتوەو ناوی "ئەنجومەنــی برایانیــان" لە خۆیــان ناوە، بەڵام ئەوەش راســتە ئەو هەســتە بەهێزەی برایەتی کە توندوتیــژی بەرهەمیدەهێنێت، ئومێدی ئەوەیان بەهێندێك کەســی خۆشباوەڕی گومڕا بەخشیوە کە کۆمەڵگەیەکی تازە لەگەڵ "مرۆڤی نوێ" لەســەر ئەم هەســتە دادەمەزرێــت، وەلێ ئــەم ئومێدە جگە لە وەهمێك هیچی دی نیە، چونکــە هیــچ پەیوەندییەکی مرۆیی لەمجــۆرە برایەتییە کە تەنها لەبەرامبەر مەترســییەکی راســتەوخۆی مردن یا لێدانو ناتۆرەوە نوێدەبێتەوە، کاتیو راگوزەرتر نیە.

بەڵام ئەمەش تەنها لایەنێکی مەسەلەکەیە. فانون بەم سەرنجەی کۆتایی بەستایشکردنی توندوتیژی دەهێنێت: میلەت لە ڕێگەی ئەمجۆرە تێکۆشانەوە کە "ژیان ململانێیەکی ناکۆتایە"و توندوتیژیش ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی ژیان پێکدەهێنێت. ئایا ئەم وتانە جێگەی بڕوا پێکردن نیە؟ ئایا خەڵکی هەمیشە وەکیەك لە مردنو "ئارامی هەتاهەتایی" تێناگەنو لەم واقیعەوە بەو دەرئەنجامە ناگەین کە لە هەر شوێنێکدا ژیان هەبێت، ململانێو نائارامیش هەیە؟ ئایا ئارامیو بێدەنگی دەرکەوتەیەکی ئاشکرای لە دەستدانو داتەپینی ژیان نیە؟ ئایا کردەی توندوتیژی لە خەسڵەتەکانی گەنج نیە... ئەوانەی لێوان لێون لە وزەو ژیان؟ ئایا ستایشکردنی ژیان مانای ستایشکردنی توندوتیژی ناگەیەنێت؟ هەر چۆنێك بێت بەر لە شەست ساڵ جۆرج سۆرێڵ لەم بیرکردنەوەیەدا پێشەنگ بو. ئەو دوای ئەوەی چاودێری نیشانە روونەکانی داروخانی ململانێی چینایەتی لە ئەوروپا کردوە، بەر لە ئیشپێنگلەر پێشبینی "داتەپینی ڕۆژئاوای" کردوە. سۆرێڵ پێیوابو: بۆرجوازی وزەی پێویستی لە دەستداوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە ململانێی چینایەتی وازیبکات، بۆیە گەر لە تواناداد بێت لە پێناوی جەختکردنەوە لە جیاوازی چینایەتیو زیندوکردنەوەی ڕۆحی گیانبازی لەلای بۆرجوازی، قەناعەت بە پرۆلیتاریا بهێنرێ پەنا بۆ توندوتیژی ببات، تەنها لەو کاتەدا لە توانادا دەبێت ئەوروپا لەو چارەنوسەی ڕزگار بکرێ[٩٠].





کەواتە، بەر لەوەی "کۆنراد لۆرەنز" بە ماوەیەکی دوورو درێژ ئەرکی شەڕەنگیزی لە جیهانی گیانەوەراندا وەك فاکتەرێکی سەرەکی لە بالاّ پێکردنی ژیان بدۆزێتەوە، توندوتیژی وەك دەرکەوتەی هێزی ژیان ستایشکراوە، بەتایبەتی وەك دەرکەوتەی هێزی داهێنەرانەی ژیان. سۆرێڵ بە سروش وەرگرتن لە کتێبی ”élan vital“ی بیرگسۆن، دەیویست بە فەلسەفەی خوڵقاندن بگات کە لەگەڵ جیهانی ”بەرهەمهێنەرەکاندا“ بگونجێتو لەڕێی مشتومڕەوە دژی کۆمەڵگەی بەرخۆرو روناکبیرانی بوەستێتەوە. سۆرێڵ پێیوابو هەر دوو گروپەکە سەر بەمشەخۆرەکانن. سۆرێڵ لەبەرامبەر وێنەی بۆرجوازییەکی بێوەی، لەخۆرازی، دوروو، خۆش مەحشەر، لەپێناوی دەسەڵات گرتنەدەست سڵ لە هیچ شتێك ناکاتەوەو لە جیاتی ئەوەی نوێنەرایەتی سەرمایەداری بکات، دەرئەنجامی دوا قۆناغی سەرمایەدارییە، هەروەها لەبەرامبەر وێنەی روناکبیرێك کە دیدوبۆچونی لە وەسفکردنی کاروبارەکاندا قەتیس دەبێت، لە جیاتی ئەوەی ”گوزارشت لە ئیرادە بکات“[٩١]، وێنەی کرێکارێك دادەنێت کە هەمو هیواو ئاواتەکانی پێدەسپێرێت. سۆرێڵ کرێکار وەك بەرهەمهێنێك دەبینێت کە "بەهای ئاکاری نوێی پێویست بۆ باشترکردنی بەرهەم" دەخوڵقێنێت، هەروەها "ئەنجومەنی نوێنەران کە تژییە لە ساختەکاری وەك کۆمەڵەی خاوەن پشکەکان"[٩٢] لەنێو دەبات، سەرئەنجام وێنەی پێشکەوتن لە وێنەی کارەساتێکی گشتگیردا ڕەتدەکاتەوە، کاتێك "جۆرە

شەپۆلێکی پڕ ژاوەژاوی دەرەبەرگی، شارستانی کۆن نوقوم دەکات"[٩٣]، بەڵام ئەمرۆ ئەوە ئاشکرا بوە کە ئەم بەها تازانە بەتەواوەتی تازە نین، بەڵکو بریتیە لە هەستی سەربەرزی، ئارەزوی گەیشتن بە ناوداریو شکۆمەندی، رۆحی گیانبازی دوور لە هەستی تۆڵەسەندنەوە و بێخەوش لە بەرژەوەندی مادی، بەگوزارەیەکی دی، لە راستیدا ئەوانە "فەزیلەتگەلێکن کە بەتەواوەتی لە کۆمەڵگەی بۆرجوازی بزرن"[٩٤]. شەڕی کۆمەڵایەتی لە رێگەی پەنابردنەبەر هەستی بەخۆنازینو شکۆمەندی کە بەشێوەیەکی سروشتی لەلای هەمو سوپا رێکخراوەکان گەشەدەکات، دەتوانێت ئەو هەستە گەندەڵییەی ئاکار لە بەرامبەریدا دەستەوەستانە، لەنێوبەرێت. ئەگەر جگە لەمە هیچ هۆیەکی دی نەبێت، ئەوا هەروەکو بۆم دەردەکەوێت، ئەم هۆیە بەتەنها بۆ ئەوانەی بانگەشەی توندوتیژی دەکەن، یەکلاکەرەوە دەبێت[٩٥].

جۆرج سۆرێڵ دەربارەی ئەو ئەنگیزانەی خەڵکی والێدەکات بەرەهایی ستایشی توندوتیژی بکەن گەلێك شتمان فێر دەکات، هەروەها دەتوانین لە هاودەمە ئیتاڵییە لێهاتوکەیشەوە، "ڤیلفریدۆ پاریتۆ" کە کولتورێکی فرەنسی هەبو، زۆر شت فێربین، بەڵام فانون کە لەو دوانە زیاتر لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ توندوتیژیدا هەبو، ئەوەندە کاریگەری سۆرێڵی لەسەر بو کە وتەزاکانی ئەوی بەکاردەهێنا، تەنانەت تا ئەو کاتەش کە ئەو شارەزاییە تایبەتییەی خۆی بەدەستی هێنابو زۆر بەروونی لەگەڵ ئەو





وتەزایانەدا ناکۆك دەوەستایەوە[٩٦]. کێشەی درایفۆس لە فەرەنسا، ئەو کێشە یەکلاکەرەوەیە بو کە سۆرێڵو پاریتۆ ـ ی قاییل کرد لە شۆڕشدا جەخت لەسەر توندوتیژی بکەنەوە، چونکە– هەروەکو خودی پاریتۆ بۆمان دەگێڕێتەوە – "بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە ئەوە دەبینرا کە لایەنگرەکانی هەمان شێوازی پڕپێچو پەنایان لە دژی نەیارەکانیان بەکاردەهێنا کە خودی خۆیان شەرمەزاریان کردبو"[٩٧]. ئەو دووکەسە لەسایەی ئەوهەلومەرجەدا، ئەوەی ئەمرۆ پێیدەڵێین دەزگا – establishement–و لە رابردودا پێیدەوترا سیستەم – system– دۆزییەوە، ئەو دۆزینەوەش وایلێکردن ستایشی توندوتیژیو بانگەشە بۆ کاری توندوتیژی بکەنو پاریتۆ ـ یشی والێکرد بەرامبەر بەچینی کرێکار هەست بەنائومێدی بکات (پاریتۆ لەوە گەیشتبو کە خێرا تێکەڵبوونی کرێکاران لە جەستەی سیاسیو کۆمەڵایەتی نەتەوە، بەکردەوە بەمانای هاوپەیمانی نێوان بۆرجوازیو میلەتی کارگەر، یا بەبۆرجوازیبوونی کرێکاران دێت، ئەمەش بەپێی دیدوبۆچونی ئەو دەبێتە مایەی لەدایك بوونی سیستەمێکی تازە کە ناوی لێدەنێت پلۆتۆدیموکراسی – Pluto – democracy، ئەوەش فۆرمی حکومەتێکی تێکەڵە کە خۆی لە پلۆتۆکراسی سەر بەرژێمی بۆرجوازیو دیمۆکراسی سەر بەرژێمی کرێکاران دەنوێنێت). لەبەرامبەر ئەوەشدا ئەوەی سۆرێڵی والێکرد سەبارەت بە چینی کرێکار پێداگری لەسەر بیروباوەری مارکسیانەی خۆی بکات، ئەوەبو کە کرێکارانی بە

چینی وەبەرهێنەرو تاکە رەگەزی داهێنەرانەی کۆمەڵگە دەزانی، واتە ئەوانەی بەپێی گوتەکەی مارکس، هەمیشە بەرەو رزگارکردنی هێزی مرۆیی وەبەرهێنەر هەنگاو دەنێن، بەڵام گرفتەکە لەوێدایە کاتێك ئاستی کرێکاران دەگاتە ئەو حاڵەتەی بە هەلومەرجی ژیانو کار قاییل دەبن، ئیدی بەوپەری سەرسەختییەوە پرۆلیتارییبوونو رۆڵی شۆڕشگێڕی خۆیان رەتدەکەنەوە.

بەڵام واقعێکی دی کە لە دەیەی دوای مردنی سۆرێڵو پاریتۆ بەدیارکەوتو گورزێکی گەورەتری لەو دیدوبۆچونە وەشاند کە قابیلی بەراورد نیە، ئەویش گەشەکردنێکی مەزنی بەرهەمهێنان لە جیهانی تازەدا، بەهیچ شێوەیەك بەهۆی زیادبونی بەرهەمی کرێکارانەوە نەبوە، بەڵکو بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆجیاوە بوە، ئەوەش پشت بەچینی کرێکارانو بۆرجوازی نابەستێت، بەڵکو پشت بە زانست دەبەستێت. روناکبیران، ئەوانەی کە سۆرێڵو پاریتۆ بەردەوام لەشانوشەوکەوتو کاریگەرییانی کەمدەکردنەوە، لەناکاو لە گروپێکی کۆمەڵایەتی پەراوێزخراو دەرچونو دوای ئەوەی لەماوەی چەندین دەیەی رابردودا گۆڕانکاریی دەرەئیدراکیان لە هەلومەرجی ژیانی مرۆڤدا بەدیهێنا، وەك دەستەبژێرێکی تازە بەدیارکەوتنو کاروپیشەیان وەك رەگەزێکی سەرەکی لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا روون بویەوە. گەلێك هۆ ئەو واقیعە راڤەدەکات کە رێگە بەم گروپە نادات، یا تا هەنوکە رێگەی ئەوەی پێنەداوە، ببێت بە دەستەبژێری دەسەڵات، بەڵام





بەهەر حاڵ هۆگەلێکی دی هەیە وامانلێدەکات لەگەڵ ئەو بڕوایەی "دانیال بێڵ" بین کە دەڵێت "نەك بەتەنها باشترین بەهرە، بەڵکو سەرلەبەری کۆمەڵگە بەباشترینو گرنگترینیانەوە، رەگوریشەی لە ئامێزی گروپە زانستیو کولتورییەکاندا دەبینێتەوە"(٩٨). تاکەکانی ئەم گروپە لەچاو گروپەکانی دی لە سیستمی چینایەتی پێشودا، زیاتر پەرتەوازەترو کەمتر پەیوەندی بە بەرژەوەندی روونو ئاشکراوە هەیە، بۆیە لێرەوە دەبینین بەرامبەر بەخۆرێکخستن زۆر کەمتەرخەمن، هەروەها لەبواری پیادەکردنی دەسەڵاتدا هیچ شارەزایەکیان نیە. لە پاڵ ئەوەشدا، ئەوانە بەهۆی پتەوی پەیوەندییان بەنەریتی کولتورییەوە کە هێندێکیان نەریتی شۆڕشگێرانەن، زۆر سەرسەرسەختانە بەوتەزای رابردوەوە پەیوەستن، کە ناهێڵێت لە ئێستا تێبگەنو رۆڵی خۆیان لە ئێستادا وازیبکەن. زۆرجار چاودێریکردنی ئەو هەستی حەزو ئارەزوەی وا لە یاخیترین خوێندکارمان دەکات پێشبینی ئەوە بکەن کە دەرکەوتنی بزاوتی شۆڕشگێڕی "راستەقینە" لەئامێزی ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەی بەردەوام بەگەرمییەوە سەرکۆنەی دەکەن، بەو رادەیە کاریگەری لەسەرمان دەبێت کە بگونجێت لەگەڵ ئەو ترسەی بەرامبەر ئەو کارانەی دەبێتە مایەی ئەوەی کارکردی رێکخراوی کۆمەڵگەی بەرخۆر روبەروی پشێوی بکاتەوە. لە خۆشیو ناخۆشیدا پێموایە هەمو بەڵگەکان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە کە چینێکی بەراستی نوێو بەهێزیی شۆڕشگێڕی کۆمەڵایەتی لە روناکبیران دروست دەبێت،

ئەمەش هەم مایەی ترسو هەم مایەی ئومێدە. ئەو روناکبیرانە توانای زۆر مەزنیان هەیە، ئەگەر چی هێشتا نەهاتۆتەدی، رەنگە بتوانرێ بوترێ لەرووی بەرژەوەندی مرۆڤایەتییەوە زیاد لە پێویست مەزن بێت[٩٩].. بەڵام گشت ئەو وێنانە جگە لە گرەو شتێکی دی نین....

بەهەر حاڵ، ئەوەی لەم ناوکۆیەدا سەرنجی ئێمە بەلای خۆیدا رادەکێشێت، هەر لە بنەرەتەوە گرنگیدانە بەو زنیدوکردنەوە سەرسورهێنەرەی فەلسەفەی ژیان کە بیرگسۆنو نیچە، لە هەمەرەنگییەکەی جۆرج سۆرێڵ فۆرمەلەیان کرد. ئێمە هەمومان لەوە تێدەگەین کە ئەم ئامێزانە کۆنەی نێوان توندوتیژیو ژیانو خولقاندن تا چ ئاستێك بەرجەستەی زەینی کەسی یاخیی دەکات کە بەسەر نەوەی ئێستادا باڵادەستە. بچوکترین گومانی تێدا نیە، بەو شێوازەی جەخت لەسەر جەوهەری ژیانی واقیعیو خۆشەویستی، وەك دەرکەوتەیەکی پڕشکۆی ژیان دەکرێتەوە، بریتیە لە رەتدانەوەی ئەو توانا واقیعییەی قسە لەسەر دروستکردنی ئامێری مۆتەکەیی دەکاتو دەتوانێت ژیان لەسەر گۆی زەوی لەنێوبەرێت. وەلێ ئەو وتەزایانەی ستایشگەرانی تازەی ژیان کە لە رێگەیەوە لە خۆیان تێدەگەن، هەرگیز شتێکی تازە نیە. تێروانین لە توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە بەدیدی "ئەفراندن"ی ژیان شتێکی کۆنەو بەلانیکەمەوە بۆ مارکس دەگەڕێتەوە، بەڵام بڕوابون بەتوندوتیژی وەك هێزێك کە ژیان بەرەو پێشەوە دەبات، بڕوایەکی کۆنەو





بۆ نیچە دەگەڕێتەوە، وەلێ ئەفراندن وەك بەنرخترین سامانی مرۆڤ، پێشینەیەکی کۆنی هەیەو بەلانیکەمەوە بۆ بێرگسۆن دەگەڕێتەوە.

ئەم پاساوە بایۆلۆجییەی توندوتیژی کە بەرووکەش وەك کارێکی نوێ دەردەکەوێت، لە راستیدا بۆ دێرینترین رەگەزی نەریتی فیکری سیاسی دەگەڕێتەوە. هەروەکو بینیمان بەپێی وێناکردنی نەریتیی بۆ دەسەڵات کە دەسەڵات لەگەڵ توندوتیژیدا بەیەکسان دەزانێت، پێیوایە دەسەڵات بە سروشت فراوانخوازەو "ئارەزویەکی ناوەکی بۆ گەشەکردن" هەیەو خولقێنەرە، چونکە "غەریزەی گەشەکردن یەکێکە لە خەسڵەتەکانی"[١٠٠]. رێك هەروەکو لە مەلەکوتی ژیانی ئۆرگانیدا رودەدات، بەجۆرێك کە هیچ رەگەزێك جگە لە دوو هەڵوێرد شتێکی دی لە بەرامبەردا بۆ نامێنێتەوە، یا دەبێ گەشە بکات یا دابروخێتو لەناوبچێت، هەروەها لە کاروباری مرۆیشدا رودەدا، چونکە دەسەڵات تەنها لە رێگەی فراوانخوازییەوە دەتوانێت یەکانگیری خۆی بپارێزێت، ئەگینا هێدی هێدی لێکدەترازێتو لەناودەچێت. لە سەردەمی کاترینی مەزن لە روسیا ئەم وتەیە زۆر لەسەر زمان بو: " هەر شتێك لە گەشەکردن بوەستێت، بەرەو دارزان دەچێت. هەروەکو بۆمان دەگێڕنەوە پاشاکان "لەبەر ستەمکارییان ناکوژرێن، بەڵکو بەهۆی لاوازیانەوە دەکوژرێن". "میلەت لەبەر ئەوە قەنارە دانانێت تا لەرووی ئاکارییەوە ستەمکاران سزا بدات، بەڵکو لە

پێناوی ئەوەی لاوازەکان لەرووی بایۆلۆجییەوە سزا بدات". ئیدی لێرەوە شۆڕش، ئەگەر تەنها بەرووکەش لێی بڕوانین، لەدژی دەسەلاتدارانو گرتنەدەستی دەسەلات بەرپا دەبێت، بەلام کاری راستەقینەی بۆ ئەو مەبەستەیە "هێزو برەوو تۆکمەیی تازەو زیاتر بەدەسەلات ببەخشێتو ئەو بەربەستانەش لابەرێت کە ماوەیەکی دوورودرێژە رێگەی لە گەشەکردنی گرتوە"[١٠١]. بۆیە کاتێك فانون قسە لەسەر "شێتی داهێنەرانە"ی کردەوەی توندوتیژی دەکات، لە راستیدا هێشتا فیکری لە چوارچێوەی هەمان نەریتی فیکریدا لەنگەری گرتوە[١٠٢].

من بڕوام وایە لە رووی تیۆرییەوە هیچ شتێك لەوە مەترسیدارتر نیە، ئەم فیکرە ئۆرگانییە بەسەر مەسەلە سیاسییەکاندا بهێنرێت کە تێیدا لە دەسپێکی زاراوە بایۆلۆجییەکانەوە دەسەلاتو توندوتیژی راڤە دەکرێ. ئەمرۆ لەتێگەیشتنی ئەم چەمکانەدا، وادەردەکەوێت کە ژیانو ئەفراندنی ژیانی بانگەشەبۆکراو خاڵی هاوبەشی دەسەلاتو توندوتیژی پێکدەهێنن، ئەمەش وادەکات لەسەر پاشخانی خودی کاری خولقاندا پاساو بۆ توندوتیژی بهێنرێتەوە. ئەو خوازە ئۆرگانیانەی لەکاتی ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر ئەم بابەتانە دەکرێ، بەتایبەتی ئاخاوتن لەسەر شۆڕشەکان، بەردەوام دوبارە دەبنەوە، سەرئەنجام جگە لە بەڵگەهێنانەوەی تازەو زێدە کە دەچێتە خانەی بەرژەوەندی توندوتیژییەوە، شتێکی دی نیە. وێناکردنی "کۆمەڵگەیەکی نەخۆش" کە شۆڕش ماکەکانی





پێدەهێنێت، هەروەکو چۆن تا نیشانەی نەخۆشییە، نمونەیەکی گونجاوە لەسەر ئەم مەسەلەیە. لێرەدا گفتوگۆی نێوان ئەوانەی پێشنیازی توندوتیژی دەکەن، وەك ئامرازێك بۆ سەقامگیرکردنی "سیستمو یاسا" و ئەوانەی پێشنیازی ریفۆرم دەکەن بێئەوەی پەنا بۆ شێوازی توندوتیژی بەرن، بەشێوەیەکی ترسناك لە گفتوگۆی نێوان دوو پزیشك دەچێت، لەجیاتی ئەوەی نەخۆشەکەیان بەدەرمان چارەسەر بکەن، دەربارەی باشیی رێژەیی پەنابردن بۆ نەشتەرگەری، درێژە بەگفتوگۆیی نێوانیان دەدەن. لێرەدا تا باری نەخۆشەکە خراپتر بێت، ئەگەری لاسەنگی ترووازی گفتوگۆکە بۆ پزیشکی نەشتەرگەرەکە بەهێزتر دەبێت. لەسەرووی ئەوەشەوە تا بەچەمکی بایۆلۆجی، نەك سیاسی بدوێین، ستایشگەرانی توندوتیژی دەتوانن پەنا بۆ پاڵنەرە حاشاهەڵنەگرەکان بەرن کە دەڵێت: سەبارەت بەکاروباری سروشتی بەدڵنیاییەوە وێرانکردنو ئەفراندن دوو رووی پرۆسەیەکی سروشتینو بەهەمان شێوەش دەشێت، هەروەکو چۆن لە جیهانی گیانەوەراندا سروشتی ململانێ لە پێناوی مانەوەو کوشتنی بونەوەرانی دی وەك پێویستییەکی ژیان بێتەبەرچاو، توندوتیژی بەکۆمەڵیش وەك رەگەزی پێشکەوتنی حاڵەتی کۆمەلایەتی مرۆڤ بەسروشتی دەربکەوێت.

مەترسی خلیسکان بەرامبەر راستگۆیی فریودەری ئەم خوازە ئۆرگانیە، بەتایبەتی کاتێك ترسناكو تۆقێنەر دەبێت، ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بەرەگەزپەرستییەوە هەبێت. رەگەزپەرستی،

چ سپی بێت یا رەش، هەوێنی توندوتیژی لە پێناسەیدا هەڵدەگرێت، چونکە رەگەزپەرست بە پێستی رەش یا سپی کە حەقیقەتێکی فیزیۆلۆجیو سروشتیەو هیچ دەسەڵاتو توانایەکیش ناتوانن بیگۆڕن، ناکۆك دەوەستێتەوە: لەمجۆرە حاڵەتەدا تاکە چارەسەر ئەوەیە خاوەن خەسڵەتە نزمەکە لەنێوببرێت. رەگەزپەرستی، وەك شتێکی جیاواز لە رەگەز، لە حەقیقەتەکانی ژیان نیە، بەڵکو ئایدیۆلۆجیایە. ئەو کردەوانەی ئەنجامی دەدا، کاری فیکری نیە، بەڵکو کردەوەگەلێکی مەبەستدارە لەسەر بنەمای تیورەی زانستی ساختە ئەنجام دەدرێ. توندوتیژی لە ململانێی نەژادیدا هەمیشە لەگەڵ خوێنرێژیدا هاوڕایە، وەلێ لە هەمو حاڵەتێکدا "ناعەقڵانی" نیە، بەڵکو دەرئەنجامێکی عەقڵانیو لۆجیکی خودی رەگەزپەرستیە. ئەو رەگەزپەرستییەی مەبەستم نیە لەرێگەی ئاماژە پێدانییەوە هیچ پێشداوەرییەك لەسەر ئەم یا ئەو لایەنی تێوەگلاویانەوە بکەم، بەڵکو تەنها مەبەستمە ئاماژە بە رژێمێکی راشکاوی ئایدیۆلۆجی بکەم. هێندێك کەڕەت پێشداوەری جودا لە بەرژەوەندیو ئایدیۆلۆجیا، رادەستی گوشاری دەسەڵاتەکان دەبن، ئەمەش بەتەواوەتی سەبارەت بە بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکان رویدا، کە بزوتنەوەیەکی سەرکەوتویی ناتوندوتیژ بو: ("تا ساڵی ١٩٦٤... زۆرینەی ئەمەریکییەکان لەو قەناعەتەدا بون کە ملکەچی.. تا رادەیەکی کەمتریش جیاوازی رەگەزی... دوو کاری نادروستن")[١٠٣]، بەلام لەگەڵ ئەوەی کردەوەی





بایکۆتو گەگرتنو خۆپێشاندانەکانی باشور لە هەڵوەشاندنەوەی یاساو بڕیارە رەگەزپەرستییەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هەمان سیاسەت کاتێك لە سەنتەری شارە گەورەکان روبەروی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بویەوە، واتە لەلایەکەوە، حەقیقەتی داماویی دانیشتوانی گەرەکە رەشپێستەکان، لەلایەکی دی، بەرژەوەندی هەنوکەیی گروپە کەمدەرامەتەکانی سپیپێستەکان، سەبارەت بەمەسەلەی نیشتەجێکردنو فێربون، نەك تەنها هەر توشی شکست بویەوە، بەڵکو پەرچەکرداری پێچەوانەشی لێکەوتەوە. تەنها کارێك کە ئەم بزوتنەوەیە دەیتوانی بیکاتو بەراستیش ئەنجامیدا، بریتی بو لەوەی ئەو بارودۆخە ئاشکرا بکاتو بیخاتە بەردەم رای گشتیو دەرئەنجامیش بەشێوەیەکی زۆر ترسناك ئەوە ئاشکرا بو کە سەرکەوتنی ئاشتکردنەوەی بەرژەوەندی لایەنە ناکۆکەکان ئەستەم بو.

بەڵام تەنانەت ئەم خۆپێشاندانە توندوتیژانەی هەنوکە تێیدا دەژین، هەر لە راپەرینی رەشپێستەکانەوە تا پەرچەکرداری توندوتیژی پێشبینیکراو، زەینییەتی باڵادەست بەسەر دانیشتوانی سپیپێستەکاندا، نابێت وەك گوزارەی ئایدیۆلۆجیای رەگەزپەرستیو لۆجیکی خوێنرێژی گوزارشتی لێبکرێ (هەروەکو لەم دواییەدا ئاماژەی پێکراوە، راپەرینەکان شتێك نین جگە لە "نارەزایی دیاریکراو کە پاساوی بەجێی خۆی هەیە"[١٠٤] و "بەهەر حاڵ مۆرکی سنوردار، هەڵبژاردەیی یا عەقڵانی زۆر روونو ئاشکرای هەیە"[١٠٥] و

دەتوانین هەمان شتیش لەسەر پەرچەکرداری سپیپێستەکان بڵێین کە بەپێچەوانەی هەمو پێشبینییەکانەوە تا ئەمرۆ هیچ مۆرکێکی توندوتیژی پێوە دیار نیە. ئەم دیاردەیە تاکو ئێستا بەتەنها پەرچەکردارێکی بەتەواوەتی عەقڵانی گروپە بەرژەوەندیدارەکان بوە کە بەتورەیی دژی واقیعێکی تایبەت نارەزایی دەربڕیوە بۆ ئەوەی بەتەنها باجی سیاسەتی ئاوێتەکردن بدات کە بەشێوەیەکی خراپ دارێژراوەو داهێنەرانی ئەو سیاسەتەش بەوپەڕی ساناییەوە خۆیان لە بەرپرسیارێتی کردەوەکانیان دەدزنەوە)[١٠٦]. مەترسی گەورە لەلایەکی دی سەرچاوە دەگرێ: لەبەر ئەوەی توندوتیژی هەمیشە پێویستی بەپاساو هەیە، ئەوا دەکرێ باڵاکردنی توندوتیژی لە شەقامەکاندا ببێتە مایەی زیندوکردنەوەی ژیانی ئایدیۆلۆجیای رەگەزپەرستی راستەقینە، وەك پاساوێك خزمەت بە توندوتیژی بکات. بەڵام رەگەزپەرستی رەشپێستەکان کە زۆر بەروونی لەبەیاننامەی "جێمس نۆرمان"دا دەردەکەوێت، ئەگەری ئەوەی هەیە زیاتر دەرئەنجامی راپەڕینە مۆتەکەییەکانی ئەم ساڵانەی دواییە بێت، نەك هۆی راپەڕینەکان. رەنگە ئەم کارەش پەرچەکرداری توندوتیژی راستەقینەی سپیپێستەکان بوروژێنێت، کە مەترسی گەورەی لەوەدابێت بەمەبەستی پاراستنی "سیستمو یاسا" فیکری پێشوەختی سپیپێستەکان بە ئایدیۆلۆجیایەکی تەواو رەگەزپەرستی بگۆڕێت. ئەمجۆرە هەلومەرجە (کە هێشتا ئەگەری رودانی زۆر نیە)، لە داتەپینی کەشوهەوای رای گشتی





ولاّتیکدا رودەدا کە زۆرینەی دانیشتوان بەهۆی پشتگیری کردنیان لە تیرۆری نادیاری دەوڵەتێکی پۆلیسی بەمەبەستی باڵادەستی دروشمی "سیستمو یاسا" لەشەقامەکاندا، باجەکەی بدەن. بەڵام ئەوەی ئەمرۆ لە پەرچەکرداری پۆلیسدا دەیبینین، لەگەڵ ئەوەی دڕندانەو زیاد لە پێویستیش دیارو بەرجەستەیە، بەهیچ شێوەیەك هاوشێوەی پێشبینییەکانی ئێمە نیە.

هەرگیز لە ململانێی بەرژەوەندییەکاندا، ڕێبازو مشتومڕی لایەنە جیاوازەکان بە عەقڵگەرایی جیاناکرێتەوە. بەداخەوە هەمیشە واقیع بەشێوەیەك کەوتۆتەوە کە هەمو ئومێدو ئاواتی رۆشنگەران، ئەوانەی پەی بەرژەوەندی خۆیان دەبەن، ئیدی چ بەمانای تەواوی گوزارەکە بێت، یا بەمانا مارکسییە پڕئاڵۆزەکەی، بە درۆ دەخاتەوە. ئەزمونو شتێك لە کاری فیکری، پێچەوانەی ئەو شتەمان فێر دەکات کە رۆشنگەری مرۆڤ هەمیشە لە دژی سروشتەکەیەتی وەك خاوەن بەرژەوەندی. با لەسەر ئەوەی لە ژیانی رۆژانەدا رودەدا نمونەیەك وەربگرین، بۆ نمونە مشتومڕێ نێوان کرێچیو خاوەن خانو: بەرژەوەندیداری رۆشنگەر لەلای پەسەندە بینایەکی شایستەی نیشتەجێبوونی هەبێت، بەڵام بەرژەوەندی موڵکدار نەك هەر لەو پەسەندبوونەدا نیە، بەڵکو زۆربەی کات لەگەڵیدا ناکۆك دەکەوێتەوە... چونکە بەرژەوەندی خاوەن موڵك لەوەدایە زۆرترین قازانجی دەست بکەوێت، بەڵام بەرژەوەندی کرێچی لەوێدایە نزمترین کرێ بدات. وەڵامی ئاسایی

دادوەرێك بە گریمانەی ئەوەی بەناوی رۆشنگەرەوە قسە دەكات، بەو شێوەیە دەبێت كە بەرژەوەندی بیناكە لە دوور مەودادا، بریتیە لە بەرژەوەندی راستەقینەی هاوبەشی نێوان موڵكدارو كرێچی، بەڵام ئەم وەڵامە، فاكتەری كات بۆ هەر دوو لایەن لەبەرچاو ناگرێت، ئەگەر چی فاكتەرێكی زۆر گرنگیشە بۆ هەمو لایەنە پەیوەندیدارەكان. بەرژەوەندی بەپلەی یەكەم بەرژەوەندی خودە، خودیش (شەخسی) لەمجۆرە حاڵەتەدا رەنگە بمرێت، یا بگوێزێتەوە یا خانوەكەی بفرۆشێت. كەواتە لە دەسپێكی هەلومەرجی ناجێگیرو هەمیشە گۆڕاوی خوددا، لە دەسپێكی راستی گۆڕانو مردن كە لە هەلومەرجی مرۆڤ جیانابێتەوە، خود ناتوانێت كاروبارەكان لە مەودایەكی دووردا لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەكانی عەقڵانە تاوتوێ بكات، بەدیاریكراویش لە دەسپێكی بەرژەوەندی ئەو دنیایەی كە دوای مردنیشی هەر بەردەوام دەبێت. تێكچونی بینایەك چەندین ساڵی گەرەكە، ئەمە لە حاڵێكدا زیادكردنی كرێ یا كەمكردنەوەی مەسەلەیەكە پەیوەندی بەمرۆ یا سبەینێ هەیە. هەمان وتەش لەسەر ململانێكانی نێوان كرێكارانو ئیدارەی كرێكارانو شتی لەو بابەتە پیادە دەبێت. كاتێك داوا لە بەرژەوەندی خود دەكرێ لە بەرامبەر بەرژەوەندی راستەقینە ملكەچ بێت، واتە ملكەچ بێت بەرامبەر بەرژەوەندی دونیایەك كە بەجیاوازی لە بەرژەوەندی خود دەناسرێتەوە، هەمیشە یەك وەڵام دەداتەوە: "ئەوەی بە ماڵ حەڵاڵە، بە مزگەوت حەرام"، رەنگە





ئەم وەڵامە تا رادەیەك ناعەقڵانی بێت، بەڵام تارادەیەكی زۆر واقیعی دەردەكەوێت، ئەو پەرچەكردارەی هەستی جوامێری لە دەستدەدا، بەتەواوەتی لەگەڵ ئەو جیاوازییە دەگونجێت كە هەر یەكێك لە ئێمە لەنێوان بوونی كەسێتی تایبەتیو هێوای مانەوە دەینرخێنێت – بەتەواوەتی لەگەڵ ئومێدی تایبەتیدا جیاوازە – هەروەكو لەجیهانی دەوروبەریدا دەردەكەوێت. كارێكی واقیعیو عەقڵانی نیە ئەو خەڵكانەی بچوكترین وێنایان لەسەر كاروباری گشتی respublica نیە چاوەڕوانی ئەوەیان لێبكرێ بەشێوەیەكی ناتوندوتیژی یا بەشێوەیەكی عەقڵانی بەڵگەبهێنەوە لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بە بەرژەوەندییانەوە هەیە.

لەبەر ئەوەی توندوتیژی بەسروشت ئامرازییە، بۆیە تا گەیشتن بەو ئامانجەی كە دەتوانێ پاساوی بداتەوە، كاراو ماقوڵ دەردەكەوێتو كاتێك كارێك ئەنجام دەدەین هەرگیز بەشێوەیەكی رەهاو پێشوەخت نازانین دەرئەنجامی ئەو كارەی ئەنجامی دەدەین چۆن دەبێت، لە بەرامبەر ئەوەشدا دەشێت توندوتیژی تەنها لە بەدواداچونی ئامانجە كورت مەوداكاندا عەقڵانی بێت. توندوتیژی كۆمەكو هاوكاری مەسەلە گەورەكانی لە بابەت مێژوو، شۆڕشو پێشكەوتنو دواكەوتن ناكات، بەڵام دەتوانێت مۆركی درامیی بداتە پاڵ داواكارییەكانو سەرنجی رای گشتی بۆ رابكێشێت. هەروەكو كۆنۆر كرۆز ئۆبریان، دەربارەی رەوایەتی توندوتیژی لە "شانۆی فیكر"دا تیبینی كردوە، ئەویش كاتێك ئەم وتەیەی لە جوتیارێكی

شۆڕشگێڕی ئێرلەندی بەناوی ویلیام ئۆبریان خواستوە، کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە: "هێندێك جار توندوتیژی تاکە شێوازە کە دەنگی میانڕەوی دەگەیەنێتە گوێ"و داواکردنی ئەستەم بۆ ئەوەی مومکین بەدەست بهێنرێ، هەمیشە کارێکی بێهودە نیە. لە راستیدا توندوتیژی بە پێچەوانەی ئەوەی کە پەیامبەرانیی هەوڵ دەدەن پێمان بڵێن، دەشێت زیاتر وەك چەکێکی ریفۆرم دابنرێت تا ئەوەی چەکی شۆڕش بێت. ئەگەر خوێندکارە فرەنسییەکان راپەرینیان نەکردایە، ئەوا فرەنسا هەر لە سەردەمی ناپلیۆنەوە تا ئەمڕۆ نەیدەتوانی یاسایەکی ریشەیی هەبێت بۆ ئەوەی سیستمی دواکەوتویی توندوتیژی فێرکردنی پێبگۆڕێت، ئەگەر خۆپێشاندانەکانی وەرزی بەهار نەبوایە، هیچ کەسێك لە زانکۆی کۆڵۆمبیا نەیدەتوانی خەون بەو ریفۆرمە پەسەندکراوانەوە ببینێت[١٠٧]و رەنگە ئەوەش راست بێت کە هیچ کەسێك تێبینی ئەوەی نەدەکرد لە ئەڵمانیای رۆژئاوا "کەمایەتی نەیار بوونی هەبێت، ئەگەر لەلایەن ئەو کەمایەتییەوە کاری جارزکەرانە ئەنجام نەدرایە[١٠٨]. بێگومان توندوتیژی سودی دەبێت، بەڵام گرفتەکە لەوێدایە کە بەبێ جیاکاری سودی دەبێت، بەجۆرێك لەیەك کاتدا دەبێتە مایەی رێکخستنی وانەی تایبەت بە رەشەکانو وتنەوەی وانە بە زمانی سەواحلیو ریفۆرمی راستەقینەشی لێدەکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی تاکتیکی توندوتیژیو ئاژاوەگێری تەنها بۆ ئامانجە کورت مەوداکان سودی هەیە، رەنگە هەروەکو لەم دواییەدا لە





ئەمەریکا رویدا، دەسەڵاتداران لەئاست داواکارییە بێماناکانی خوێندکاراندا ملکەچ بکەن، یا زیانبەخش دەبێت – وەك قبوڵ کردنی خوێندکاران بێئەوەی لێهاتویی پێویستیان هەبێتو وانەیەکیان پێبخوێنرێت کە بوونی نەبێت – گەر بتوانرێ ئەمجۆرە ریفۆرمانە بەوپەری ساناییەوە بەدیبهێنرێت، بەڵام سەبارەت بەئامانجە دوور مەوداکان یا گۆڕانکارییە بونیادییەکان بێسود دەبێت[١٠٩]. لە پاڵ ئەوەشدا مەترسی توندوتیژی، تەنانەت ئەگەر لە چوارچێوەیەکی میانڕەوی ئامانجە کورت مەوداکاندا بەکارببرێت، هەمیشە لە واقیعدا ئەگەری ئەوە بەدیدەکرێ کە ئامراز بەسەر ئامانجدا زاڵ بێت. ئەگەر ئامانجەکان بەخێرایی بەدینەیەت، ئیدی ئەنجامەکەی بەتەنها شکستهێنانی هەمو بزوتنەوەکە نیە، بەڵکو پیادەکردنی توندوتیژی بۆ گشت جەستەی سیاسی رۆدەچێت. کارکردن شتێکە گەڕانەوەی تیانیە، بەڵام گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشو لە کاتی شکستدا، هەمیشە کارێکی ناپەسەندەو قبوڵ ناکرێ. پیادەکردنی توندوتیژی وەك هەر کارێکی دی بۆی هەیە دونیا بگۆڕێت، بەڵام ئەو گۆڕانکارییەی شیمانەی لێدەکرێت، بریتیە لە گۆڕانکاری بەرەو دونیایەکی پڕ لە توندوتیژی.

دواجار – بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ شەرمەزارکردنی پێشوەختی رژێم لەلایەن پاریتۆو سۆرێڵەوە – دەبینین تا بالادەستی بیرۆکراسیگەرا لەسەر ژیانی گشتی گەورەتر بێت، کێشی پیادەکردنی توندوتیژیش گەورەتر دەبێت. لە رژێمێکدا

بیرۆکراسییەت تێیدا بەتەواوەتی باڵای کردبێت، کەسێك بەدیناکەیت سەری گفتوگۆیەکی لەگەڵدا دامەزرێنیت، یا لایەنێك نادۆزیتەوە داوایەکی پێشکەش بکەیت، یا کەسێك نابینیت گۆشارێکی بەهێزی بخەیتەسەر. بیرۆکراسییەت سیستمێکی حوکمڕانی ئەوتۆیە کە کەس تێیدا مافی ئازادی سیاسیو هێزی کارکردنی نیە، چونکە حکومەتێك تێیدا کەس حوکمڕان نەبێت، بەمانای بێحکومەتی نیە، کاتێك هەمو کەسێك لە بێتواناییو دەستەوەستاندا یەکسان دەبن، رژێمێکی چەوسێنەرانە پەیدا دەبێت، بێئەوەی چەوسێنەرێك لە ئارادا بێت. ئەو خاڵە هاوبەشە سەرەکییەی گشت راپەرینی خوێندکاران لە جیهاندا دەبزوێنێت، بریتیە لەوەی کە ئەو راپەرینانە لە هەمو شوێنێکدا لەدژی بیرۆکراسیەتی حوکمڕان دەوەستنەوە. ئەم کارەش خاڵێك روندەکاتەوە کە لە یەکەم نیگادا ئازاربەخش دێتەبەرچاو: خوێندکارە یاخییەکانی رۆژهەلات بەدیاریکراوی ئەو ئازادی ئاخاوتنو فیکرەی بۆ خۆیانی داوا دەکەن، خوێندکارە شۆرشگێڕەکانی رۆژئاوا ریسوای دەکەنو بەشتێکی بێمانای لە قەڵەم دەدەن. ئەم کارەش لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆجیا گێژکەر دەردەکەوێت.. بەڵام ئەگەر لەو واقیعە هەست پێکراوە دەست پێبکەین کە میکانیزمی زەبەلاحی حیزب لە هەمو جێگەیەکدا توانیوێتی دەنگی هاولاتیان کپ بکات، تەنانەت لەو ولاتانەشدا کە ئازادی ئاخاوتنو خڕبونەوە پارێزراوە، ئەوا بابەتەکە تا ئەو ئاستە گێژکەر نیە. نەیارانو بەرگریکارانی رۆژهەلات ئازادی ئاخاوتنو





فیکر وەك پێشمەرجی هەر کارێکی سیاسی دەزانن، بەلام یاخیبوانی رۆژئاوا لە سایەی هەلومەرجێکدا ژیان دەگوزەرێنن کە چیدی ئەو پێشمەرجە ناتوانێت دەروازەیەك بۆ کارکردن یا پیادەکردنی ئازادی بکاتەوە. لە راستیدا ئەوەی لەکن گروپی دوەم گرنگە، هەروەکو خوێندکاری ئەڵمانی "جینس لیتن" دەڵێت، ئیفلیج کردنی کارکردنە[١١٠]. بەهەر حاڵ گۆڕانی حکومەتەکان بۆ دەزگای ئیداری یا کۆمارییەکان بۆ بیرۆکراسییەت کە هاوڕا بوە لەگەڵ تەسك بونەوەی کایەی بزاوتی گشتی، مێژوویەکی دوورودرێژو پڕئالۆزی لەسەردەمی نوێدا هەیە. ئەم شێوازەش بەهۆی گەشەسەندنو دەرکەوتنی بیرۆکراسییەتی حیزب لەم چەند سەد ساڵەی دواییەدا بەشێوەیەکی مەزن بەرەو پێشەوە رۆیشتوە (بەر لە حەفتا ساڵ پاریتۆ دەنوسێت"لە ولاتە بەناو دیموکراسیو ئازادەکاندا، ئازادی.. مەبەستم لەتوانای کارکردنە، بۆ هەمو کەسێك، جگە لە تاوانباران، رۆژانە رووی لە کزییە")[١١١]. ئەوەی مرۆڤ دەکاتە بونەوەرێکی سیاسی، توانای کارکردنێتی کە وایلێدەکات لەگەڵ هاوچەشنەکانی خۆیدا خڕبێتەوەو بەشێوەیەکی سیستماتیکانە کاریان لەتەکدا بکاتو بەرەو بەدیهێنانی ئامانجو پرۆژەکان هەنگاو بۆ پێشەوە بهاوێت، ئەگەر ئەو بەهرەیەی تیانەبوایە کە هەنگاو بەرەو ئاسۆیەکی تازەی ژیان بهاوێت، هەرگیز بۆ زەینی دزەی نەدەکرد تا ئەوەی ببێت بە چەپکێك لە خواستەکانی دڵو دەرونی. لەرووی فەلسەفییەوە کارکردن پەرچەکرداری مرۆییە

لەبەرامبەر مەرجی بوونی بایۆلۆجییدا. لەبەر ئەوەی ئێمە لە ڕێگەی لەدایکبونەوە، وەك تازە هاتو،و دەستپێکەر، دێنە ئەم جیهانەوە، بۆیە دەتوانین بەشتێکی نوێ دەست پێبکەین‌و بەبێ کردەی لەدایکبون نەماندەزانی نوێگەری چییەو هەمو کارێکیش تەنها وەك ڕەفتارێکی ئۆتۆماتیکی یا پرۆسەی مانەوە دەردەکەوت. بەهەر حاڵ جگە لە زمان هیچ هێزێکی دی بە عەقڵ‌و وشیاریشەوە، لە توانایدا نەبو بەشێوەیەکی ریشەیی لە گیانەوەرانی دیمان جیابکاتەوە. کارکردن‌و دەسپێکردن یەك شت نین، وەلێ پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە.

هیچ خەسڵەتێکی پرۆسەی ئەفراندن، ناتوانێت لەو خوازە وێنانەی لە خودی ڕەوتی ژیانەوە وەردەگیرێت، گوزارشتی تەواوی لێبکرێ. نەکاری لە دایکبون‌و نەکاری منالبون مانای ئەفراندن دەگەیەنێت، نەمردنیش بەمانای تیاچون‌و فەوتان دێت، بەڵکو هەمویان قۆناغی جوداجودای خولی هەمیشە نوێبونەوەن کە بۆ هەتاهەتایە بەردەوام دەبێت، خولێك گشت بونەوەرە زیندوەکان وەك خولی ئەفسانەئامێز تێیدا دەژین. بەڵام توندوتیژی‌و دەسەڵات بەهیچ شێوەیەك دوو دیاردەی سروشتی نین، واتە دەرکەوتەیەکی ڕەوتی ژیان نین، بەڵکو ئینتمایان بۆ کایەی سیاسەتێکە کە کاروبارەکانی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات، ئەویش تەنها لەڕێگەی توانای مرۆڤ لەسەر کارکردن‌و لێهاتویی بۆ ئەوەی دەست بەشتێکی تازە بکات، دەتوانرێ گرەنتی لەسەر چییەتی مرۆڤایەتی بدرێ. لەو





بڕوایەدام زۆر بەسانایی دەتوانرێ ئەوە بسەلمێنرێ هیچ توانایەکی مرۆڤ لە ئەنجامی پێشکەوتنی سەردەمی تازە بەرادەی ئەم توانایەی مرۆڤ ئازاری نەچەشتوە، چونکە پێشکەوتن هەروەکو لێی تێگەیشتوین، بەمانای گەشەکردن‌و پەرەسەندن دێت، واتە پرۆسەیەکی بێبەزەییانەی زیاترو زیاتر بەرەو گەورەترو گەورەتر. هەر وڵاتێك لەرووی دانیشتوان‌و ئامانج‌و خاوەندارێتییەوە گەورەتر بێت، پێداویستی بۆ ئیدارەدان گەورەتر دەبێت، هاورێ لەگەڵ ئەوەشدا توانای بەڕێوەبەرە بێناوو ناسنامەکان گەورەتر دەبێت. نوسەری چیکی "پاڤێڵ کۆهۆت" لە سەروەختی ئەزمونی بەهاری پراگ لە چیکوسلۆڤاکیادا "هاوڵاتی ئازاد" بە "هاوڵاتی بەشدار لە حوکم" پێناسە دەکات. ئەمەش بەتەنها مانای "بەشداریکردنی دیموکراسیانەی" هەیە کە لەم ساڵانەی دواییەدا بەزۆری لەسەر رۆژئاوا گوێبیستی دەبین. هەروەها کۆهۆت دەڵێت، ئەمرۆ جیهان لە هەمو شتێکی دی زیاتر پێویستی بە "نمونەی تازە"هەیە، ئەگینا "سەد ساڵی ئایندە بە زەرورەت دەبێتە سەردەمی مەیمونی بانمەدەنییەت"، یا لەوەش خراپتر "سەردەمی ئەو مرۆڤەی دەبێت بەمریشك یا مشکی حوکمڕانی دەستەبژێر کە دەسەڵاتی لە "ئامۆژگاری حەکیمانەی روناکبیرە دەستیارەکانیان وەردەگرن"، ئەو روناکبیرانەی ئەمرۆ پێیانوایە ئەو کەسانەی لە گەنجینەی فیکر – think tanks– کار دەکەن، بیرمەندن‌و کۆمپیوتەرەکانیش دەتوانن بیربکەنەوە. ”ڕەنگە ئەم ئامۆژگاریانە

لە دواجاردا زیاد لە پێویست زیانبەخش بن، چونکە خاوەنەکانیان لە جیاتــی ئەوەی ئامۆژگاری ئەوە بکەن کــە پێڕەوی لە ئامانجە مرۆییەکانــدا بکــرێ، ئامۆژگــاری دەکەن پێڕەوی لە چارەســەرە ڕەهــا عەبەســییەکان بکرێ، کــە بەهۆی دەســتێوەردانی عەقڵی دەستکردەوە، بەشێوەیەکی پێشبینیکراو بەم شێوەیەی ئێستای کەوتۆتەوە"[١١٢].

زۆر زەحمەتە بتوانین پێشبینی ئەوە بکەین لەو نمونە تازەیەی داوای ئەفراندنــی دەکرێ، لە ڕێگــەی پیادەکردنی توندوتیژییەوە بخوڵقێنــرێ، هەر چەنــدە من لــەو بڕوایەدام کە بەشــێکی زۆری ئــەو ئەنگیزانــەی ئەمڕۆ ستایشــی توندوتیژی دەکــەن لە مەزنی ناکامــی توانای کارکردنــی جیهانی تــازەوە بەرهەمدێت. ئەوەش بەتەواوەتی ڕاســتە کە پشێوی گەرەکە ڕەشپێستەکانو ڕاپەڕینی زانکۆکان ئەو هەســتە بەخەڵکــی دەبەخشــێت: " بێئەوەی هیچ فەرمانێکی پێشــوەخت بەســەریاندا بســەپێنرێت، بەشێوەیەکی کەم وێنــە پێکەوە کار دەکــەن"[١١٣]. ئێمە نازانین ئــەم ڕوداوانە لــە دایکبونێکــی تــازە ڕادەگەیەنێــت – نمونەیەکــی تــازە – یا بەتەنهــا دوا هەناســەیە کە مرۆڤایەتی خەریکە لە دەســتی دەدا. لە بارودۆخی ئەمڕۆدا کاتێك تێببینی ئاســتی داروخانی زلهێزەکان دەکەین کە چۆن لەژێر بارگرانی دێوئاسادا پشتیان چەماوەتەوە، ئینجا بۆمان دەردەکەوێت ســەرهەڵدانی "نمونەی تازە" تەنها لە وڵاتە بچوکەکان یا لەچوارچێــوەی کەرتە بچوکو دیاریکراوەکانی





کۆمەڵگە پڕدانیشــتوانەکانی وڵاتە گەورەکاندا، چانســی هاتنەدی زیاتر دەبێت.

داروخانــی دەزگا خزمەتگوزارییە گشــتییەکان لە خوێندنگە، پۆلیس، پۆســتە، کۆکردنەوەی خاشــاك، گواستنەوەو شتی دی، بەرزبونەوەی تێکــرای قوربانییەکانی ڕێگەوبان، گرفتی هاتوچۆی نێوان شارەکانو پیسبونی ئاووهەوا، هەمو ئەوانە کە لەم ساڵانەی دواییەدا بە تەواوەتی ڕونبۆتەوە، نیشانەی پرۆسەیەکی لێکترازاوەو دەرئەنجامی حەتمی پێداویستی بارودۆخی کۆمەڵگە گەورەکانە کە چیدی قابیلــی کارڕاییو ئیدارەدان نیە. ئەوەی هاوڕاو زۆرجاریش ئەم پرۆسەیە خێراتر دەکات، بەهۆی ئەو داروخانە هاوتەریبییە کە توشــی سیســتمە حیزبییەکان بۆتەوە – ئەو سیستمە حیزبییەی کە زۆربەیان بەم دواییانە دروســتبونو ئامانجی دروستبونیشــیان خزمەتکردنــی پێداویســتییە سیاســییەکانی جەمــاوەر بــو – لە ڕۆژئــاوا کاتێــك دیموکراســی ڕاســتەوخۆ لەتوانادا نابێــت، لەبەر ئــەوەی "ژوورەکە جێگــەی هەموانی تیا نابێتــەوە"، (هەروەکو جۆن ســۆڵدن دەڵێت) بۆ ئەوەی حوکمــی نوێنەرایەتی لە توانادا بــکاتو لە ڕۆژهەڵاتیش حوکمی ڕەها لە ســەرزەمینە فراوانەکاندا کاراتر بکات. زەبەلاحیی بەمانای لەرزۆکی دێت، داروخانی بونیادی دەسەڵاتیش لە هەمو وڵاتەکاندا، جگە لە وڵاتە بچوکەکان، کارێکە خەریکە ڕودەداو بەرداشــەکەی گەورەتر دەبێــت. لەگەڵ ئەوەی کەس ناتوانێت بەدڵنیاییەوە بڵێت، کەیو لە کوێ، بە چڵە پۆپەی

لێکترازاندن دەگەین، بەڵام مرۆڤ دەتوانێت سەرنج بداتو تەنانەت ئەندازەگیری مەودای ئەو سستییەش بکات کە توشی دەزگاکانمان بۆتەوەو چۆن هێدی هێدی ژیانی لەدەستدەدا.

لە پاڵ ئەوەشدا، ئەو دەرکەوتنە هەنوکەییە تازەیەی ناسیونالیزمگەرا کە زۆرجار وەك خلیسکانێك بەرەو راست تەماشا دەکرێ، ئەمرۆ لە دژی "مەزنێتی"و رەهەندەکانی، بوە بەئاماژەی دوژمنایەتییەکی جیهانی گەشەکردو. لە رابردودا هەستی نەتەوایەتی لە ڕێگەی جەختی هەستی سیاسییانەی لەسەر گشت نەتەوە، بەرەو یەکخستنی سەرجەم گروپە جیاوازەکان هەنگاوی دەهاویشت، بەڵام ئەمرۆ تێبینی ئەوە دەکەین کە چۆن "ناسیونالیزمی" ڕەگەزی – "ethnic nationalism"– هەڕەشەی لێکترازاندن لە کۆنترین دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات. ئۆسکۆتڵەندیو وێڵزەکان لە بریتانیا، بریتانیو پرۆڤینسییەکان لە فرەنسا، واتە ئەو گروپە ڕەگەزییانەی تێکەڵبونی سەرکەوتوئامێزیان لە نێو پەیکەری وڵاتی دایکدا دوور بو لە هەمو جۆرە دردۆنگییەك، بەبێ ئەوانیش دەرکەوتنی ئەو وڵاتانە وەك نیشتمانی یەك نەتەوە لە توانادا نەدەبو، ئەمرۆ هەمویان لەدژی حکومەتی سەنتراڵی لە لەندەنو لە پاریس روویان لە جوداخوازی کردوە، رێك لە هەمان ساتەوەختدا وادەردەکەوێت کە سەنترالیزم لە سایەی گوشاری مەزنییو گەشەسەندنو بەهۆی ئەو هەلومەرجەی کە خۆی دەستی لە هەبونیدا هەبوە، دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە، ئەوەتا ویلایەتە یەکگرتوەکان، کە





لەسەر پرەنسیپی فیدرالییەت دامەزراوەو بانگەوازی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دەکات، هەمو هێزی خۆی لە ڕێزگرتنی ئەو دابەشکردنەوە وەردەگرێت، لە بەرامبەر چەپڵەرێزانو ئافەرینی سەرجەم هێزە پێشکەوتوەکاندا، سەری خۆی بۆ ئەزمونێکی تازە نەوی کردوە، ئەو هێزەی بەئیدارەی سەنتراڵ دەناسرێتەوەو بەپێی ئەوەش حکومەتی فیدراڵ، هەوڵدەدا لە دەسەڵاتی ویلایەتەکان کەمبکاتەوەو دەسەڵاتی جێبەجێ کردنیش هەوڵی زیاترو زیاتر دەدا بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەران (کۆنگریس) کەمبکاتەوە(١١٤). وادەردەکەوێت لە ڕێگەی چەندبارە کردنەوەی ئەو هەڵانەی کە دەستوردانەرانی ئەمەریکا هەمو هەوڵێکی خۆیان بۆ راستکردنەوە یا نەهێشتنی دابو، ئەو کۆڵۆنییە ئەوروپییە بەختەوەرە دەخوازێت بەشداری وێرانەی ئەوروپای دایك بکات.

بەهەر حاڵ سود یا زیانی ئیدارەی نێوەندی هەر چییەك بێت، هەمیشە دەرئەنجامەکەی لەسەر ئاستی سیاسی یەك شتە: مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات دەبێتە مایەی ئەوەی هەمو سەرچاوە راستەقینەکانی دەسەڵاتی وڵات یا وشك بکەن یا دڵۆپ دڵۆپ زەوی هەڵیانمژێت. ئەوەی لە ئەمەریکا روبەرومان دەبێتەوە، ئەو ئەمەریکایەی لە بنەرەتدا لەسەر بنەمای پلورالیزمێکی مەزنی دەسەڵاتو هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان دامەزراوە، لێکترازاندنی تەواوی بونیادی دەسەڵات نیە، بەڵکو خودی ئەو دەسەڵاتەیە کە سەرباری ئەوەی وادەردەکەوێت هێشتا تۆکمەو

دەرەدەستەو بەئازادی گوزارشت لە خۆی دەکات، کەچی هێدی هێدی کۆڵەکەکانی لەدەستدەداو بێکاریگەر دەمێنێتەوە. لێردا ئاخاوتن لەسەر ناتوانایی دەسەڵات بابەتی مشتومڕێکی جیدی نیە. کاتێك سیناتۆر "یۆجین ماکارتی"، بەمەبەستی "ئەزمونکردنی رژێم" دەستی بە هەڵمەتەکەی کرد، لە راستیدا تورەیی خەڵکی لەدژی ئیمپریالیزم ئاشکرا کردو پەیوەندی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی نێو ئەنجومەنی پیرانو نەیاری سەر شەقامەکانی سەلماندو گۆرانێکی – بەلانیکەمەوە کاتیش بێت – بەسەر سیاسەتی دەرەوە سەپاندو لە دوایشدا ئەوەی پیشاندا کە زۆرینەی گەنجانی یاخی چەند بەخێرایی دەتوانن بێگانەیی بەلاوەبنێنو بەخاتری ئەوەی رژێم رەوتی سروشتی خۆی وەربگرێتەوە، نەك بەخاتری ئەوەی دەسەڵاتی ئاوەژو بکەنەوە، یەکەمین دەرفەت دەقۆزنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هێزە توانی بیرۆکراسی حیزب بهارێت، چونکە بەپێشێلکردنی هەمو نەریتەکانی، بەلایەوە پەسەند بو بە کاندید کردنی کەسایەتییەکی ناجەماوەری، بەڵام کەسایەتیەکی بەرچاوی حیزب، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بدۆرێنێت (شتێکی لەو بابەتەش کاتێك رویدا کە رۆکفلەر لە هەڵبژاردنی کاندیدی حیزبی کۆماری بۆ سەرۆکایەتی کۆماری بەرامبەر بە نیکسۆن شکستی هێنا).

بەمەبەستی سەلماندنی ئەو ناکۆکییە سەیروسەمەرانەی هاوکاتە لەگەڵ دەستەوەستانو ناتوانایی دەسەڵات، زۆرێك نمونەی دی هەیە. بەهۆی ئەو چالاکییە مەزنەی کاری بەکۆمەڵ لە





بواری زانستەکاندا پێی دەناسرێتەوە کە رەنگە مەزنترین دیاری بێت، ئەمەریکا پێشکەشی دنیای زاستی کردبێت، ئەمرۆ دەتوانین ئەوەندە بەوردی کۆنترۆڵی پرۆسە ئالۆزەکان بکەین کە گەشتی سەر گۆی مانگ زۆر بێمەترسیترە لەو پیاسەیەی لە دوا رۆژەکانی هەفتەدا ئەنجامی دەدەین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەوڵەتەی پێی دەوترێ "گەورەترین هێزی سەر زەوی"، ناتوانێت لە بچوکترین وڵاتی سەر زەوی کۆتایی بەجەنگێك بهێنێت، هەر چەندە ئەو جەنگە کارەسات بەسەر هەمو ئەوانەدا دەهێنێت کە تێوەی گلاون. ئەم کارەش وادەردەکەوێت وەکئەوەی کەوتبینە ژێر نەفرەتی ساحیرەوە، بەوەی بتوانین کاری "ئەستەم" ئەنجام بدەین، بەو مەرجەی توانای کارکردن لەدەست بدەین، یا لە جێبەجێ کردنی کاری سەرسورهێنەرو پڕ پەرجو سەرکەوتوبین، بەمەرجێك دەستەوەستان بین لەوەی وەپیر پێداویستیەکانی رۆژانەوە بچین. ئەگەر دەسەڵات پەیوەندی بە دروشمی "ئێمە دەمانەوێو ئێمە دەتوانین" هەبێت، وەك دروشمێکی جیاواز لەدروشمی تەنها "ئێمە دەتوانین"، ئیدی پێویستە دان بەوەدا بنێین کە دەسەڵاتێکی بێتوانامان هەیە. ئەو پێشکەوتنەی زانستەکان بە دەستی دەهێنن بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە دروشمی "ئێمە دەمانەوێت" نیە. هەر یەکێك لەو کارانە رێگەی تایبەت بەخۆی دەگرێتەبەرو ناچارمان دەکات کارێك ئەنجام بدەین کە لەتواناماندابێت ئەنجامی بدەین، بەبێ ئەوەی دەرئەنجام لەبەرچاو بگرین. ئایا ئەمەش بەو

مانایــە نایەت کە "توانــا"و "ئیرادە" لە یەکتری جیــاوازن؟ ئایا پــۆل ڤالیری لەســەر هەق نەبو کاتێك پەنجا ســاڵ بەر لە ئێســتا نوســیوێتی: "دەتوانــین بڵێــین هەر چــی دەزانین، هــەر چییەك دەســەڵاتمان بەسەریدا دەشکێت، لەوێدا کۆتایی هاتوە کە لەگەڵ هەبونمان ناکۆك دەوەستێتەوە"؟.

جارێکی دی دەڵێم ئێمە نازانین ئەم هەمو پەرەسەندنە بەرەو کوێمان دەبات، بەڵام دەزانین یا پێویســتە بزانین، هەر داروخانێك کە توشی دەسەڵات دەبێت، بانگەوازێکی کراوەیە بۆ توندوتیژی، ئەوانەی دەســەڵات دەگرنەدەســت، ئیــدی چ فەرمانــڕەوا بن یا فەرمانبەر، هەر ئەوەندەی هەســت بکەن دەســەڵاتیان لەدەســت دەچێت، هەمیشــە روبەروی زەحمەتی ئەو وەسوەسەیە دەبنەوە کە توندوتیژی بە دەسەڵات بگۆڕنەوە.

# پاشکۆکان

# پاشکۆی ژماره ١

پرۆفیسـۆر ب. س. پـارخ له زانکۆی هاڵ لـه بریتانیا، هێنده دلۆڤانی نواند تا سـەرنجی منی بۆ ئەم برگەیە راکێشـا کە تایبەت بـو بەفیورباخ لـه کتێـبی "ئایدیۆلۆجیـای ئەڵمان"و نوسـینی مارکس‌و ئنگلس (١٨٤٦)، ئەو بڕگەیەی دواتر ئنگلس بەمشێوەیە لەسـەری دەنوسـێت: "ئەو بڕگەیەی تـەواو بـوە، بەتەنها ئەوە دەسـەلمێنێت کـە لەودەمەدا تا چەند زانیاریمان لەسـەر مێژووی ئابـوری پڕکەموکورتی بـوە". لەپێناوی ئەوەی ئەم هوشـیارییە کۆمۆنیسـتییە لەسەر ئاسـتێکی فراوان بەرهەم بهێنرێ، هەروەها لە پێناوی سـەرکەوتنی خودی مەسـەلەکە، گۆڕینی مرۆڤ لەسـەر ئاستێکی بەرفراوان دەبێتە کارێکی پێویست. ئەو گۆڕینەش تەنها لە هەناوی بزوتنەوەیەکی کردەیی، واتە شـۆڕش، ئەنجام دەدرێ، پاشان ئەو شۆڕشە وەك زەرورەت دەردەکەوێت، نەك لەبەر ئەوەی چینی حوکمڕان بەهیچ شێوازێکی دی ناروخێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو چینـەی دەیروخێنێت، تەنها لەرێگەی شۆڕشـەوە دەتوانێت سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنێت‌و خۆی لە قورو لیتـەی توندوتیژی کەڵەکەبـوی چەندیـن سـەدەی رابـردو رزگار بکات‌و شایسـتەی ئەوەش بێت سـەرلەنوێ کۆمەڵگە دروسـت بکاتەوە (لە چاپی ر.



پاسـکاڵ، نیویـۆرك، ١٩٦٠، لXVو ٦٩ باس کراوە). تەنانەت لەم زیادەڕەوییەی پێش – مارکسـییەت دا، جیاوازی روون‌و ئاشـکرا لە نێوان هەڵوێسـتی مارکس‌و سـارتەردا هەبوە. مارکس لەسـەر ”پرۆسـەی گۆڕینی مرۆڤ لەسەر ئاسـتێکی فراوان“و بەرهەمهێنانی وشیاری لەسەر ئاستێکی فراوان“ دەدوێت‌و قسە لەسەر رزگارکردنی تاك لە رێگەی تاقە کردەی توندوتیژی ناکات...

## پاشکۆی ژماره۲

ناوشیاری چەپی نوێ سەبارەت بەلادانی لە مارکسییەت، بەروونی سـەرنجی زۆرێکی بەلای خۆیدا راکێشـاوە. دەربارەی بزوتنەوەی گەنجان بەشێوەیەکی تایبەت بگەڕێرەوە بۆ سەرنجەکانی هەر یەك لە لیونارد شاپیر (نیویۆرك ریڤیۆ ئۆف بۆکس ٥ / ١٢/ ١٩٦٨) و ریمۆن ئارون لە "شۆڕشـێکی ون"، پاریس، ١٩٦٨. هەر دوو نوسەرەکە پێیانوایە ئەو جەختە تازەیەی لەسـەر توندوتیژی دەکرێ، بریتیە لە رەوتی گەڕانەوە بەرەو سۆسیالیزمی یۆتۆپی پێش – مارکسیزم (لەدیدی ئارون)، یا گەڕانەوە بەرەو ئەنارچیزمی روسـی هەروەکو نیچایـفو باکۆنین گوزارشـتیان لێکردوە (لە دیدی شـاپیر)، واتە "ئەوانـەی بـەر لە سـەدەیەك هەمان فیکر لـە بەرهەمەکانی جان پۆڵ سـارتەرو فرانس فانون دەربکەون، وەك فاکتەری یەکگرتنو هێـزی ئاوێتەکردن لە کۆمەڵگـە یا گروپەکان، پێداگریان لەسـەر گرنگی توندوتیژی کردوە". هەر لەهەمان بواردا ئارون دەنوسێت: "پێشرەوانی شۆڕشی ئایار پێیانوایە مارکسیزمیان تێپەڕاندوە... واتـە سـەد سـاڵ لە مێـژوو لـە بیردەکـەن" (ل١٤). سـەبارەت بەکەسـێکی نامارکسـی بەدڵنیاییەوە ئەمجۆرە لادانە بەزەحمەت بەنەنگییەکـی گەورە دادەنرێت، بەڵام سـەبارەت بە سـارتەر بۆ



نمونـە کـە دەنوسـێت: "بانگەشـەی تێپەڕاندنی مارکسـیزم، لە خراپترین دۆخیدا گەڕانەوەیە بۆ پێش – مارکسـیزمو لە باشترین دۆخیشیدا دوبارە دۆزینەوەی فیکرێکە کە پێشتر لەو فەلسەفەیەدا بوونی هەبوەو لەو بڕوایەدابوە تێپەڕاندنی تەواو بوە" ("مەسەلەی میتۆد" لە "رەخنەی عەقڵی دیالیکتیکی"، پاریس، ١٩٦٠، ل١٧)، بۆیە سـەبارەت بەکەسـێکی وەك سـارتەر ئەمجـۆرە گەڕانەوەیە تاوانێـك لە دژی فیکری پێکدەهێنێت (ئەوەی سـارتەرو ئارون لە رووی سیاسـییەوە ناتەباو بەتەواوەتیش لـەم خاڵەدا یەکانگیرن، کارێکـە شایسـتەی ئەوەیە گرنگی پێبدرێ.. بـەڵام ئەمەش ئەوە دەردەخات کە تا چ ئاسـتێك چەمکی هیگلی لە مێژوو لە یەککاتدا بەسەر فیکری مارکسیو نامارکسیدا زاڵ بوە).

خـودی سـارتەر لـە کتێبی "رەخنـەی عەقڵـی دیالیکتیکی" لە تـەرزی هێگلیدا بـڕوای خۆی راڤـە دەکات. خاڵی دەسـپێکی بەڵگەهێنانـەوەی ئـەو ئەوەیە کە "بناغەی دوالیزمـی کارو ئاکار لە مێژووی ئەم سـەردەمەدا، لـە رێگەی پێداویسـتیو گومانەوە دیاریدەکرێن"حەقیقەتی ئەم مێژووەش لە نەبونییەوە بونیاتنراوەو لـە رێگەی ململانێی چینایەتییەوە گوزارشـت لـە خۆی دەکات". شـەرەنگیزی دەرئەنجامی پێداویسـتی جیهانێکە "وەك پێویست بەشی هەموانی تێدانیە". لەمجۆرە هەلومەرجەدا چیدی توندوتیژی دیاردەیەکـی لاوەکی نیـە. "رەنگە توندوتیـژیو دژەتوندوتیژی لەتوانادابن، بەڵام لە توانا پێویستییەکانن، سەرئەنجام هەر هەوڵێك

بۆ لەناوبردنی ئەم فاکتەرە نامرۆڤانەیە، بەزەرورەت وادەکەوێتەوە کاتێـك من نامرۆڤایەتـی مرۆڤێکی نەیار لەنێو دەبـەم، لە هەمان کاتـدا مرۆڤایەتـی مرۆڤ لـە ناخیدا لەنـاو دەبـەمو نامرۆڤایەتی ئەویش لە خۆمدا بەدیدەهێنم. ئەگەر بیکوژم، ئەشـکەنجەی بدەم یا بێگـاری پێبکەم، واتە ئامانجی من ئەوەیە ئـازادی لەنێوبەرم، ئەمـەش هێـزی گۆڕانکارییـە، هێزێکی زیادەیەو پێویسـت نیە". سـارتەر وەك نمونە لەسەر قسـەکانی باس لە بارودۆخێك دەکات کە تێیدا هەمو کەسێك توخمێکی زیادەیە.. هەمو کەسێك بۆ ئەوی دی زیادەیە": سرەی ئەو کەسانەی چاوەڕێی پاص دەکەن، تەنها وەك ژمارەی زنجیرەیەك تەماشـای یەکتری دەکەن. سـارتەر بەو ئەنجامگیرییـە دەگات کە ئەو کەسـانە "یەکـتری رەتدەکەنەوەو هەمـو پەیوەندییەکی نێـوان دونیای ناوەوەی خۆیـان و دونیای ئەوانـی دی رەتدەکەنـەوە"و دەرئەنجـام پیادەکردنـی کـردار (praxis) شێوەی رەتکردنەوەی ئەوی دی وەردەگرێت کە خودی خۆیشـی رەتکرایەوە“، ئەو دەرئەنجامەی دەبێ ستایشی بکەین، چونکە رەتکردنەوەی رەتکردنەوە دەکاتە سـەلماندن، بەڵام ئەم بەڵگاندنە نەنگیو خەوشـێکی زۆر روونو ئاشـکرای هەیە. لێرەدا جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان واقیعی ”سـەرنج نەدان بۆ...“و واقیعی ”رەتکردنەوەی...“، هەروەها جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ”رەتکردنەوەی هەر جـۆرە پەیوەندییەك“ لەگەڵ یەکێکداو ”رەتکردنـەوەی“ بوونـی وەك ئەوی دی، بۆ ئـەوەی ماقوڵ بین،



پێویسـتە دان بەوەدا بنێین کە لە نێوان ”رەتکردنەوەی“ تیوریو نێوان کوشتنو ئەشـکەنجەدانو خەڵکی بەکوێلەکردن مەودایەکی گەورە هەیە. زۆربەی ئاماژەکانی سەرەوە لە کتێبی ر. د. لینگو د. ج. کۆپەر وەرگیراوە، ”عەقڵو توندوتیژی: دە سـاڵ لە فەلسەفەی سـارتەردا، ١٩٥٠ – ١٩٦٠“ لەندەن، ١٩٦٤، بەشـی سـێیەم. لەو باوەڕەدام دەتوانین پشـت بـەم کتێبە ببەسـتین، چونکە خودی سـارتەر لە پێشـەکییەکەیدا دەنوسـێت: ”ئـەو بەرهەمەی لوتفت نوانـدو بەمنت سـپارد، زۆر بەوردی خوێندمەوەو خۆشـحاڵ بووم کـە لێکدانەوەیەکی زۆر روونو ئەمینی بـە بیروباوەڕی خۆمی تیا بەدیدەکەم“.

## پاشکۆی ژمارە٣

بێگومان ئەم بزوتنەوەیە جۆرە تێکەڵەیەك دروست دەكات. خوێندكارە رادیكاڵەكان زۆر بەئاسانی لەگەڵ خەڵكانی توندڕەو هیپیو دۆڕاوو ئالودەو هەمو ئەوانەی نەخۆشی دەرونیان هەیە، كۆدەبنەوەو بەیەك ئاشنا دەبن. ئەوەی بارودۆخەكە ئاڵۆزتر دەكات ئەوەیە كە دەسەڵات وەدووی زەرورەتی جیاوازیكردنی نێوان كردەی ئاژاوەگێڕیو تاوانكاری ناكەوێت، هەر چەندە ئەم جیاكارییە زۆر گرنگە. نارەزایی دەربڕین لە ڕێگەی گەگرتنو داگیركردنی بیناكان، شتێكە بەتەواوەتی جیاوازی لەگەڵ ئاگر تێبەردانو شۆڕشی چەكداریدا هەیە.. لێرەدا جیاوازییەكە، جیاوازییەكی چەندایەتی نیە (بەپێچەوانەی بیروباوەڕی یەكێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی راسپاردنی زانكۆی هارڤارد، كە پێیوایە داگیركردنی بینایەك لەلایەن خوێندكارانەوە لەگەڵ داگیركردنی هۆبەیەك لە هۆبەكانی بانكی فێرست ناشناڵ سیتی لەلایەن باندێكی چەتەوە جیاوازیی هەیە، ئەویش لەبەر هۆیەكی زۆر سادە، خوێندكاران دەستدرێژی دەكەنە سەر موڵكێك كە بەدڵنیاییەوە بەپێی ڕێسای دیاریكراو بەكاردەهێنرێ، بەڵام لەلایەكەوە خۆیان سەر بەو موڵكەن، لەلایەكی دی، ئەو موڵكە بەچ ئەندازەیەك پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە، بەهەمان ئەندازەش پەیوەندی بە



دەستەی زانستیو بەرپرسانی ئیدارەی زانكۆوە هەیە). لەوەش ترسناكتر دەستەی زانستیو بەرپرسانی ئیداری زانكۆ پێیان باشە، لێبوردەتر مامەڵە لەگەڵ ئالودەو تاوانبارەكاندا بكەن، تا ئەوەی مامەڵە لەگەڵ شۆڕشگێڕە راستەقینەكاندا بكەن (هەروەكو لە سیتی كۆڵدج لە زانكۆی نیویۆركو زانكۆی كۆرنێڵ رویدا).

سۆسیولۆجیستی ئەڵمانی هیلمۆت شیلسكی، ساڵی ١٩٦١ لە كتێبی "مرۆڤ لە شارستانی زانست"دا توانای نیهلیستی میتافیزیكامان بۆ وەسفدەكات. مەبەستی ئەو لەم چەمكەدا رەتكردنەوەی ریشەیی كۆمەڵایەتیو رۆحی سەرجەم "پرۆسەی بەرهەمهێنانەوەی زانستی – تەكنۆلۆجی مرۆڤە"، واتە رەتكردنەوەی "جیهانی پێشكەوتویی شارستانی زانست". وەسفكردنی ئەم دۆخە دەرونییە بە "نیهلیستی" دەبێ لە هەمو حاڵەتێكدا ئەم جیهانە تازەیە وەك تاكە جیهانی مومكین قبوڵ بكرێ. بۆیە تێبینی دەكەین ئەو پێداگرییەی گەنجانی یاخی پیادەی دەكەن، بەدیاریكراوەیی پەیوەندی بەم خاڵەوە هەیە. ئایا شتێكی بەسود نیە ئەم دیدە چەشنی شڵدۆن ولنو جۆن شار ئاوەژوو بكەینەوە كاتێك دەڵێن: "مەترسی گەورەی ئەم سەردەمەی ئێمە لەوەدایە كە خەڵكانی بەرێزو كۆڵنەدەر لەرێگەی نكۆڵی كردن لە رۆڵەكانیان كە ئایندە بۆ ئەوانە، هەڵویستی نیهلیستی مومكین، واتە رەتكردنەوەی ئایندە، تەبەنی دەكەن".

ناسان گلیزەر لە وتارێكیدا بە ناونیشانی "دەسەڵاتی خوێندكاران لە بێركلی" دەنوسێت (لە ژمارەیەكی تایبەت بە زانكۆكان، لە

پایزی ساڵی ١٩٦٨، له گۆڤاری "زەی پابلێك ئینتەرست دا، بڵاوبۆتەوە): "خوێندكاره رادیكاڵەكان زیاتر به ئامێر شكێنەری لادیتین یادم دەكەنەوه تا سوسیالیسته سەندیكاییەكان، ئەوانەی توانیان مافی هاوڵاتیبونو دەسەڵات بۆ كرێكاران بەدەست بهێنن". پاشان ئەو لەژێر ئەم كارتێكردنەدا ئەمه هەڵدەگۆزێت كه رەنگه زبیگنیو برزیزنسكی (له وتارێكیدا دەربارەی زانكۆی كۆڵۆمبیا كه له نیو ریپابڵیك له ١ – ٦ – ١٩٦٨ بڵاوبۆتەوه) له دەست نیشان كردنیدا لەسەر هەق بوبێت: "زۆرجار شۆڕشەكان دوا دیاردەی رابردون، بۆیه له واقیعدا شۆڕشی راستەقینه نین، بەڵكو دژەشۆڕشنو بەناوی شۆڕشەوه كار دەكەن". ئایا شتێكی سەیر نیه، دوو نوسەری موحافەزەكار بەوجۆره بەرگری له هەنگاوێك دەكەن كه به هەر نرخێك بوه، پێویسته بەرەو پێشەوه بچێت؟ ئایا شتێكی سەیر نیه كه گلیزەر له جیاوازی یەكلاكەرەوەی نێوان ئامێره پیشەسازییەكانی ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمی بریتانیاو پێشكەوتنی مەزنی ناوەراستی سەدەی بیستەم، بێئاگا بێت؟ ئەو ئامێرو ئامرازانەی هەر چەنده وادەهاته بەرچاو خێری هەموانی تیابێت، ئێستا رونبۆتەوه زۆر وێرانكاره. بۆ نمونه دۆزینەوەی وزەی ئەتۆمیو ئۆتۆماسیۆنو دۆزینەوەی پزیشكیی كه پێشكەوتنی ئەمەی دوایی بوه مایەی زۆربونی دانیشتوانو ئەمەش لەلای خۆیەوه دەبێته مایەی برسێتی بەكۆمەڵو پیسبونی ژینگەو شتی دی.



## پاشكۆی ژمارە٤

تەماشاكردنی پێشینەو لێكچوەكان لەو شوێنەی هیچ پێشینەو لێكچونێك بوونی نەبێتو خۆ بەدوور گرتن له فاكتو بیركردنەوه دەربارەی ئەوەی كراوەو ئەوەی دەوترێ لەچوارچێوەی خودی روداوەكاندا، بەبیانوی ئەوەی ئەمه فێری وانەكانی رابردومان دەكات، بەتایبەتی وانەكانی قۆناغی نێوان هەر دوو جەنگی جیهانی، بون به مۆركێكی جیاكاری زۆرێك له گفتوگۆ باوەكان. راپۆرته بەرزو نایابو لۆجیكییەكەی ئستیڤن ئیسپیندەر سەبارەت به بزوتنەوەی خوێندكاران كه پێشتر چەند برگەیەكمان لێی گواستۆتەوه، بەتەواوەتی دووره لەمجۆره خۆلادانو راكردنه. ئەو یەكێكه لەو كەسه كەموێنانەی نەوەكەی كه بەوپەری كاراییەوه له ئێستادا ژیان بەسەر دەباتو ئەوەندەشی له گەنجێتی لەیاد ماوه، تا ئاگاداری جیاوازی نێوان میزاجو شێوازو فیكرو كاركردنی رابردوو ئێستا بێت (بۆ نمونه دەنوسێت خوێندكارانی ئەمرۆ بەتەواوەتی لەگەڵ خوێندكارانی چڵ ساڵ پێش ئێستای ئۆكسفۆردو كیمبریجو هارڤاردو پرینستنو هایڵدبورگ جیاوازییان هەیه "هەمان سەرچاوه، ل١٦٥). بەڵام ئسپێندەر لەنێو ئەو خەڵكانەی هەست دەكەن بەراستی پەیوەندیان بەجیهانی

سبەینێو خەڵکەکەیەوە هەیە، ئیدی بەدەر لەوەی سەر بەچ نەوەیەکن، خەڵکانێکی جیاواز لەوانەی هەوڵدەدەن گەمە لەگەڵ ئەم جیهانەدا بکەن، کەسانێك پەیدا دەکات کە هاوبەشی ئەم هەڵوێستەیدا بکەن (وڵنو شار لە هەمان سەرچاوەی پێشودا، "رابونی هەستی چارەنوسی هاوبەش" وەك پردێك لە نێوان نەوەکان دەبینن‌و قسە لەسەر "ترسی هاوبەشمان دەکەن، نەوەکو چەکی زانستی ژیان لەنێو بەرێتو تەکنۆلۆجیاش دوای ئەوەی زەمینی پیس کردوەو ئاسمانی تاریك کردوە، ژیانی مرۆڤی شارنشین دەشێوێنێت"و "پێشکەوتنی" پیشەسازی توانای کاری دڵرفێن‌و سەرنجراکێش لەنێو دەبات‌و دەزگاکانی راگەیاندنیش دوا بەرهەمی کولتورە رەنگاورەنگەکان لە نێودەبات، ئەو کولتورەی جگە لە کۆمەڵگە زۆر دواکەوتوەکان، میراتییەکی هاوبەشی سەرجەم کۆمەڵگاکانە"). وادەردەکەوێت کارێکی سروشتی بێت کە ئەم وتانە زیاتر لەسەر زانایانی سروشتی‌و بایۆلۆجی پیادە بێت تا لەسەر شارەزایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان، هەر چەندە لە سەرەتادا خوێندکارانی فیزیك‌و بایۆلۆجیا زۆر درەنگتر لە خوێندکارانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان راپەرینیان دەست پێکرد. بۆیە لێرەدا دەبینین زانای بەناوبانگی بایۆلۆجی سویسری ئەدۆلف پۆرتمان، پێیوایە مەودای نێوان نەوەکان لە ململانێی نێوان گەنجان‌و پیران، زۆر جیاوازترەو ئەم مەودایەش هاوزەمان لەگەڵ دەرکەوتنی زانستی ئەتۆمی دروست بوە، هەر لەمەشەوە



ئەوە هەڵدەگۆزێت "ئەو بارودۆخەی لە ئەنجامی ئەم کارەوە لە جیهاندا هاتۆتە ئاراوە بە تەواوەتی جیاوازە... ناتوانرێت ئەم بارودۆخە تەنانەت لەگەڵ بەهێزترین شۆرشەکانی رابردودا بەراورد بکرێ". جۆرج واڵد، خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ لە زانکۆی هارڤارد لە وتارێکی بەناوبانگیدا کە لە بەرواری ٤/ ئازار/ ١٩٦٩ لە پەیمانگەی تەکنۆلۆجیای ماساچوستیس خوێندییەوە، جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوەو دەڵێت: "مامۆستایان تەنانەت زۆر باشتر لە خودی خوێندکاران لە هۆیەکانی بێزاری خوێندکارەکانیان تێدەگەن‌و لەسەروی ئەوەشەوە هاوبەشی لە نیگەرانییەکانیان دەکەن" (واڵد، هەمان سەرچاوەی پێشو).

## پاشکۆی ژمارە ٥

بەراستی ئەم بابەتە مایەی داخو پەژارەیە کە ئەمڕۆ زانکۆکانی بون بەپاشهاتی کایەی سیاسی. بەگشتی گوناهی ئەم کارەش دەخرێتە ئەستۆی ئەو خوێندکارە یاخییانەی پەلاماری زانکۆکان دەدەن، لەبەر ئەوەی بەسسترینو لاوازترین بازنەی زنجیرەی دەسەڵات دادەنرێن. ئەوەش بەتەواوەتی راستە ئەگەر سەردەمی "پاکێتی کولتوریو منەکردنی راستی بەشێوەیەك کە بەرزتر بێت لە بەرژەوەندییەکانی توندوتیژی"، بەسەر بچێت، زانکۆکان ناتوانن درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن. لەوەش خراپتر، ناتوانرێت بڕیاری مانەوە لەسەر هیچ کۆمەڵگەیەك بدرێت دوای ئەوەی ئەو دەزگا سەیرانە لەنێو دەچن کە بەدیاریکراوی گرنگترین ئەرکی کۆمەڵاتیو سیاسییان ئەوەیە، پاکێتیو سەربەخۆیی خۆیان لە بەرامبەر گوشارە کۆمەڵایەتیەکانو دەسەڵاتی سیاسی بپارێزن. دەسەڵاتو راستی دوو دیاردەی جیاوازنو هەر یەکەیان شەرعییەتی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها لە رەفتاری هەر یەکێکیاندا ڕێبازێکی وجودی تایبەت هەیە. زینگنیو بریزنسکی لە وتارێکیدا بەناوی "ئەمەریکا لەسەردەمی تەکنۆترۆنیك"دا America in the Technotronic Age (ئەنکاونتەر، کانونی دوەم/ ١٩٦٨)



پێیوایە تێکەڵ کردنی ئەو دوانە مەترسییەکی گەورەیە، بەڵام ملکەچی دەبێت، یا بەلانیکەمەوە وادیارە ئاسۆی دوارۆژی زیاد لە پێویست نیگەرانی ناکات. ئەو لەو بڕوایەدایە "تەکنۆترۆنیك ڕێگە لەبەردەم سۆپەر کولتور ئاواڵە دەکاتو ئەو روناکبیرانەی عەقڵێکی ڕێکخراوو هەستێکی پراگماتیکیان هەیە جڵەوەکەی بەدەستەوە دەگرن (دەربارەی ئەم بابەتە بە تایبەتی بگەڕێرەوە بۆ شیتەڵکاری رەخنەیی نعوم چۆمسکی بەناوی "بابەتگەرییو کولتوری لیبرالیزم، هەمان سەرچاوەی پێشو)، بەڵام بەئەگەرێکی بەهێزتر ئەم توێژە تازەیەی روناکبیران کە پێشتر بەناوی تەکنۆکراتەوە دەناسران، ڕێگە لەرووی سەردەمی چەوسانەوەو نەزۆکییەکی گشتگیر ئاواڵە دەکات.

وێنەی ئەم کارە هەر چۆنێك، جەوهەری مەسەلەکە بریتیە لەوەی پێشئەوەی بزوتنەوەی خوێندکاران زانکۆکان بۆ سیاسەت پەلکێش بکات، بەسیاسیکردنی زانکۆکان لەسەر دەستی خودی دەسەڵات ئەنجامدرا. لێرەدا فاکتەکان زۆر لەوە سەرەتایترە جەختی لەسەر بکەینەوە، بەڵام باشترە ئەوەمان لەیادبێت کە مەسەلەکە بەتەنها هەر ئەوە نیە زانکۆکان بە لێکۆڵینەوەی سەربازی تێوەگلاون. بەم دواییانە هێنری ستێل کۆمانجەر "بەکارهێنانی زانکۆکانی وەك ئاژانسی کارکردن" سەرەکۆنە کرد ("نیو ریپابڵیك" ٢٤/ ٢/ ١٩٦٨). بەهەر حاڵ هەر چۆن پەنا بۆ زەین بەرین، دیسانەوە ناتوانین بڕوا بکەین کە "کۆمپانیای داو کیمیکاڵو هێزی دەریایی ئەمەریکاو

ئاژانسی سەنترالی هەواڵگری Central Intelligence Agency (CIA) بە دەزگای زانستی دابنێین یا دەزگاگەلێك کە ئامانجیان گەڕانە بەدوای راستیدا. جۆن لیندسای، سەرۆکی شارەوانی نیویۆرك، ئەو پرسیارەی کردبو کە بە چ پێوەرێك زانکۆکان ئەو مافە بەخۆیان دەدەن وەك "دەزگایەکی جیاواز لە هەمو دەزگاکانی دی" تەماشای خۆیان بکەن، بەوەی چالاکییەکانیان بۆ هێنانەدی ئامانجە نامادییەکان تەرخاندەکەن، ئەمە لە کاتێکدا بە کاری کڕینو فرۆشتنەوە سەرقاڵ دەبنو بەشداری لە پرۆژە سەربازییەکانی تایبەت بەجەنگی ڤێتنام دەکەن" (نیویۆرك تایمز، ٤/ ٥/ ١٩٦٩). ئەو بانگەشەیەی زانکۆ "مێشکی کۆمەڵگەیە" جگە لە قسەیەکی بێناوەرۆك کە جەخت لەسەر گێلییەکی ترسناك دەکاتەوە شتێکی دی نیە، ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە بەهیچ شێوەیەك جەستە نیە تا بگات بەوەی بێمێشك بێت.

بۆ ئەوەی لە هەر بەدحاڵیبونێك بەدووربین، لەم خاڵەدا بەتەواوەتی لەگەڵ ستیڤن ئسپێندەر هاوڕام گەر خوێندکاران درز بخەنە زانکۆکانەوە، کارێکی شێتانە دەکەن، چونکە زانکۆکان بەتەنها تاکە پێگەی جوڵەیان پێکناهێنن، بەڵکو تاکە پێگەی راستەقینەشیان پێکدەهێنن (هەر چەندە خوێندکاران تاکە لایەنن کە دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەهۆی زۆری ژمارەیانەوە وەك هێزێکی راستەقینە، ئەو کارە ئەنجام بدەن)، "زانکۆ نەبێت، خوێندکاریش نابێت" (ل٢٢). بەڵام سەرباری ریاکاریو



سەردانواندن، زانکۆکان تاکە جوڵەی خوێندکاران پێکدەهێنن، مادامەکی تاکە شوێنی کۆمەڵگەیە کە دوا وتەی یەکلاکەرەوە بۆ دەسەڵات نەبێت. لە بارودۆخی ئێستادا مەترسی لە هەردوولاوە گوروژم دەهێنێت، یا لەلایەن خوێندکارانەوە، یا لەلایەن خودی دەسەڵاتەوە، هەروەکو لە زانکۆی بێرکلی رویدا. ئەگەر بەوجۆرەش بێت، دەبێ بڵێین یاخییە گەنجەکان بەدەستی خۆیان خاڵێکی تازەی دی دەخەنە سەر ئەوەی کە پرۆفیسۆر ریچارد أ. فاڵك لە زانکۆی پرینستۆن بە "راخەری کارەسات" ناو زەدەی کردوەو بەراستی لەو وەسفەیشیدا لەسەر هەق بوە.

## پاشكۆی ژماره ٦

فرید. م. هیچنگەر لە وتارێكیدا لەژێر ناوی "قەیرانی زانكۆكان" دەنوسێت (نیویۆرك تایمز ٤/ ٥/ ١٩٦٩): "لەبەر ئەوەی داواكاریی خوێندكارە رەشەكان بەشێوەیەكی تایبەت لە جەوهەردا پاساوی خۆی هەیە، بۆیە بەگشتی پەرچەكردار نواندنیش لە بەرامبەریدا پاساوی هەیە". لەم بارەیەوە، گەر بەڵگەیەك لەسەر بارودۆخە هەنوكەییە هەبێت، وتاربێژییەكەی "جێمس فۆرمان"ە بەناوی "گوتارێك بۆ كڵێسا مەسیحییە سپیپێستەكانو كنیسە یەهودییەكانی ویلایەتە یەكگرتوەكانو سەرجەم دەزگا رەگەزپەرستەكانی دی"، سەرباری ئەوەی ئەم گوتارە بەئاشكرا خوێنرایەوەو دابەشكراو وەك دەقێكیش دانرا كە شایستەی چاپ بێت، بەڵام بەچاپ نەگەیەنرا تا گۆڤاری "نیو یۆرك ریڤیو ئۆف بووكس لە ١٠/ ٧/ ١٩٦٩ بە بێ پێشەكی چاپیكرد. بێگومان ناوەرۆكی ئەم وتاربێژییە لە فانتازیایەكی نیوە ئەدەبیەوە نزیكترەو دەكرێ بەدیدێكی ناجیدی تەماشا بكرێ.. بەڵام لە گاڵتەو شۆخی زیاتر دەڕواتو شتێكی نهێنیش نیە ئەمڕۆ رەشپێستەكان بەرووگرژییەوە لەمجۆرە فانتازیا دەڕوانن. گەر ئەم دەقە ترس لەلای دەسەڵاتداران بوروژێنێت، شایانی تێگەیشتنە،



بەڵام ئەوەی مایەی تێگەیشتن نیەو ناتوانرێ رەزامەندی لەسەر دەرببڕێت، هەژاری هێزی وێناكردنی دەسەڵاتدارانە. ئایا شتێكی بەڵگەنەویست نیە گەر فۆرمانو پێڕەوانی روبەروی نارەزایەتی كۆمەڵگە نەبنەوەو بۆ هێوركردنەوەش هێندێك هێمایان پێبدرێت، ناچار نابن هەمان بەرنامە جێبەجێ بكەن كە رەنگە خۆشیان لە سەرەتادا هەرگیز بڕوایان پێی نەبوبێت؟.

## پاشکۆی ژمارە ٧

"لیند" لە نامەیەکیدا کە بۆ رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز" (٩/ ٤/ ١٩٦٩) ی نوسیوە، تەنها باس لە "کردەوە ناتوندوتیژەکانی وەك خۆپیشاندانو گە گرتن" دەکات، بەڵام بەناقەست راپەرینە توندوتیژئامێزەکانی ئەم بیست ساڵەی دوایی چینی کرێکاران پشتگوێ دەخاتو ئەم پرسیارەش گەڵاڵە دەکات بۆچی ئەم تەکتیکانە "بەدرێژایی تەمەنی نەوەیەك لە پەیوەندی نێوان کرێکارانو ئیدارەکەی پەسەند بێتو پیادەکردنی لە زانکۆکاندا رەتدەکرێتەوە؟... کاتێك بەرپرسێکی سەندیکا لەلایەن ئیدارەی کارخانەیەك دەردەکرێت، کرێکاران دەست لەکار هەڵدەگرن تا چارەسەرێك بۆ ئەو کێشەیە دەدۆزنەوە". وادیارە "لیند"یش وەك زۆرینەی بەرپرسانی زانکۆو ئیدارەکانی ئەو وێنایەی پێقبوڵ بێت کە ناوەرۆکەکەی بریتیە لەوەی، زانکۆکان بەموڵکی تایبەتی ئەنجومەنی ئیدارە دەزانێت کە بەرپرسانی زانکۆ رادەسپێرن بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەو موڵکانە بدەنو ئەوانیش لەلای خۆیانەوە مامۆستایان وەك فەرمانبەر بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی خزمەتی میوانەکانیان، واتە خوێندکاران بکەن. ئێمە لێرەدا لەبەرامبەر وێنەیەکی ناواقیعین. ململانێی نێو زانکۆکان تا چ ئاستێك توند بێت، بەدڵنیاییەوە روبەروی ململانێی بەرژەوەندی یا چینایەتی نابینەوە.



## پاشکۆی ژمارە٨

بایارد راستین، سەرکردەی بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکانی رەشپێستەکان، کە خودی خۆیشی رەشپێست بو، ئەوەی پێویست بو لەسەر ئەم بابەتە وتی: "پێویستە بەرپرسانی زانکۆ چیدی ملکەچی ئەو داواکارییە گیلانەیە نەبن کە رەشپێستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن"، کارێکی نادروستە "هەستی بەگوناهکردنو مازۆخی (خۆئازاردان) کۆمەڵێك ببێتە مایەی ئەوەی توێژێکی دی کۆمەڵگە بەناوی دادپەروەرییەوە بە چەك هەڕەشە بکەن": "خوێندکارە رەشپێستەکان بەدەست شۆکی ئاوێزانبونەوە دەناڵێن"و بەدوای "شێوازێکی ئاساندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی لە کێشەکانیان قورتاریان بکات"، خوێندکارە رەشپێستەکان پێویستیان بە "مەشقێکی دژوار" هەیە بۆ ئەوەی بتوانن "مەسەلە بیرکارییەکان لێکبدەنەوەو رستەیەکی دروست بنوسن".. نەك "وانەی رابواردن" (لە رۆژنامەی دیلی نیوز وەرگیراوە ٢٨/ ٤/ ١٩٦٩). ئەو واقیعەی مرۆڤ پێویستی بەئاستێکی باڵا لە بوێریو ئازایەتی هەیە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی عەقڵانیانە ئاخاوتن لەسەر ئەمجۆرە بابەتە بکات، یەکێکە لەو ماکانەی حاڵەتی مەعنەویو فیکری کۆمەڵگەمان بۆ ئاشکرا دەکات! لەوەش ترسناکتر ئەو ئەگەرەیە کە لە ماوەی پێنج یا دە ساڵی

ئایندەدا پێشبینی دەکەین، بەجۆرێك تەماشای خوێندنی زمانی سەواحلی (تێکەلەیەکە لە زمانی عەرەبی‌و زاراوە ئەفریقییەکان کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا پێیدەدوان)و ئەدەبی ئەفریقی‌و بابەتەکانی دی دەکرێ وەکئەوەی بوونیان نەبێت، وەکئەوەی داوەکانی دی مرۆڤی سپیپێست بێت تا رێگە لە رەشپێستەکان بگرن خوێندنێکی راستەقینەو گونجاو بخوێنن!



## پاشکۆی ژمارە ٩

وتاربێژییەکەی جێمس فۆڕمان (لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەیی رەشپێستەکان بۆ گەشەپێدانی ئابوری پەسەند کراوە) کە پێشتر ئاماژەی پێدراوەو بەسیفەتی "سەرەتای ئاخاوتنی رەوایەتی قەرەبو کردنەوەی میلەتێك کە روبەروی بەکارهێنان‌و شێواندن‌و ئەشکەنجەو چەوسانەوە بۆتەوە"، پێشکەش بە کڵێسەو کنیسەکان کراوە، وەك نمونەیەکی کلاسیکی ئەمجۆرە خەونە بێبەهاو پروپوچانە دەخوێنرێتەوە. بە بڕوای ئەو "بەپێی یاسای شۆڕش خەڵکانی چەوساوە شۆڕش هەڵدەگیرسێنن"و دوا ئامانجی ئەو شۆڕشەش ئەوەیە کە ئێمە "لە ویلایەتە یەکگرتوەکان رێبەرایەتی بکەین‌و کۆنترۆڵی هەمو شتێکیش بکەین کە بوونی هەیە. ئەو سەردەمە بەسەر چو کە بڕیارمان بەسەردا بدرێت‌و منداڵێکی سپیپێست بەسەر سەرمانەوە رابوەستێت". لە پێناوی بەدەست هێنانی ئەم گۆڕانکارییە، دەبێ هەمو "شێوازێکی پێویست، بەهێزو چەکیشەوە بەکاربهێنرێ، بۆئەوەی کۆلۆنیالیزم ڕاماڵین". لەکاتێکدا ئەم بەیانە بەناوی کۆمەڵێکەوە شەڕ رادەگەیەنێت (بەدڵنیاییەوە سەرجەم تاکەکانی ئەو کۆمەڵەیە پشتگیری لێناکەن)، ئەوەش "ڕەتدەکاتەوە دەسەڵات لەگەڵ سپیپێستەکاندا دابەش بکات"و

"داوایان لێدەکات ڕێبەرایەتی ڕەشــەکان قبوڵ بکەن"، لە هەمان کاتیشدا داوا لە سەرجەم مەسیحیو یەهودییەکان دەکات بەدرێژایی ئەو ماوەیەی پێویستە ڕەشەکان بەدەسەڵات بگەن، "ئیدی گرنگ نیە ئەو ماوەیە بەهەزاران ســاڵیش درێژە بکێشێت، بەحەوسەڵەو لێبوردەبنو پەنا بۆ کاری توندوتیژ نەبەن".



## پاشکۆی ژمارە ١٠

یۆرگن هاپرماس، یەکێکە لە وشــیارترینو زیرەکترین زانایانی کۆمەڵناسی ئەڵمانیا، باشــترین نمونەمان لەسەر ئەو زەحمەتیانە بۆ دەســتەبەر دەکات کە مارکســیو مارکسییە کۆنەکان ڕوبەڕوی دەبنەوە، بێئەوەی بەتەواوەتی لە مامۆستاکەیان دوور بکەونەوە. هاپرمــاس لە کتێــبی "تەکنەلۆجیاو زانســت وەك ئایدیۆلۆجیا"، (فرانکفــۆرت، ١٩٦٨)، چەندین کەڕەت ئەوە دوبارە دەکاتەوە کە "هێندێك لە وتەزا سەرەکییەکانی تیورەی مارکسی، بەدیاریکراویش ئەوانــەی پەیوەندییــان بە ململانێــی چینایەتــیو ئایدیۆلۆجیاوە هەیــە، ناتوانرێ بەبێ زەحمەتیو بارگرانــی پیادە بکرێ. بەراورد کردنــی ئەمــەش لەگــەڵ لێکۆڵینەوەکەی ئەندریە ســاخارۆف کە لەســەرەوە ئاماژەی پێدراوە، ئەوە دەخاتەروو، ئەو کەسانەی لە ڕوانگەی ئەزمونە کارەساتاوییە ترسناکەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتەوە لە ســەرمایەداری دەنوارن، چەند بۆیان ئاســان دەبێت، خۆیان لە دارِشتەو تیورە کۆنەو بەسەرچوەکان دابماڵن.

# پاشکۆی ژمارە١١

ئەو سـزایانەی لە یاسـادا باسیان لێوەکراوە، بێئەوەی لە هیچ حاڵەتێکدا جەوهەری ئەو یاسـایانە پێکبهێنن، دژی ئەو هاوڵاتیانە – ئـەو هاوڵاتیانـەی نکۆڵی لە پشـتیوانی کردنی یاسـا ناکەن – ئاراسـتە دەکرێ کە دەخوازن لەو یاسایە ئاوارتە بکرێن، وەك ئەو دزەی پێشـبینی دەکات دەوڵەت ئەو مـاڵو موڵکەی بپارێزێت کە تازە بەدەسـتی هێناوە. ئاماژە بەوە دەکرێ کە سەرەتا لە رژێمە دیموکراسییەکاندا هیچ دەقێك نەبوە لەسەر سزادان بدوێت (بڕوانە جۆفینێل، سـەرچاوەی پێشـو، ل٢٧٦)، لەو رۆژگارەدا سـزادانی تاوانبـار دوورخسـتنەوەی بو یا لە دەرەوەی یاسـا دادەنرا، واتە تاوانبار بە بەزاندنی یاسـا خۆی دەخستە دەرەوەی چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیەی بەپێی ئەو یاسایە دروست بوە. پاسرین دانتراف (سەرچاوەی پێشو، ل١٢٨) ئاڵۆزی یاسا، بەیاسای دەوڵەتیشەوە لەبەرچاو دەگرێو ئەوەش دیاریدەکات "بەدڵنیاییەوە یاساگەلێك هەیە زیاتر ئاراسـتەکەرە تا ناچارکەر بێتو زیاتر پەسەند دەکرێ تا بسەپێنرێو سزای ئەو یاسایانە بەزەرورەت لەلایەن دادوەرەوە لـەرووی توانای بەکارهێنانی هێزەوە ناسـەپێنرێ. پاسـرین ئەو جۆرە یاسایانە بەرێسای یاری یا رێسا رەچاوکراوەکانی یانەیەك یا



ئامۆژگارییەکانی کڵێسا دەشوبهێنێتو دەڵێت پەیڕەوی کردنی من لەو یاسـایانە "لەبەر ئەوەیە کە من بەپێچەوانەی هاوڵاتیانی دی، پێموایە رێساگەلێکی بەکەڵکن".

پێموایـە لـە بواری ئەو بەراوردەی پاسـرین دانتراف لە نێوان یاسـاکانو رێسـای یارییەکانـدا ئەنجامـی داوە، دەتوانـین زیاتر رۆبچین، چونکە گرنگی ئەو یاسـایانە لەوەدانیە کە بەشـێوەیەکی ئـیرادی ملکەچیان دەبم، یا دان بەگرنگی تیورییاندا دەنێم، بەڵکو لە واقیعـدا ناتوانم بچمە نێو گەمەیەکەوە کە ملکەچی مەرجەکانی نەبم، ئەنگیزەی من لە قبوڵ کردنی گەمەکە ئەوەیە، من دەمەوێت گەمە بکـەم، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان تەنها لە جەسـتەی کۆمەڵدا دەتوانن درێژە بەبوون بـدەن، بۆیە ئارەزوم بۆ گەمەکردن لەگەڵ ئارەزوم بۆ ژیان یەك شتە. هەر مرۆڤێك لە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا لە دایك دەبێت کە پێشتر یاساکانی بۆ دانراوەو یەکەمین گوێرایەڵیشی بـۆ ئەو یاسـایانە لەوەدایە کـە هیچ رێگەیەکـی دی بۆ چونە نێو گەمەیەکـی گـەورەی دونیـا لەبەردەمدا نیە. رەنگـە من بمەوێت رێسـاکانی گەمەکـە بگـۆڕم، هەروەکو شۆڕشـگێڕەکان ئەو کارە دەکەن، یا خۆم لەو یاسایانە ئاوارتە بکەم، هەروەکو تاوانبارەکان ئەو کارە دەکەن، بەڵام لە دەسـپێکی هەڵوێستێکی مەبدەئییەوە، نکۆڵـی کردن لەو رێسـایانە بەمانای یاخیبـون ناگەیەنێت، بەڵکو مانـای رەتکردنەوەی چونـە نێو کۆمەڵگەی مرۆیـی دەگەیەنێت. ئەو پرسـیارە سەرسورهێنەرە بەناوبانگەش کە مەسەلەکە لە دوو

تــەوەردا قەتیس دەکات بەتەنها وەهمە: یا دەبێ دەســەڵات ڕەها بێت، پاشــان بۆ ئەوەی شەرعییەت بەدەست بهێنێت پێویستی بە بوونێکی هەتاهەتاییو خوداوەنــدی هەیە، یا بەتەنها ئامۆژگارییە کە جگە لەو توندوتیژییەی دەوڵەت مۆنۆپۆڵی دەکات شــتێکی دی ناتوانێت مسۆگەری بکات. سەرجەم یاساکان زیاتر ئاراستەکەرن، تا ئەوەی ناچارکەربن، چونکە کاروبارە مرۆییەکان ســانا دەکەن، هەروەکو ڕێســاکانی هــەر گەمەیەك ئــەو کارە دەکات. بەڵام دوا گرەنتی بایەخو دەسەڵاتی یاســا لەو گوزارە ڕۆمانییەدا سەرچاوە دەگرێ کە دەڵێت: "پێویستە پەیماننامەکان بپارێزرێن".



## پاشکۆی ژمارە١٢

هێشتا ئامانجی گەشتەکەی دیگۆل مشتومڕێکی زۆری لەسەرە. بەڵکەنەویستی خودی ڕوداوەکان پێمان دەڵێت، ئەو باجەی دیگۆڵ دەبوایە بەرامبەر بەپاڵپشتی کردنی سوپا بیدات، گێڕانەوەی خاتر بــو بۆ دوژمنەکانی: لێبوردنی جەنەراڵ ســاڵانو گەڕانەوەی بیدۆو ســەرهەنگ لاشــرۆ کە بە "جەلادی جەزائیر" ناســرابو. سەبارەت بــە گفتوگــۆکان شــتێکی ئەوتۆ لەبەردەســتدا نیە، بــەڵام لێرەدا وەسوەســەیەك هەیە کە مــرۆڤ والێدەکات، گێڕانــەوەی خاتر بەم دواییە بۆ "پیتان" کە وەك فاتحی "فەردان" باس لە شــکۆمەندی دەکــراو لــەوەش گرنگتر، ئەو وتارە دەرەبــاوەڕەی دیگۆڵ بو کە پاش گەڕانەوەی خوێندییەوەو تێیدا گوناهی ئەوەی فرەنسییەکان پێیدەڵــێن "ڕوداوەکان" بخاتــە ئەســتۆی حیزبــی کۆمۆنیســت، بەشــێك بون لەو گرێیەســتە. ئەمە لە کاتێکدا هەمو دەزانین تەنها سەرزەنشتێك کە حکومەت بتوانێت ئاراستەی حیزبی کۆمۆنیستو ســەندیکاکانی بکات، ئەوەیە هێندە توانایان نەبو کە ڕێگە نەدەن ئەو "ڕوداوانە" ڕوبدەن.

# پاشکۆی ژمارە١٣

زۆر گرنگە لەو تێبگەین کە بەرزی ئاستی ئەو تاوانانەی تاوانبارەکانی ئاشکرا نەبونو هۆیەکانی نەزانراون، نەك بەتەنها لە ترسناکی ژمارەی تاوانەکان زیاترە، بەڵکو لەگەڵ زیادبونی دڕندەیی پۆلیسیش هاوڕایە. ئەو ڕاپۆرتەی بەم دواییانە لەلایەن ج. ئەدگار هۆڤەر بەناوی "ئەو تاوانانەی لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا یەك یونیفۆرمیان هەیە" بڵاوبۆتەوە (نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی، وەزارەتی دادی ئەمەریکی، ١٩٦٧) هیچ ئاماژەیەك بەدەستەوە نادات کە لە واقیعدا چەند تاوان چارەسەر کراوە، بەدەر لەو تاوانانەی لە ڕێگەی دەستگیرکردنی تاوانبارانەوە ئاشکرا بون، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوە هاتوە کە ژمارەی ئەو تاوانە گەورانەی ساڵی ١٩٦٧ لە ڕێگەی پۆلیسەوە چارەسەر کراون لە ٨٪ کەمی کردوە. تەنها لە ٢١ر٧٪ (یا ٢١ر٩٪)ی تاوانەکان لە ڕێگەی دەستگیرکردنەوە ئاشکرابونو لە ٧٥٪ ئەو تاوانانە ڕەوانەی دادگا کراونو تەنها لە ٦٠٪یان تاوان بەسەریاندا سەپێنراوە. لێرەوە دەبینین ئەو بارودۆخەی لە بەرژەوەندی تاوانباراندا ڕۆڵی هەیە، بەجۆرێك گەورەیە کە پاساو بۆ زۆری ژمارەی تاوانەکان دەهێنێتەوە. هۆیەکانی پشت داتەپینی کارایی دەزگای پۆلیس



هەر چییەك بێت، ئەوا داروخانی خودی دەسەڵاتی پۆلیس زۆر ڕوونو ئاشکرایەو هاوزەمان لەگەڵ ئەوەشدا دڕندەیی پۆلیس بەرەو هەڵکشان دەچێت. بۆیە خوێندکارانو خوپێشاندەرەکانی دی، دەبنە نیچیرێکی دەستەمۆی ئەو پۆلیسەی ناتوانێت تاوانبارە ڕاستەقینەکان دەستگیر بکات.

بەهەر حاڵ بەراوردکردنی ئەم بارودۆخە بە بارودۆخی وڵاتانی دی، بەهۆی سود وەرگرتن لە شێوازی جۆراوجۆری ئامار، زۆر بەزەحمەت دەردەکەوێت. سەرباری ئەوەی زیادبونی ژمارەی تاوانە چارەسەر نەکراوەکان، بەکێشەیەکی گشتی دەژمێردرێت، بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتوەکاندا دەگاتە ئاستی لێدانی زەنگی مەترسی. لە پاریس ڕێژەی تاوانە چارەسەرنەکراوەکان لە ساڵی ١٩٦٧ – ١٩٦٨ لە ٦٢٪ بۆ ٥٦٪و لە ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٥٤ – ١٩٦٧ لە ٧٣ر٤٪ بۆ ٥٢ر٢٪ کەمی کردوە، بەڵام لە سوید ئەو ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٦٧دا تەنها لە ٤١٪ بوە (بڕوانە پۆلیسی ئەڵمانی، گۆڤاری دێر شبیگل ٧/ ٤/ ١٩٦٧).

## پاشکۆی ژمارە١٤

سۆلجنیستین پاڵپشت بە وردەکارییەکان، واقعێك دەخاتەروو کە چۆن تەرزەکانی ستالین بوە مایەی ئەوەی، ئەو هەوڵ کۆششانەی بۆ وەدیهێنانی پەرەسەندنی ئابوری ماقوڵانە ئەنجام دەدرا، روبەروی شکست بێتەوە. دەبێ ئومێدەوار بیت کە ئەو ئەفسانەی دەڵێت حکومەتی ترس و لەدەستدانی مرۆڤێکی بێشومار باجێکە پێویستە لە بەرامبەر بەپیشەسازیکردنی خێرای وڵاتدا بدرێت، لە رێگەی ئەم کتێبەوە لە چاڵ دەنرێت. پێشکەوتنی خێرا لە دوای مردنی ستالین هاتەدی و ئەوەی ئەمرۆ لە روسیا سەرنج رادەکێشێت، ئەوەیە کە وڵات نەك تەنها بە بەراورد لەگەڵ رۆژئاوا، بەڵکو لە وڵاتەکانی ژێر دەسەڵاتی سۆڤێتیش هێشتا هەروڵاتێکی دواکەوتوە. وادەرناکەوێت لە روسیا وەهمێك لەم بارەیەوە مابێتەوە، ئەمە ئەگەر وەهمێکی لەوجۆرە بوونی هەبوبێت. تاکەکانی نەوەی گەنجتر، بەتایبەتی ئەوانەی لە جەنگی جیهانی دوەمدا بەشداریان کردوە، زۆر باش دەزانن ساڵی ١٩٤١ تەنها یەك پەرجو، روسیای لە شکست رزگار کرد. پەرجووەکەش لەو واقیعە ناهەموارەدا بو کە دوژمن تەنانەت لە حوکمرانە خۆماڵییەکان خراپترە. ئەوەی تای ترازوی بەقازانجی روسیا لاسەنگ کرد، ئەوەبو کە حکومەتی پۆلیسیی تۆقێنەر



بەهۆی گوشاری بارودۆخی نائاساییەوە کەمێك سێبەری لەسەر وڵات رەوییەوەو خەڵکیش کە لەو دۆخە رزگاریان بو، توانیان دوبارە خربینەوەو توانایەکی ئەوتۆ بخوڵقێنن کە شکست بە هێرشبەرە دەرەکییەکان بهێنن. بەڵام کاتێك لە یەخسیری دوژمن یا دوای داگیرکردنی خاکەکەی بۆ نیشتمان گەڕانەوە، بۆ ئەوەی بەخووی ئازادییەوە وازیان لێبهێنرێ، یەکسەر بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورو درێژ رەوانەی ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ کران. ئەوانەی لەبەرامبەر زۆرداری رژێمی ئێستا راوەستانەوە، هەمان تاکەکانی ئەو نەوەیەن کە سەرەتا لە سەردەمی جەنگدا تامی ئازادیان چێشت، پاشان تامی حکومەتی ترسیان چێشت.

## پاشکۆی ژماره ١٥

لە کۆتاییدا ژمارەیەك گروپی خوێندکاری ئەڵمانی ئەم بیروبۆچونەیان هەیە، تا ئەو کاتەی حکومەت ناچار نەبێت بە "ئاشکرا دەست بۆ توندوتیژی بەرێت" یاخیبوان ناتوانن بە "ئامرازی گونجاو شەڕی ئەم کۆمەڵگە نەگریسە بکەن و لەنێوبەرن". ئەم تیورەیە جێ بڕوای هیچ مرۆڤێکی عاقڵ نیەو تەنها وێنەیەکی تازەی قسە بێناوەرۆکەکانی پێشوی دەیەی سێیەمی سەدەی بیستی کۆمۆنیستەکانە کە ئێستا نەك هەر لە رووی فیکری، بەڵکو لە رووی ئاخاوتنیشەوە لە قاڵبێکی تازەو عەوامانە دەخرێتەروو. لەو سەردەمەدا دەوترا سەرکەوتنی فاشیزم بۆ نەیارەکانی روداوێکی پیرۆزە. ئەم وتەیە یا لەسەر رووکەشەیەکی رووت بونیات نراوە، واتە روویەکی دیی ریاکاری "شۆڕش"ە، یا گەواهییە لەسەر گەمژەیی سیاسی "پەیڕەوکەرانی". هەڵبەتە ئەوەی لە چڵ ساڵی رابردودا رویدا، سیاسەتی ناقەستی ستالین بو بەرامبەر هاوکاریکردنی لەگەڵ هیتلەردا، نەك تیوریستیی گەلحۆیانە.

هەڵبەتە کاتێك خوێندکارانی ئەو وڵاتانەی لە رووی سیاسییەوە خوشبەختترن لەگەڵ خوێندکارە ئەڵمانییەکان بەراورد دەکەین، مایەی سەرسورمان نیە کە ببینین ئەڵمانییەکان ئامادەییان بۆ



کارو دادوەری سیاسی کەمترو حەزیان بەتیوریستی زیاتر بێت و هەروەها نابێت بەلاشمانەوە سەیر بێت کە "گۆشەگیری زەینە وشیارو زیندوەکان.. لە ئەڵمانیا" توندترو ناکۆکی بێئەمانترو کاریگەری ئەو زەینانە لە فەزای سیاسی وڵاتەکەی خۆیان، جگە لەو کاتانەی بابەتەکە لە شێوەی دیاردەیەکی پەرچەکرداری دەردەکەوێت، بەنزیکەیی هیچ بێت. لەسەروی ئەوەشەوە، خاڵێکی دی کە من تێیدا لەگەڵ ئسپێندەر هاورام دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رۆڵەی هێشتا رابردو لەم بابەتەدا دەیگێڕێت، بەو مانای کە خوێندکاران دەبن بە"ئامانجی ئازارو تورەیی، ئەویش نەك بەخاتری توندوتیژییان، بەڵکو لەبەر ئەوەی رابردوو لە یادەوەریاندا بەزیندوێتی دەهێڵنەوە... لەو خێوە دەچن کە بەخێرایی خاك و خۆڵ دەکرێ بەسەریاندا، کەچی لە گۆڕەکانیان دێنە دەرەوە". لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئەوەی هەمو وتراوەکان لە جێگەی خۆیدا لەبەرچاو گیراون، ئەو واقیعە سەیرو نێگەرانهێنەرەش هەروەکو خۆی ماوەتەوە کە چەپە تازەکانی ئەڵمانیا بەو هەمو هاتوهاوارو توندڕەوییەی لەگەڵ سیاسەتی ناسیونالیستی یا ئیمپریالیزمی وڵاتانی دی بەشەڕ دێن، ئاوڕێکی جیدیان لە ناسینەوەی هێڵی سنوری ئۆدەر – نایسە نەداوەتەوە، بەهەر حاڵ مەسەلەیەکە لە کارە مەترسیدارەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەڵمانیاو لەسەردەمی شکستی رژێمی هیتلەری، تا ئێستا بەپێوەری هەڵسەنگاندنی ناسیونالیزمی ئەو وڵاتە دەژمێردرێت.

## پاشکۆی ژمارە١٦

دانیاڵ بێل ئاوێتەیەکی لە ئومێدو وریایی لە دڵو دەروندا هەیە، چونکە لەوە ئاگادار بوە کە کاری زانستیو تەکنیکی پەیوەستە بە "زانستی تیورییو دەبێ بێلایەنانە لێکۆلێنەوەو ئەزمونی لەسەر بکرێو پاشان تۆمار بکرێ"، بەڵام ئەو خۆشبینییە تا ئەو کاتە راستە کە پسپۆرانی بواری زانستو تەکنیك دەربارەی دەسەڵات بێلایەنانە بمێننەوەو جگە لە بایەخو پێگەی کۆمەڵایەتی فیکریان بە شتێکی دییەوە سەرقاڵ نەبن، بەوتەیەکی دی ناخوازن دەسەڵات بگرنەدەستو حوکمڕانی بکەن. چۆمسکی پێیوایە "دەروونناسیو کۆمەڵناسیو مێژوو، هیچ یەکێکیان بەڵگەیەکی تایبەت بەدەستەوە نادەن کە بتوانرێ بەتاسەوە پێشوازی لە رۆژێکدا بکەین کە گەورە پیاوە تازەکان حکومەت بەدەستەوە بگرن". رەنگە ئەم ئاستەش لە بەدبینی، زێدەڕەوی پێوە دیار بێت. تا ئێستا لەم بوارەدا هیچ پێشینەیەکی مێژوویی بوونی نەبوەو تەنها ئەو خوێندکارو روناکبیرانە دەبینرێن کە بێپەروا دەیانەوێت لە هەر حکومەتێکدا خزمەت بکەن کە حکومڕانی دەکاتو بەداخو پەژارەشەوە ئەوانە مەریتۆکراست (meritocrast – بەرپرسی پایە بڵندی زرنگو لێهاتو) نین، بەڵکو دەبێ لە دەستەی ئەو



کەسانە حیساب بکرێن کە دەیانەوێت بە هەر شێوەیەك بوە بەپەیژەی باڵاکردندا سەربکەون. لەلایەکی دی ئەم پرسیارەی چۆمسکی بەتەواوەتی دروستە: "بەشێوەیەکی گشتی چ لایەنێك هەیە تا وێنای ئەوە بکەین ئەو کەسانەی بەپاساوی زانستو هونەر داوای گرتنەدەستی دەسەڵات دەکەن، پڕفیکرتن لەو کەسانەی بەهۆی سامانو ئەسڵو بنەچەوە هەمان داوایان هەیە؟". لەبەر هەر هۆیەك بێت بەناچاری دەبێ پرسیارێکی دی بۆ تەواوکردنی ئەو پرسیارەی سەرەوە گەڵاڵە بکەین، ئەویش چ لایەنێك هەیە تا گریمانەی ئەوە بکەین مەریتۆکراسی حکومەتێکە بەتەواوەتی لەسەر ئامادەیی "سروشتی" دامەزراوە، واتە لەسەر توانای مێشك، لە حکومەتە ستەمگەرەکانی رابردو، بەئازارترو توندوتیژئامێزترو پڕتوڕەییەکی ترسناکتر نابێت، ئەو ستەمگەرانەی بەلانیکەمەوە سوکنایی ئەوەیان تیایە کە بارودۆخەکەیان بە بەهۆی کەمتەرخەمی خۆیانەوە نیە؟ ئایا دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەمجۆرە ئازارو رەنجو تورەبونە، بەدەر لە هەر ململانێیەکی چینایەتی رووت، هەمو خەسڵەتەکانی نەژادپەرستی تیانیە، چونکە وەك دوژمنایەتی نەژادی پایەی لەسەر داتای دەرەگۆڕانکاری سروشتی راوەستاوە، واتە بارودۆخێك کە هیچ کەسێك ناتوانێت خۆی لێی قورتار بکات، تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە ئەو کەسانەی بەهرەی وشیارییەکی باڵاییان هەیە، بەتەواوەتی لەنێوبرێن؟ چونکە لەوجۆرە حاڵەتانەدا توانای ژمارەیی چەوساوەکان زیاتر

نەبەزانەترو لە هەمان حاڵەتیشدا جوڵەی کۆمەڵایەتی بەنزیکەیی لە خاڵی سفردا دەبێت، ئایا لەتوانادا نابێت مەترسی خەڵکە فریودەرەکانو رێبەرە جەماوەرییەکان بەئاستێك بگەن کە مەریتۆکراستەکان ناچاربن پەنا بۆ حکومەتی جەبرو ستەمگەری بەرن؟.



## پاشکۆی ژمارە١٧

ئیستیوارت ئەلسۆپ لە وتارێکیدا دەنوسێت: "ئەگەر یەکێك لە لایەنگرانی واڵاس نەخوازێت مناڵەکانی بەناوی هەڵگرتنی نەژادپەرستی رەوانەی فێرگە خراپەکان بکات، رەنگە ئەم کارەی بەسەرپێچی لە بنەماکانی ئازادیخوازی دابنرێت، بەڵام ناسروشتی نیە. بەهەمان ئەندازەش ناسروشتی نیە کە لە ئازاردانی هاوسەرەکەی نیگەران بێت یا لە بەهای تەنها خانوەکەی دابەزێت". هەروەها نوسەر یەکێك لە کاریگەرترین وتەکانی واڵاس دەهێنێتەوە کە بەمەبەستی فریودانی خەڵکی وتویەتی: "کۆنگرەی ئەمەریکا ٥٣٥ نوێنەری هەیەو زۆرێك لە ئازادیخوازانیش مناڵیان هەیە. دەزانن چەند کەسیان لە واشنتن مناڵەکانیان خستۆتە بەر خوێندنی فێرگە حکومییەکان؟ تەنها شەش کەسیان".

نمونەیەکی دی لەسەر هێندێك سیاسەتی نادروستی هەڵگرتنی نەژادپەرستی بەم دواییە لە نوسینێکی نێڵ ماسوێڵ دا هاتوە. دەوڵەتی فیدراڵی ئەمەریکا بەمەبەستی سەرخستنی ئامانجی سڕینەوەی نەژادپەرستی، هەر جارێك لە ویلایەتەکانی باشوردا لەگەڵ بارودۆخە دزێوەکانی نەژادپەرستی نێو خوێندگەکان روبەرو بێتەوە، هاوکارییە داراییەکان دەبڕێت. لە یەکێك لەو حاڵەتانەدا

دەوڵەت لە بڕی دوو سـەد هەزار (٢٠٠٠٠٠) دۆلار کۆمەکی ساڵانەی خۆداری کرد. "لەکۆی ئەو بڕە پارەیە، سەدو حەفتاو پێنج هەزار (١٧٥٠٠٠) دۆلاری بـۆ خوێندنگە رەشپێسـتەکان تەرخان کرابو.. سپیپێسـتەکانیش یەکسەر بەمەبەستی قەرەبو کردنەوەی بیستو پێنج هـەزار (٢٥٠٠٠) دۆلارەکەی دی، ئاسـتی پیتاکەکانی خۆیان بەرز کـردەوە". بەکورتی، هەمان ئەو شـتەی بڕیـار بو کۆمەکو هاوکاری بە پەروەردەو فێرکردنی رەشـەکان بکات، بەپێچەوانەوە "کاریگەرییەکی کەمەرشـکێنی" لەسـەر نەزمی خوێندنگەکانیان بەجێهێشـتو هیچ کاریگەرییەکشی لەسـەر بارودۆخی خویندنگە سپیپێستەکان نەبو.



## پاشکۆی ژمارە ١٨

لەو بارودۆخە لێڵەی کە وشەو گوتە چەندپاڵوەکانی ئایدیۆلۆجیا بـۆ گفتوگۆی خوێندکاران دروسـتیان کرد، بەدەگمـەن بوارێك بۆ رۆشـنکردنەوەی ئەمجـۆرە مەسـەلانە بەدیدەکـرێ. بـە گوتەی گۆنتەرگراس: "ئەم کۆمەڵە تەندروسـتەی هەمیشە بەدوای رێگەی هەڵهاتندا دەگەرێت، سـەرئەنجام ئـەو رێگەیە دەدۆزێتەوە". ئەم کارە بەتایبەتی سـەبارەت خوێنـدکارە ئەڵمانییەکانو ئەندامانی بزوتنەوەی چەپی تازە هەستی پێدەکرێو دەبێتە مایەی تورەبون. بە وتەی مێژوونوسـێکی گەنج کە "گراس" لێیوەرگرتوە: "ئەوان هیچ شـتێك نازانن، بەڵام لـەو باوەڕەدان هەمو شـتێك دەزانن". رەنگە ئـەم دۆخە دەرونییە لە ئەڵمانیـا وتەکانی هانس ماگنوس ئەنزینسبێرگەرە کە دەڵێت عەیبی خەڵکی چیکوسلۆڤاکیا ئەوەیە: "ئاسۆیەکی زۆر دیاریکراویان هەیەو مایەی سیاسییان زۆر کەمە". بەپێچەوانـەی ئەم ئاوێزانە گەلحۆو بوێرانەیـە، ئەو دۆخەی لەنێو ستەمکارانی رۆژهەڵاتدا بوونی هەیە زۆر دڵگیرە، هەر چەندە کاتێك بـیر لەو باجە مەزنە دەکەینـەوە کە بەرامبەر بەوە دراوە، موچرك بەهەمو جەستەماندا دێت. خوێندکارێکی چیکی بەناوی جان کاڤان دەنوسێت: "زۆرجار دۆسـتەکانم لە ئەوروپای رۆژئاوا پێم دەڵێن،

ئێـوە تەنها لەپێناوی ئازادی دیموکراسـی بۆرجوادا تێدەکۆشـن، بـەڵام من نازانم بۆچـی ناتوانم لە نێـوان ئازادی سـەرمایەداری‌و ئازادی سۆسیالیستی جیاوازی بکەم، چونکە من تەنها ئەوە دەزانم کـە ئازادی بنەمای مرۆڤایەتییە". دەتوانرێ وێنای ئەوە بکرێ کە کاڤان بەمەبەسـتی جیاوازی کردن لە نێوان "توندوتیژی پێشەواو توندوتیژی سەرکوتگەر"دا، دوچاری هەمان کێشە بۆتەوە. لەلایەکی دی گوناهە گـەر وەك زۆرێك لە خەڵکی بەو دەرئەنجامە بگەین کە هاوڵاتیانی وڵاتە رۆژئاواییەکان لە بواری ئازادیدا هیچ سـکاڵایەکی راسـتەقینەیان نیە. بێگومان "باری دەرونی چیکەکان سـەبارەت بە خوێندکارانـی رۆژئاوا رەنگی ئیرەیی بەخۆیەوە گرتوە"، بەڵام هێندێـك ئەزمونی کەم درێندانە زۆر یەکلاکەرەوانە لە بواری ناکامی سیاسیدا بوونی هەیە کە ئەوان لێی بێبەهرە بون.

# پەراوێزەکان

١ ـ هـارق ویلـەر، لێکۆڵینـەوە بەناونیشـانی "پێژمێرە سـتراتیجییەکان – the strategic calculators لـە کتێـبی نایجـل کالـدەر "تـا ئاشـتی بەرقـەرار دەبێت.."، نیویۆرک، ١٩٦٨، ل١٠٩.

٢ ـ دژی دهرینـگ: ا. دهرینـگ زانسـت ئـاوەژو دەکات"، بەشـی دوەم، پـاژی ٣ (١٨٧٨).

٣ ـ هەروەکـو جەنـەراڵ ئەندریـە بۆفەر لە کتێبی "جەنگی کلاسـیکی لە سـاڵانی هەشـتاکاندا" دەڵێت: جەنگ تەنها لەو بەشـانەی جیهان لە توانادا دەبێت کە تێیدا بەرگرتـنی ئەتۆمـی هیچ رۆڵێـك وازیناکاتو تەنانـەت ئەم جەنگە کلاسـیکییەش سەرباری مەترسـیو ناهەمواری، بەهۆی هەرەشەی باڵاپێکردنی ئەم دەنگە بەرەو جەنگـی ئەتۆمی، دیاریکـراو دەبێت (بڕوانە کتێبی کاڵدەر، سـەرچاوەی پێشـو، ل٣).

٤ ـ رەنگە کتێبی گاڵتەجارانە لە شـێوازی بیرکردنەوەی دەزگای رەندو سـەرجەم پەیمانگەکانی لێکۆڵینەوە، کە سـاڵی ١٩٦٧ لە نیویۆرك لەژێر ناونیشـانی "راپۆرت لـە کێوی پۆڵاوە" دەرچوە، دەقێك بێت لە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی بانگەشـەی جدییەت بۆ خۆیان دەکەن بە "نیگای خاکیانە بەرەو لێواری ئاشـتی" لە واقیعەوە نزیکـتر بێت. بەڵگاندنی سـەرەکی ئـەم کتێبە، پێیوایە جەنگ ئـەو هەقەیە کە لە پێنـاوی رێـڕەوی کۆمەڵگەکەمانـدا ناتوانین خۆمانـی لێلابدەینو بۆ نەهێشـتنی جەنگیـش دەبـێ ئامرازێکی ئەوتۆ بۆ چارەسـەر کردنی کێشـەکانمان بدۆزینەوە کە توانای زیاتری بۆ کوشـتن هەبێت.. ئـەم بەڵگەهێنانەوەیە تەنها دەتوانێت ئەو کەسـانە توشـی شـۆك بکات کە بیریان چۆتەوە چۆن ئەو بێکارییـەی لە قەیرانی سـاڵی ١٩٢٩ کەوتەوە، تەنها لەرێگەی هەڵایسانی جەنگی جیهانی دوەمەوە توانرا چارەسـەر بکرێ، یا ئەوانەی چاوپۆشـی لە زەبەلاحی قەوارەی بێکاری دەکەن کە بە کردەوە نمایشییەکان دەمامك دەکرێن.

٥ ـ نعـوم چۆمسـکی لە "دەسـەڵاتی ئەمەریکـیو پایەبڵندە تـازەکان" نیویۆرک،



١٩٦٩، هەروەها ریچارد ن. گۆدوین، نمایشـیکردنی کتێبی تۆماس. سی. شیلینگ "چەكو دەسەلات"، چاپەمەنی زانکۆی یاڵ، نیوهیڤن، ١٩٦٦، لە :نیویۆرک" ١٧ ـ٢ ـ ١٩٦٨.

٦ ـ بەدڵنیاییـەوە لـێرەدا بەرهەمێکی زۆر هەیە لێکۆڵینەوە لەسـەر مەسـەلەکانی جەنـگو ئۆپراسـیۆنە سـەربازییەکان دەکەن، بـەڵام هەمو دەقـەکان گرنگی بە ئامرازەکانی توندوتیژی دەکەن، نەك بەخودی توندوتیژی.

٧ ـ بڕوانە ئەنگلس، هەمان سـەرچاوەی پێشـو، بەشی دوەم، پاژی چوارەم، ل٢١٠ – ٢١١.

٨ ـ ویلـەر، هەمـان سـەرچاوەی پێشـو، ل١٠٧، هەروەها بڕوانـە ئەنگلس، هەمان سەرچاوەی پێشو.

٩ ـ ئەندریـە د. سـاخارۆف "پێشـکەوتن، هەڵکـردنو ئازادی عەقـڵ"، نیویۆرك، ١٩٦٨....

١٠ ـ ویلەر، هەمان سەرچاوەی پێشو.

١١ ـ نایجل کاڵدەر "چەکە تازەکان" لە هەمان سەرچاوەی پێشو، ل٢٣٩.

١٢ ـ م. و. ترینـگ "رێپێوانـی رۆبۆتەکان" لە کتێبی کاڵدەر، سـەرچاوەی پێشـو، ل١٦٩.

١٣ ـ فلادیمـێر دیدیجەر "چەکی مرۆڤە نەدارەکان" لە کتێبی کاڵدەر، سـەرچاوەی پێشو، ل٢٩.

١٤ ـ ئـەم سـەرنجە لـە ئەنگلـس دەخـوازم کە بـۆ دەستنوسـێکی سـاڵی ١٩٤٧ دەگەڕێتـەوەو لە کتێـبی جاکوب باریۆن "هیگلو تیورەی دەوڵەتی مارکسـییەت" بۆن، ١٩٦٣.

١٥ ـ کارێکـی پـڕ مانایە کە هیگل لـەم ناوکۆیەدا چەمکی دەسـتکەوتەکانی خود (sichselbt produzieren)ی بەکارهێناوە، بگەڕێرەوە بۆ "وانەکانی مێژووی فەلسەفە" چاپی هۆڤمایستەر، لایبزگ، ١٩٣٨.

١٦ ـ بگەڕێرەوە بۆ پاشکۆی یەکەم.

١٧ ـ بگەڕێرەوە بۆ پاشکۆی دوەم.

١٨ ـ چۆمسکی بەدروستی لەوە بەئاگابوە کە یەکێك لە پاڵنەرەکانی یاخیبونێکی کراوە، خۆپارێزی بوە لەوەی "مرۆڤ لە تەنیشت ئەو مرۆڤە باشەی ئەڵمانیەوە بوەستێت کە هەمو فێربوین دەبێ نەفرەتی لێبکەین"، چۆمسکی، سەرچاوەی پێشو، ل٣٦٨.

١٩ ـ فرانس فانون "ئازارچەشتوەکانی سەرزەمین" بە پێشەکی جان پۆڵ سارتەر، ل٦١. لێرەدا بۆیە قسە لەسەر ئەم کتێبە دەکەین، چونکە قورساییەکی زۆری لەسەر خوێندکارانی نەوەکانی ئەمڕۆدا هەیە. بەهەر حاڵ خودی فانون سەبارەت بە ئاکامەکانی توندوتیژی لە ستایشگەرەکانی زیاتر سڵیدەکردەوە. پێمانوایە بەشی یەکەمی کتێبەکە بەناونیشانی "دەربارەی توندوتیژی" تاکە بەشە کە سەرنجی زۆرترین خوێنەری راکێشاوە. فانون زۆر باش لەوە بەئاگابو ئەم "دڕندایەتییە پوختو گشتگیرە، ئەگەر دەمودەست روبەروی نەبیتەوە، لەماوەی چەند هەفتەیەکدا بزوتنەوەکە روبەروی شکست دەکاتەوە". سەبارەت بە بالاکردنی توندوتیژیەی ئەم دواییەی بزوتنەوەی خوێندکاران، بگەڕێرەوە بۆ هەفتانەی ئەڵمانی "درشبیگل"، زنجیرە وتارێکی گرنگە لە ژێر ناوی گیواڵت "توندوتیژی"، لە ژمارە ١٠/ شوبات ١٩٦٩و زنجیرە وتارێکی دی لە ژمارەی ٢٦و ٢٧ ساڵی ١٩٦٩دا بڵاوبۆتەوە.

٢٠ ـ بگەڕێرەوە بۆ پاشکۆی سێیەم.

٢١ ـ ئەم دوا گوزارەیە کاتێك مانایەك دەبەخشێت کە وەك بەهایەکی وەسفی بەکاربهێنرێ. هەر چییەك لە پشتی ئەم دروشمەوە بێت، دەتوانین وێنەی ئەو وەهمە مارکسییە ببینین کە قسە لەسەر کۆمەڵگەی بەرهەمهێنەرە ئازادەکانو رزگاری هێزە وەبەرهێنەرەکانی کۆمەڵگە دەکات کە لە واقیعدا بەهۆی شۆڕشەوە بەدینایەت، بەڵکو بەهۆی زانستو تەکنۆلۆجیاوە دێتەدی. بەهەر حاڵ لە هەمو ئەو



وڵاتانەی شۆڕشی تیا کراوە، شۆڕش نەك هەر نەبوە مایەی کارا کردنی ئەم ئازادییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشێوەیەکی جیدی بوە مایەی دواخستنی. بەوتەیەکی دی، پشتەوەی بێزاریو سوکایەتیکردن بە بەرخۆریی، نمونەی بەرهەمهێنانو بتپەرستی کۆنمان بۆ ئاشکرا دەکات: بتپەرستی بەرهەمهێنانو داهێنان "دەرفەتی وێرانکردن، دەرفەتی داهێنەرانەیە" – بەڵی، بەتەواوەتی بەمەرجی ئەوەی "دەرفەتی کارکردن" بە رەگەزی بەرهێنەر بزانین، بێگومان وێرانکردن تەنها کارێکە کە هێشتا دەتوانرێ بەهۆی ئامرازی ساکارەوە ئەنجام بدرێ، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ئامێری گەورە ببرێت، هەر چەندە بەگشتی ئامێر دەتوانێت ئەم کارە زۆر چالاکانەتر جێبەجێ بکات.

٢٢ ـ ئەم ئارەزوە بۆ کاری چالاك بەتایبەتی لە کاتی کردەوەی بچوكو بێمەترسی، تێبینی دەکرێ. بۆ نمونە، خوێندکاران لەدژی دەسەڵاتدارانی زانکۆ بەوەی موچەیەك بە کارمەندانی کافەتریاو خزمەتگوزاران دەدەن کە لە ئاستی یاسایی کەمترە، وەك نارەزاییەك مانیانگرتو لەو کارەشیاندا سەرکەوتو بون. خوێندکارانی زانکۆی "بێرکلی" بڕیاریاندا لە پێناوی ئەوەی پارچە زەوییەکی زانکۆ بکەن بە "سەیرانگەیەکی گشتی" تێبکۆشنو دەکرێ ئەو کارەشیان بە کاری بچوكو بێزیان بژمێردرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کردەوانە خراپترین پەرچەکرداری دەسەڵاتدارانیشی لێبکەوێتەوە. ئەگەر لە دەسپێکی مەسەلەی زانکۆی "بێرکلی"یەوە حوکم بەسەر کارەکەدا بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەم شێوازە لە چالاکی "ناسیاسی" دەبێتە مایەی ئەوەی زۆرینەی خوێندکاران لە پشت گروپێکی رادیکاڵدا یەکبگرن. "لە ریفراندۆمێکدا کە لە نێو خوێندکاراندا ئەنجام دراو رێژەیەکی بەرزی ئەوتۆ بەشداریان تێیدا کرد کە لە مێژووی هەڵبژاردنی خوێندکاراندا وێنەی نەبو، لەکۆی ١٥ هەزار خوێندکاری بەشدار لەو ریفراندۆمە، لە ٨٥٪ دەنگیان بۆ فیکرەی دروستکردنی سەیرانگەی گشتی دا". لەم بارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ لێکۆڵینەوە نایابکەی شلدۆن ویلنو جۆن شار، "بێرکلی"، نەبەردی سەیرانگەی گشتی"، "گۆڤاری نیویۆرك بۆ پیاچونەوەی کتێب" ١٩ – ٦ – ١٩٦٩.

٢٣ ـ بگەڕێرەوە بۆ پاشکۆی چوار.

٢٤ ـ جیرۆم لیتڤن "پەیمانگەی ماساچوستسی تەکنۆلۆجیا" گۆڤاری "نیویۆرک تایمز" ١٨ ـ٥ ـ١٩٦٩.

٢٥ ـ بڕوانە پاشکۆی پێنجەم.

٢٦ ـ ئەو کارانەی لەو بوارەدا مانایەکی هەیە، ئەوەیە کە ئەمڕۆ لێکۆڵینەوە سەرەکییەکان زیاتر لە تاقیگەی کۆمپانیا پێشەسازییەکان ئەنجام دەدرێ، نەك لە زانکۆکان.

٢٧ ـ بڕوانە تێبینی ژمارە ٢٤.

٢٨ ـ ستیڤن سپێندەر "ساڵی یاخییە گەنجەکان"، نیویۆرك، ١٩٦٩، ل١٧٩.

٢٩ ـ جۆرج واڵد "نیۆیۆرك" ٢٢/ ئازار/ ١٩٦٩.

٣٠ ـ بڕوانە پاشکۆی شەشەم.

٣١ ـ بڕوانە پاشکۆی حەوتەم.

٣٢ ـ بڕوانە پاشکۆی هەشتەم.

٣٣ ـ بگەڕێرەوە بۆ راپۆرتی لیژنەی نەتەوایەتی "دەربارەی هۆیەکانی توندوتیژیو رێگە لێگرتنی"، حوزەیرانی ١٩٦٩، هەروەکو لە "نیویۆرك تایمز" یادکراوەتەوە، ٦/ حوزەیران/ ١٩٦٩.

٣٤ ـ فانون، هەمان سەرچاوە، ل١٣٠، ١٢٩، ٦٩

٣٥ ـ فانون، سەرچاوەی پێشو، ل٣٧و ٥٣.

٣٦ ـ بڕوانە پاشکۆی نۆیەم.

٣٧ ـ ئەو خوێندکارانەی لە نێوان دوو زلهێزدا بزربونو لە هەر دوو لایان نائومێد بون "بەناچاری شوێن ئایدیۆلۆجیای سێیەم کەوتن کە لە چینی ماو یا کوبای کاسترۆ وەریاندەگرت" (ئسپێندەر، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل٩٢). رووکردنە ماو و کاسترۆو جیڤاراو هۆشی منە، لە نزای ئاینێکی تازە دەچێت ئاراستەی ئەو دڵسۆزانە بکرێ کە لە دنیایەکی دییەوە هاتون، یا رەنگە روویان بکردایەتە تیتۆش، ئەگەر



یۆگسلاڤیا لە رووی جوگرافییەوە دوورترو کەمتر سەرزەنشت بکرایە. مەسەلەکە لەگەڵ بزوتنەوەی هێزی رەشەکاندا شێوەیەکی دی بەخۆیەوە دەگرێ. هاوکاری ئایدیۆلۆجیای ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ "یەکێتییەکی جیهانی سێیەم"دا کە بەفیعلی بوونی نیە، بەعەبەسییەتی رۆمانسی ناژمێردرێت. ئەم بزوتنەوەیە لە دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان رەشو سپیدا بەرژەوەندی روونو ئاشکرای هەیە. شتێکی ئاشکرایە ئێمە لێرەدا لەبەرامبەر جۆرە راکردنێکداین کە ناوەرۆکەکەی راکردنێکە بەرەو دونیای ئەو خەونەی تێیدا رەشەکان زۆرینە دانیشتوانی پێکبهێنن.

٣٨ ـ وادەردەکەوێت کە بتوانین مارکسو لینین بەمجۆرە ناسازگاریو ناکۆکییە تاوانبار بکەین. مەگەر مارکس پشتگیری لە شکومەندی کۆمونەی ساڵی ١٨٧١ی پارس نەدەکرد، مەگەر لینین نەیویست "هەمو دەسەڵاتەکان بخاتە ژێر رکێفی سۆڤێتەکانەوە"، بەڵام مارکس پێیوابو کۆمۆنە تەنها قوناغێکی کاتی بوە لە پێناوی کارێکی شۆڕشگێڕانەدا یا "نوێڵی رەگدەرهێنانی بونیادی ئابوری حکومەتی چینایەتیە"، ئەوەی ئنگلس بەراستی بەهاوشێوەی پرۆسەی کاتی "دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای" دەزانی" (بڕوانە "جەنگی ناوخۆی فرەنسا" لە هەڵبژاردەی بەرهەمەکانی مارکسو ئنگلس، چاپی لەندەنی ئینگلیزی، ١٩٥٠، بەرگی یەکەم، لاپەرەکانی ٤٧٤و ٤٤٠ و لاپەرەکانی دی). بەڵام کێشەی لینین ئاڵۆزترە، هەر چەندە خودی لینین سۆڤێتەکانی سوكو بێتوانا کردو هەمو دەسەڵاتەکانیشی بەحیزب بەخشی.

٣٩ ـ ستیڤن ئسپێندەر (سەرچاوەی پێشو) پێمان دەڵێت "ئایدیاڵی شۆڕشگێڕانەیان لەسەر بنەمای رەهەندی سۆزداری ئاکاری دامەزراوە"، بەڵام نعوم چۆمسکی (سەرچاوەی پێشو، ل٣٦٨) باس لە زۆرێك راستی دەکات کاتێك دەڵێت "واقیع پێمان دەڵێت زۆرترین کارتی سەربازگیریو بەڵگەنامەی دی کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٧ رەوانەی وەزارەتی داد کران، لەو خەڵکانەوە بو کە دەیانتوانی بەئاسانی لە خزمەتی سەربازی قورتاریان بێت، بەڵام پێداگرییان دەکرد لەوەی

بەشداری لە چارەنوسی ئەو خەڵکانەدا بکەن کە هەمان جیاکاریو چانسی ئەوانیان نیە". دەشـێت هەمان شتیش لەسـەر زۆرێك خۆپێشـاندەرانی زانکۆو کۆڵیجەکان بوترێ کە دژی سـەربازگیری نارەزاییان دەردەبڕی. لە گەلێك وڵاتانی دیش هەمان بـارودۆخ دەبینـرێ. بۆ نمونـە گۆڤاری "دێر شـبیگل" (ژمـارەی ٢٣/ حوزەیران/ ١٩٦٩، ل٥٨) لە وەسـفکردنی حاڵەتی ناکامیو خواریی لێکۆڵەرەوە دەستیارەکان لـە ئەڵمانیا دەنوسـێت: "بەلەبەرچاو گرتـنی ئەم بارودۆخە مایەی سەرسـوڕمانە کە دەسـتیاران لە بەرەی پێشـەوەی یاخیبوان نەبینرێن"و هەمیشـە گوێبیستنی یـەك حەکایـەت دەبین، گروپە بەرژەوەندیـدارەکان بێزیان دێتـەوە پەیوەندی بە یاخیبوانەوە بکەن.

٤٠ ـ بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٠.

٤١ ـ بەروکەش وادیارە چیکوسـلۆڤاکیا لەو بوارەدا ئاوارتە بێت. لەگەڵ ئەوەشـدا بەدڵنیاییـەوە بزوتنـەوەی ریفۆرمخـوازان کە خوێنـدکاران لە ڕیزی پێشـەوەیدا خەباتیان لە پێناویدا دەکرد، بەبێ جیاوازی لەلایەن سـەرجەم میلەتەوە پشتگیری لێدەکرا. ئەگەر بەپێی چەمکە مارکسـیزمییەکان لێی بدوێین، دەبینین خوێندکاران لە چیکوسـلۆڤاکیاو رەنگە لە سـەرجەم وڵاتانی رۆژهەڵاتیشدا، لەلایەن کۆمەڵەوە پشـتیوانییەکی گـەورە دەکرێن، ئەمـەش وادەکات بارودۆخەکـە لەگەڵ نمونەی مارکسیزمدا نەگونجێت.

٤٢ ـ بگەڕێـڕەوە بـۆ گۆڤاری "دیر شـبیگل" (١٠ / ٢ / ١٩٦٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ کریستۆف ئیهمان.

٤٣ ـ بڕوانە پ. ج. پرۆدۆن "فەلسەفەی پێشکەوتن" چاپی ساڵی ١٩٤٦ (لاپەرەکانی ٢٧ – ٣٠ – ٤٩)، لە "دادپەروەریدا" (١٨٥٨)، چاپی ١٩٣٠، بەشی یەکەم، لاپەرەی ٢٣٨. هەروەهـا بڕوانـە ویلیـام. هـ. هاربۆڵـد "مرۆڤایەتی پێشـکەوتو: دەربارەی فەلسـەفەی پ. ج. پرۆدۆن"، "گۆڤاری پیاچونەوەی کتێبە سیاسییەکان"، کانونی دوەم، ١٩٦٩.



٤٤ ـ دەقی ئەلئەسـکەندەر هیرتزن لە دەقی ئیزایا بەرلین وەرگیراوە کە بۆ کتێبی فرانکۆ ڤینتوری "رەگوریشەی شۆڕشەکان"ی نوسراوە، نیویۆرك، ١٩٦٦.

٤٥ ـ فیکـر لە پێناوی مێژووی جیهانیدا لەگەڵ نیازی کۆزمۆپۆلیتیدا"، پرەنسـیپی سێیەم، لە "فەلسەفەی کانت"، چاپەمەنییەکانی مۆدێرن لایبریری.

٤٦ ـ لە پێناوی بەدەستهێنانی مشتومڕێکی جیاکار دەربارەی هەڵەی روونو ئاشکرا کە مۆرکی ئەم هەڵویسـتەی پێوە دیار بێت، بڕوانە رۆبەرت. أ. نیسـبیت "سـاڵی ٢٠٠٠و هەمـو ئەمانە" لە گۆڤاری "کۆمنتاری" حوزەیرانـی ١٩٦٨، هەروەها بڕوانە تێبینی رەخنەگرانەی لاواز کە لە ژمارەی ئەیلولی هەمان گۆڤاردا بڵاوبۆتەوە.

٤٧ ـ هیگل، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل١٠٠.

٤٨ ـ هەواڵی ئەم روداوە لە دەقی ویلنو شـاردا راڤەنەکراوە. هەروەها بگەڕێرەوە بۆ راپۆرتی پیتەر بارنێز بە ناونیشانی "هاوار: فیکرەکان دەربارەی روبەروبونەوەی گازی فرمێسك رژێن" گۆڤاری نیویۆرك، ٢/ حوزەیران/ ١٩٦٩.

٤٩ ـ ئسپێندەر (سەرچاوەی پێشو، ل٤٥) لەوە دەدوێت کە خوێندکارە فرەنسییەکان لـە مـاوەی روداوەکانی ئایاری سـاڵی ١٩٦٨ پاریس "بەتەواوەتـی ئایدیۆلۆجیای "دەسـکەوتی پێشـکەوتن"و هێـزی بەناو پێشـکەوتن – یان رەتدەکـردەوە". لە ئەمەریکا کاتێك کارەکە بە چەمکی پێشـکەوتنەوە پەیوەست بێت، ئیدی وێنەکان جیـاواز دەبێـت.. لێرەدا هێشـتا دەورە دراوین بە هێزە "پێشـکەوتوخوازەکان"و "کۆنەخوازەکان"و "لێبوردەیی سەرکوتگەرانە"و شتی دی.

٥٠ ـ لە پێناوی بەدەسـتهێنانی نوێنەرایەتییەکی جیاکار بۆ ئەو پرۆژانەی نەك هەر بەرووکەشـی دەزانین، بەڵکو بەزیانبەخشیشـی لە قەڵەم دەدەین، بڕوانە ئەدمۆند وێلسۆن "بەری M. L. A"، نیویۆرك، ١٩٦٨.

٥١ ـ جۆرج سۆرێل "تێفکرین دەربارەی توندوتیژی" پێشەکی چاپی یەکەم (١٩٠٦) نیویۆرك، ١٩٦١، ل٦٠.

٥٢ ـ "دەسـەڵاتی دەسـتەبژێر"، نیویـۆرك، ١٩٥٦، ل١٧١. هەروەها بڕوانە برگەی

یەکەمی ماکس فیبەر لە کتێبی "سیاسەت وەك ئاراستە" (١٩٢١). وادەردەکەوێت کە فیبەر ئاگای لە پێکهاتنی نێوان خۆی‌و چەپەکان هەبوە، بۆیە کاتێك لەم بارەیەوە باس لە سەرنجەکەی تروتسکی دەکات لە برێست – لیتۆفسکی کە دەڵێت "هەمو دەوڵەتێك لەسەر توندوتیژی بونیاتنراوە"، لەلای خۆیەوە ئەمەی بۆ زیاد دەکات "بەتەواوەتی ئەمە دروستە".

٥٣ ـ "دەسەڵات: مێژووی سروشتیی گەشەکردنی" (١٩٤٥، لەندەن، ١٩٥٢، ل١٢٢).

٥٤ ـ هەمان سەرچاوە، ل٩٣.

٥٥ ـ هەمان سەرچاوە، ل١١٠.

٥٦ ـ بڕوانە کارڵ ڤۆن کلاوزیوتز "دەربارەی جەنگ" (١٨٣٢)، نیویۆرك، ١٩٤٣، بەشی یەکەم، هەروەها رۆبەرت ستراوز – هوپێە "دەسەڵات‌و کۆمەڵ"، نیویۆرك، ١٩٥٦، ل٤، ئەم برگەیەی لە ماکس فیبەرەوە وەرگیراوە، لەم کتێبەی دوایی خوازراوە. رستەکەی ماکس فیبەر رێك بەمشێوەیەی خوارەوەیە "دەسەڵات، واتە ئەوجۆرە توانایەی کە لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدا، ئیرادەی خۆت تەنانەت لە بەرامبەر بەرگری دەرەکیشیدا پایەدار بکەیت".

٥٧ ـ ئەم نمونەیەم بەرێکەوت وەرگرتوە، چونکە لەم بارەیەوە گرنگ نیە ئاماژە بەم یا بەو نوسەر بدەین.. لەبەر ئەوەی بەدەگمەن لەم بوارەدا گوێبیستی دەنگێکی جیاواز دەبین، لەم روەشەوە ر. م. مەلیڤەر دەڵێت "دەسەڵاتی زۆرەملێ پێوەری دەوڵەتە، بەڵام ناوەرۆکی پێکناهێنێت.. راستە هیچ دەوڵەتێك دروست نابێت، ئەگەر هێز نەسەپێنێت، بەڵام ئەوەش راستە کە پەنابردن بۆ توندوتیژی دەوڵەت دروست ناکات (کتێبی "دەوڵەتی مۆدێرن"، لەندەن، ١٩٢٦، ل٢٢٢ – ٢٢٥). ئەو هەوڵو کۆششەی رۆسۆ ئەیدا بۆ ئەوەی لەم وێنا نەریتییە قورتاری بێت، گۆشەگیری دەسەڵمێنێت. ئەو لە هەوڵی پەیداکردنی فۆرمی حکومەتێکی بێدەسەڵاتدا، هیچ گوزارەیەکی لەوە باشتری دەستناکەوێت گوزارشت لە "فۆرمێك لە هاوبەشی بکات



کە تێیدا هەمو کەسێك لە رێگەی یەکگرتنی لەگەڵ ئەوانی دی، گوێرایەڵی لە خۆی دەکات".. لێرەدا جارێکی دی لەبەردەم فرمان‌و گوێرایەڵیدا خۆمان دەبینینەوە.

٥٨ ـ "چەمکی دەوڵەت، دەروازەی تێورەی سیاسییە" یەکەمجار ساڵی ١٩٦٢ لە ئیتالیا بلاوبویەوە، بەڵام چاپە ئینگلیزییەکەی وەرگێران نیە، بەڵکو خودی نوسەر نوسیویەتی‌و بەدوا چاپ دادەنرێت. ئەم چاپە ساڵی ١٩٦٧ لە ئۆکسفۆرد بلاوبویەوە. بڕوانە لاپەرەکانی ٦٤و ٧٠و ١٠٥.

٥٩ ـ هەمان سەرچاوە، ل١٢٩.

٦٠ ـ روانین دەربارەی حکومەتی نوێنەرایەتی" (١٨٦١) کتێبخانەی "لیبرال ئارتز" ل٥٩و ٦٥.

٦١ ـ جۆن م. دالاس "چارەنوس هەلاویردێتی: وەلا لەلای ئەندرۆ مافلّ" کامبریدج، ١٩٦٨، ل٨٨ – ٨٩. سەبارەت بەم سەرچاوەیە خۆم بەقەرزارباری گریگۆری دیجاردین دەزانم.

٦٢ ـ بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١١.

٦٣ ـ سەرچاوەی پێشو، ل٩٨.

٦٤ ـ "فیدرالیست" ژمارە ٤٩.

٦٥ ـ سەرچاوەی پێشو، ل٧، هەروەها بڕوانە ل١٧١، کە تێیدا نوسەر لە میانەی گفتوگۆیەکدا دەربارەی مانای وشەی "نەتەوە"و "نەتەوایەتی" بەراستی پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی "تەنها رێنمای شایستەو گونجاو کە لەم دارستانی مانایانەدا کۆمەکمان دەکات، زانایانی زمان‌و مێژووناسانن..."، هەروەها بۆ جیاکاری نێوان دەسەڵات‌و هەیبەتیش پەنا بۆ چەمکی سیسرۆن دەبات "دەسەڵات لە میلەتەوەیە... هەیبەت لە ئەنجومەنی پیران".

٦٦ ـ لێرەدا شتێکی وەك حکومەتی بەهەیبەت هەیە، بەلام بەدڵنیاییەوە لە حکومەتی ستەمگەری یا دیکتاتۆری یا تۆتالیتاری ناچێت. بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی پێشینەی مێژوویی‌و مانای سیاسییەکانی ئەم چەمکە بڕوانە "هەیبەت

چییە ؟" لەنێوان رابردوو ئایندەدا. پراکتیك لە فیکری سیاسیدا" نیویۆرك، ١٩٦٨. هەروەها بڕوانە بەشی یەکەم لە کتێبی کارڵ – هاینز لۆبیکی Austoritas bei Augustin، شتوتگارت، ١٩٦٨، کتێبێکە بیلیۆگرافیای زۆر گرنگ لە خۆی دەگرێت.

٦٧ ـ وێڵن‌و شار (سەرچاوەی پێشو) لەسەر هەقبون کاتێك دەیانوت " بێڕێزی خوێندکاران بۆ دەسەڵاتی زانکۆکان‌و ئیدارەی کۆڵێجەکان بوە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی سیستمانە کارەکانیان رانەپەڕێنن"، هەر دووکیان لەمەشدا ئەوە هەڵدەگۆزن "کاتێك هەیبەت لەدەست دەچێت، دەسەڵات خۆی سەردەردەهێنێت". ئەمەش راستە، بەڵام نەك بەمەبەستی مانای گوزارەکە. ئەوەی سەرەتا چوە نێو زانکۆی بێرکلییەوە دەسەڵاتی خوێندکاران بو، ئەوەش شتێکی روون‌و ئاشکرایە کە خوێندکاران لە هەر زانکۆیەدا بەهۆی زۆری ژمارەیانەوە گەورەترین دەسەڵات پێکدەهێنن. دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە لەنێوبەرن پەنایان بۆ توندوتیژی بردو بەدیاریکراویش لەبەر ئەوەی زانکۆ لە جەوهەریدا دەزگایەکە لەسەر پرەنسیپی هەیبەت دامەزراوەو سەرئەنجام پێویستی بە رێز هەیە، بۆیە ئیدارەی زانکۆ بەزەحمەت دەتوانێت بێ شێوازی توندوتیژانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە تازەیەدا بکات. زانکۆکانی ئەم سەردەمە پەنا بۆ پۆلیس دەبەن بۆ ئەوەی بیانپارێزێت، رێك وەکئەوەی کنیسەی کاسولیك پێش ئەوەی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە کنیسە ناچاری بکات بەتەنها پشت بەهەیبەت ببەستێت، هانای بۆ زەبر دەبرد. رەنگە کارێکی زۆر سەیر بێت تێبینی ئەوە بکەین چۆن مەترسیترین قەیران کە کنیسە، وەك دەزگایەك لە مێژوویدا روبەروی بۆتەوە، هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ مەترسیترین قەیران کە مێژووی زانکۆ بەخۆیەوە بینیبێتی.. وەك تاکە دەزگایەکی عەلمانی کە تا ئێستا لەسەر بنەمای هەیبەت دامەزرابێت. دەکرێ ئەمجۆرە کارە بدرێتە پاڵ "تەقینەوەی شینەیی کە چەمکی گوێرایەڵی تێپەراندوەو وەك کارێکی هەتاهەتایی تەماشای جێگیربوونی دەکرا" هەروەکو هانریش بۆڵ لە لێکۆڵینەوەکەی



دەربارەی قەیرانی کنیسەکان سەرنجی داوە، بگەڕێرەوە بۆ وەڵامەکەی لەسەر ساخارۆف، زیوریخ، ١٩٦٩.

٦٨ ـ بڕوانە "نیویۆرك تایمز" ١/٤ / ١٩٦٩، ل١و ٢٩.

٦٩ ـ بەمشێوەیە فرانتس بۆرکناو، لەکاتی تێڕوانینیدا دەربارەی شکستی شۆڕشی ئیسپانیا پێمان دەڵێت "لەم ناکۆکییە ترسناکەی نێوان ئەم شۆڕشەو شۆڕشەکانی پێشتر ئەم واقیعە رەنگدەداتەوە، بەوەی بەر لەم ساڵانەی دواییەدا دژە شۆڕش بەزۆری پشتی بە پاڵپشتی دەسەڵاتە کۆنەپارێزەکان دەبەست کە لە رووی تەکنیکی‌و فیکرییەوە لە هێزی شۆڕش لاوازتر بون. بەڵام ئەم کارە لەگەڵ هاتنی فاشییەتدا گۆڕانکاری بەسەردا هات. ئەمرۆ هەر شۆڕشێك بەناچاری روبەروی ئامێرێکی مۆدێرنترو کاریگەرترو دڵرەقتر دەبێتەوە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئیدی ئەو سەردەمە بەسەرچو تێیدا شۆڕش ئازادانە پێڕەوی لە یاسا تایبەتییەکانی خۆی بکات". ئەم وتەیە بەر لە سی ساڵ لە ئێستا نوسراوە (کوورەی ئیسپانیا، لەندەن، ١٩٣٧)، ئان ئاربۆر، ١٩٦٣، ل٢٨٨ – ٢٨٩. ئەمرۆ نعوم چۆمسکی پاڵپشتی لەم وتانە دەکات (سەرچاوەی پێشو) و لەو بڕوایەدایە کە دەستێوەردانی ئەمەریکاو فەرەنسا لە شەڕی ناوخۆی ڤێتنامدا راستگۆیی پێشبینییەکانی بۆرکاو پشتڕاستدەکاتەوە "لەگەڵ ئەوەی ئیمپریالیزمی لیبراڵی جێگەی فاشیزم دەگرێتەوە". بەڵام من پێموایە لەم بارەیەوە ئەم نمونەیە بەتەواوەتی جەخت لەسەر دیوێکی دی مەسەلەکە دەکاتەوە.

٧٠ ـ ریمۆن ئارون "شۆڕشێکی بزر"، ١٩٦٨، ل٤١.

٧١ ـ ستیڤن سپیندەر (سەرچاوەی پێشو، ل٥٦) بەمجۆرە نارەزایی خۆی دەردەبڕێت: "ئەوەی پێش بارودۆخی شۆڕشگێرانە دەبینرێت، بارودۆخێکی ناشۆڕشگێرانیە". رەنگە "بەزەحمەت فیکر لە شۆڕش بکرێتەوە... کاتێك هەمو بەشداربوانی میزاجێکی زۆر خۆش‌و رونیان هەیە". بەڵام ئەم شتە بەزۆری لە سەرەتای شۆڕشەکان، واتە لە قۆناغی جۆش‌وخرۆش‌و برایەتیدا، رودەدا.

٧٢ ـ بڕوانە پاشكۆی ژمارە ١٢.

٧٣ ـ لە یۆنانی كۆندا بەمجۆرە ڕێكخستنەی دەسەڵاتیان دەوت پۆلیس (polis – دەوڵەتشار) كە یەكەم فەزیلەتی ئەم ڕێكخستنە، هەروەكو زەینۆفۆن دەڵێت ڕێگەی "بەهاوڵاتیان دەدا وەك پاسەوانی یەكتری لە دژی كۆیلەو تاوانباران ڕەفتار بكەن، بەجۆرێك كە هیچ هاوڵاتییەك ڕووبەڕووی مردنێكی توندوتیژ نەبێتەوە" هیرۆن، بەشی چوارەم، ل٣.

٧٤ ـ "ئایا دەتوانین دەسەڵاتی سەرۆك دیاریبكەین؟"، نیو ڕیپابلیك، ٦/ ٤/ ١٩٦٨.

٧٥ ـ بڕوانە پاشكۆی ١٣.

٧٦ ـ بڕوانە پاشكۆی ١٤.

٧٧ ـ نیكۆلاس تینبرگن "دەربارەی جەنگو ئاشتی لە گیانەوەرو مرۆڤدا"، گۆڤاری "ساینس" ژمارە ١٦٠، ل١١و١٤ (٢٨/ ٦/ ١٩٦٨).

٧٨ ـ بگەڕێرەوە بۆ كتێبی "دەربارەی گیانەوەر وەك بونەوەرێكی كۆمەڵایەتی"، زیوریخ، ١٩٥٣، ل٢٣٧ – ٢٣٨.

٧٩ ـ بگەڕێرەوە بۆ كتێبی ئەریك ڤۆن هۆڵست "دەربارەی جیاوازی سایكۆلۆجی نێوان ئاژەڵو مرۆڤ" بەرگی یەكەم، میونیخ، ١٩٦٩، ل٢٣٩.

٨٠ ـ بۆ ئەوەی لە بەرامبەر عەبەسییەتی ئەم هەڵگۆزینە وەڵامێك هەبێت، جیاوازی دانرا لە نێوان غەریزەی سەرەتایی، ڕەمەكی، وەك شەڕەنگێزیو نێوان لادانە پەرچەكردارییەكانی وەك برسێتی. بەڵام جیاوازیكردن لە نێوان ڕەمەكیو پەرچەكرداریی لە میانەی ئاخاوتن لەسەر ئەنگێزە ناوەكییەكاندا هیچ مانایەكی نابێت. لە جیهانی سروشتدا ڕەمەكی بەمانای دروستی وشە، بوونی نیە، بەڵام غەریزەو لادانەكان لەسەر شێوازێكی زۆر ئاڵۆز دەردەكەون كە لە ڕێگەی گشت ئۆرگانە زیندووەكان، بە مرۆڤو پرۆسەكانیشییەوە، خوو بەم جیهانەوە دەگرن.

٨١ ـ مۆركی گریمانەیی كە لە كتێبی كۆنراد لۆرەنز "دەربارەی شەڕەنگێزی"



دەردەكەوێت (نیویۆرك، ١٩٦٦) لە كۆمەڵێك وتاری گرنگ دەربارەی شەڕەنگێزیو خووگرتن ڕوون دەبێتەوە، كە لە لایەن ئەلكیساندەر میچەرلیخ بڵاوكرایەوە، میونیخ، ١٩٦٨.

٨٢ ـ بڕوانە ڤۆن هۆڵست، هەمان سەرچاوەی پێشو، ل٢٨٣.

٨٣ ـ لە ڕوانگەی زانا جەنگناسەكانەوە، چەكە دوور مەوداكان، بەرادەیەك مرۆڤی لە غەریزە شەڕەنگێزەكان ڕزگاركردوە كە چیدی كۆنترۆڵكردن بۆ پاراستنی ڕەگەزی مرۆیی بێسود دەبێت (بڕوانە كتێبی تینبرگن، سەرچاوەی پێشو)، بەڵام ئۆتۆ كلاینبرگ لە كتێبی كاڵدەرو لە بەشی "ترسی سایكۆلۆجیستەكان"، هەمان سەرچاوەی پێشو، پێیوایە ئەو چەكانە نیشانەی ئەوەیە كە "ئەم شەڕەنگیزە شەخسیانە هیچ ڕۆڵێكی گرنگ وەك پاساو بۆ هیچ جەنگێك وازیناكەن". لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە مرۆڤ بتوانێت ئەو بەڵگانە بەجۆرێك بەردەوامی پێبدات تا بڵێت سەربازەكان پیاوكوژ نین، بەڵام ئەو بكوژانەی "پاڵنەری شەڕەنگیزی شەخسیان" هەیە، هەرگیز سەربازی باشیان لێدەرناچێت.

٨٤ ـ لێرەدا فرەڕەنگی بەم گوزارەیەی نعومم چۆمسكی دەبەخشم (سەرچاوەی پێشو، ل٣٧١) كە لە گوزارشتەكەیدا دەربارەی "ڕووكاری فیكری بڕیار وەرگرتنو زانستی ساختە"و "بۆشایی" فیكری ئەودیو شتەكان بەراشكاوی دەردەكەوێت، بەتایبەتی لەو مشتومڕانەدا كە دەربارەی جەنگی ڤێتنام ئەنجام دەدرێ.

٨٥ ـ لەكاتی خوێندنەوەی پەخشنامەكانی كۆمەڵەی "خوێندكاران لە پێناوی كۆمەڵگەی دیموكراسیدا، مرۆڤ ئەو هەستەی لەلا پەیدا دەبێت كە زۆرجار ئەو پەخشنامانە ئامۆژگاریمان دەكەن وەك ستراتیجییەك كردەوەی ورووژاندن لەدژی هێزەكانی پۆلیس ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی دەمامك لەسەر توندوتیژی دەسەڵات داماڵین". ئیسپێندەر (سەرچاوەی پێشو، ل٩٢) باس لەوە دەكات كە ئەمجۆرە توندوتیژییە بەرەو "وتەیەكی دووپاڵو دەڕوات كە تێیدا ورووژێنەر لە هەر دوو حاڵەتەكەدا ڕۆڵی هێرشبەرو قوربانی وازیدەكات". جەنگ كردن لەدژی دووروویی،

لــە دوتوێدا مەترســی گەورە هەڵدەگرێت کە پێشــتر لێکۆڵینەوەم لەســەر هێندێك لایەنی کردوە لە کتێبی "دەربارەی شــۆڕش"، هانا ئارێنت، نیویۆرك، ١٩٦٣، ل٩١ – ١٠١.

٨٦ ـ بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٥، ل١٩٥.

٨٧ ـ فانون، سەرچاوەی پێشو، ل٤٧.

٨٨ ـ ج. گلێن گرای، "جەنگاوەران" (نیویۆرك، ١٩٥٩) باشــترین کتێبی فێرکارییە دەربــارەی ئــەم بابەتــە. پێویســتە هەمو ئــەو کەســانەی گرنگی بە مەســەلەی پیادەکردنی توندوتیژی دەدەن ئەم کتێبە بخوێننەوە.

٨٩ ـ فانون، سەرچاوەی پێشو، ل٨٥و ٩٣.

٩٠ ـ ســۆرێل، ســەرچاوەی پێشــو، پاژی دوەم "دەربارەی توندوتیژیو داروخانی چینە نێوەنجییەکان".

٩١ ـ هەمان سەرچاوەی "پێشەکی، نامە بۆ دانیال هالیڤی" 1v.

٩٢ ـ هەمان سەرچاوە، پاژی حەوتەم “ئاکاری بەرهەمهێنەرەکان“، ١.

٩٣ ـ سەرچاوەی پێشو، پاژی چوارەم، “مانگرتنی پرۆلیتاریا“، ١١.

٩٤ ـ هەمــان ســەرچاوە، بەتایبەتی بگەڕێــرەوە بۆ پاژی پێنجەمو پاژی ســێیەم “بڕیارە پێشوەختەکانی دژ بە توندوتیژی“ ١١١.

٩٥ ـ هەمــان ســەرچاوە، پاشــکۆی دوەم “پاســاوی توندوتیــژی“ (یــا بەرگری لە توندوتیژی).

٩٦ ـ بــەم دواییــە باربەرا دیمنگ لــە بانگەوازیدا بۆ کــردەی ناتوندوتیژی پێداگری لەسەر ئەم بارە کردوە – لە دەقی “دەربارەی شۆڕشو هاوسەنگی“ لە “شۆڕشی: توندوتیــژو ناتوندوتیــژ“، لە گۆڤاری “لیبرەیشــن“ (شــوبات، ١٩٦٨) وەرگێڕاوەو دوبــارە چاپکراوەتەوە، دیمنگ دەربــارەی فانون دەنوســێت: “قەناعەتی تەواوم هەیە بەوەی دەتوانرێ لەبانگەوازی دژە توندوتیژیدا پشــت بەوتەکانی ببەسترێ.. هەر جارەی لەدوتوێی رســتەکانیدا چاوت بەوشەی توندوتیژی دەکەوێت، دەتوانی



لە جێگەیدا گوزارەی “کردەی رادیکاڵیو دور لە سازشــکردن“ دابنێیت. من دەڵێم، ئەگەر ژمارەیەکی کەم لەلاپەرەکانی ئاوارتە بکەین، دەتوانین ئەم گوزارەیە لەهەمو شــوێنێکیدا لــە جێگەی توندوتیــژی دابنێین. ئیدی ئەو کارەی جێگەی ســەرنجی ئــەو بوە، دەکرێ ببێت بــەکاری ناتوندوتیژی“. بە بۆچونــی من، تەنانەت لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە خاتوو دیمنگ هەوڵدەدا بەروونی جیاوازی لە نێوان دەســەڵاتو توندوتیــژی دابنێــتو دان بــەوەدا بنێت کــە “ئاژاوەگــێڕی ناتوندوتیــژ، بەمانای نوێکردنــەوەی کــردەوەی توندوتیژی دەگەیەنێتو پەیوەســتە بەوەی کە بتوانین تەنها بە هێزێکی جەســتەیی وەســفی بکەین“ (ل٦). مایەی سەرســوڕمانە کە ئەو لــە گرنگی ئــەو کارەی لەم هێــزی ئاژاوەگێڕییەوە بەرهەمدێت، ئــەو هێزەی تەنها لە رێگەی نەشــتەرگەرییەکی جەستەییەوە رادەگیرێت، کەمدەکاتەوەو دەنوسێت: “مافــە مرۆییەکانی لایەنــی بەرامبەر بەرێز دەژمێردرێت“ (٧). لە ئێســتادا تێبینی دەکەیــن ئەوەی بەرێزو موحتەرەمە، مافی نەیارەکانە لە ژیاندا، نەك مافی کەســانی دی. هەمان شتیش لەسەر ئەو کەسانە جێبەجێ دەبێت کە بانگەوازی “توندوتیژی دژی شتەکان“ وەك پێچەوانەی “توندوتیژی دژی کەسەکان“ دەکەن.

٩٧ ـ لێرەدا ئەم دەستەواژەیە لە لێکۆڵینەوە فێرکارییەکەی س. أ. فینەر وەرگیراوە “پاریتۆو پلۆتۆدیموکراسی“، کشانەوە بۆ گالاباگۆس “گۆڤاری ئەمەریکی بۆ زانستە سیاسییەکان“، حوزەیران/ ١٩٦٨ .

٩٨ ـ “سەرنجەکان دەربارەی کۆمەڵگەی پۆست پیشەسازی“، زی پابلیك ئەنتریست، دانیاڵ بێڵ، ژمارە ٦، ١٩٦٧.

٩٩ ـ بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٦.

١٠٠ ـ جۆفینڵ، سەرچاوەی پێشو، ل١١٤و ١٢٣و لاپەرەکانی دوایی.

١٠١ ـ هەمان سەرچاوە، ل١٨٧و ١٨٨.

١٠٢ ـ فانون، سەرچاوەی پێشو، ل٩٥.

١٠٣ ـ رۆبەرت. م. فۆگلسۆن، “توندوتیژی وەك پاساو“ لە “راپەرینە مەدەنییەکان:

توندوتیژیو گۆڕانی کۆمەڵایەتی"، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی کۆڵۆمبیا، ١٩٦٨.

١٠٤ ـ هەمان سەرچاوە.

١٠٥ ـ هەمان سەرچاوە، هەروەها بڕوانە وتارێکی نایابی ئالن. أ. سیلڤەر، لە هەمان کتێبو ناونیشانەکەی: "راڤەکردنی رەسمی ئاژاوە رەگەزییەکان".

١٠٦ ـ بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٧.

١٠٧ ـ "بۆ نمونە لە کۆڵۆمبیا، دوو راپۆرت دەربارەی ژیانی خوێندکارانو دەربارەی کاروبـاری ناوخۆی کۆلێجەکان پێشـکەش کرابـون، کە تا پێـش روداوەکانی ئەم دواییە لەسـەر رەفەکەی نوسینگەی سـەرۆك تۆزو خۆڵی لێنیشتبو"، هەروەکو لە راپۆرتەکەی فرید هیشنگەر لە "نیویۆرك تایمز"دا دەردەکەوێت، ٤/ ٥/ ١٩٦٩.

١٠٨ ـ لە وتارێکی رودی دۆچکەدا وەرگیراوە، گۆڤاری دێر شبیگل (١٠/ ٢/ ١٩٦٩). گۆنتەر گراس لە ئاخاوتنێکیدا لەسەر هەمان بابەت، دوای هێرش کردنە سەر دۆچکە لە بەهاری ١٩٦٨دا، لەلای خۆیەوە بەمشـێوەیە پێداگری لەسـەر پەیوەندی نێوان ریفـۆرمو توندوتیـژی دەکات: "بزوتنەوەی نارەزایی گەنجان لەرزۆکیو نوقسـانی ناجێگیری دیموکراسی ئێمەی ئاشکرا کرد. ئەگەر چی ئەم بزوتنەوەیە لە گەیشتنی بەم ئامانجە سەرکەوتو بوە، وەلێ بەهیچ جۆرێك یەقینی ئەوە نیە کە ئەم سەرکەوتنە لە کوێدا تەواو دەبێت: ئایا ئەم سـەرکەوتنە بـەو ریفۆرمانەمان دەگەیەنێت کە لە دێـر زەمانەوە چاوەنواری دەکەین... یا لەگەڵ نایەقینە بێدەمامکەکاندا روبەروی دەبینەوە کە پێشتر پەیامبەرە درۆزنەکان بەکاریان دەهێنا، ئەوانەی بازاری گەرمو بانگەشەیەکی خۆرایی بۆ فەراهەم دەکردن؟"، بڕوانە "ئەو توندوتیژییەی خاتری بۆ گێردراوەتەوە"، "سپیك ئاوت"، نیویۆرك، ١٩٦٩.

١٠٩ ـ لێرەدا ناتوانین گفتوگۆ لەسـەر مەسـەلەیەکی دی هەیـە بکەین، ئەویش: تا چ ئاسـتێك سەرلەبەری سیسـتمی زانکۆ دەتوانێت ریفۆرم لە خۆیدا بکات. پێموایە وەڵامێکـی گشـتیمان دەسـت نەکەوێت. سـەرباری ئـەوەی دیـاردەی یاخیبونی



خوێنـدکاران دیاردەیەکـی گەردونیـە، ئـەوا بەدڵنیاییشـەوە خـودی سیسـتمی زانکۆکانیش بە هیچ شـێوەیەك تاك فۆرم نیەو نەك تەنها لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتیکی دی دەگۆڕێـت، بەڵکـو لە دەزگایەکەوە بـۆ دەزگایەکـی دی دەگۆڕێت. بۆیە هەر چارەسـەرێك بۆ ئەم کێشەیە، پێویسـتە لە هەلومەرجە ناوخۆییەکانەوە سەرچاوە بگـرێو لەگەڵیشـیدا بگونجێـت. هەروەکـو گۆڤاری ئیشـپیگل لە ژمـارەی ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٩دا لە لێکۆڵینەوەیەك لەسەر بارودۆخی ئەڵمانیا تێبینی ئەم ئەگـەرەی کردوە، لە هێندێك وڵاتدا قەیرانی زانکـۆکان دەتوانێت قەیرانی حکومی دروست بکات.

١١٠ ـ بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٨.

١١١ ـ پاریتۆ، لە لێکۆڵینەوەکەی فیبەرەوە وەرگیراوە.

١١٢ ـ بڕوانـە: گۆنتـەر گراسو پافیـڵ کۆهۆت "کورتـە لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی بەهاری پراگ"، هامبۆرگ، ١٩٦٨، ل٨٨و ٩٠، هەروەها بڕوانە ئەندریە سـاخارۆف، سەرچاوەی پێشو.

١١٣ ـ هێربـەرت. ج. گانـس "یاخیبونی گیتۆو ململانێی چینایەتی شـارەکان"، لە "شۆڕشی شارەکان"، سەرچاوەی پێشو.

١١٤ ـ بڕوانـە وتارێکـی گرنگی ئەسـتێل هێنـری کومانجەر هەفتەنامـەی زی نیو ریپابڵیك، ژمارە ٦، نیسانی ساڵی ١٩٦٨.

# پێڕست


| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| پێشەکی وەرگێڕ | ٣ |
| بەشی یەکەم | ١٥ |
| بەشی دوەم | ٥٩ |
| بەشی سێیەم | ٩٥ |
| پاشکۆکان | ١٤٣ |
| پەراوێز | ١٨٧ |